# کێشەی زمانی ستانداردی کوردی

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوان
بەریوەبەریتیی گشتیی رۆژنامەنووسیی و چاپ و بلاّوکردنەوە
بەرێوەبەرێتیی چاپ و بلاّوکردنەوەی سلێمانی




بەڕێوەبەرێتیی
چاپ و بڵاوکردنەوەی
سلێمانی

# کێشەی زمانی ستانداردی کوردی

**ریپۆرتاژ و دیالۆگ لەگەڵ رۆشنبیرانی کورد**

عەلی سدیق

**سلێمانی**

**٢٠١١**

## کێشەی زمانی ستانداردی کوردی


- ❖ نووسەر: عەلی سدیق
- ❖ بابەت: ریپۆرتاژ و دیالۆگ لەگەڵ رۆشنبیرانی کورد
- ❖ پیتچنی: نووسەر
- ❖ هەڵەچنی: کارزان عەبدوڵلا
- ❖ نەخشەسازیی بەرگ: ئەکرەم محەمەد ئەمین
- ❖ نەخشەسازیی ناوەوە: نەورۆز جەمال ئەمین
- ❖ سەرپەرشتیاری چاپ: کارزان عەبدوڵلا
- ❖ قەبارەی کتێب: A٤ ٢/١
- ❖ ژمارەی لاپەڕە: ٢٣٨لاپەڕە
- ❖ زنجیرەی گشتیی کتێب: ( ٧٨٩)
- ❖ تیراژ : (٥٠٠) دانە
- ❖ چاپ: چاپخانەی بینایی
- ❖ نرخ: (٢٠٠٠) دینار
- ❖ ژمارەی سپاردنی (١٨٦٩)ی ساڵی ٢٠١١ی وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوانی دراوەتێ.

**بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی**
**گردی ئەندازیاران- بەرامبەر کوردستانی نوێ**
**ژمارەی تەلەفۆن: ٣٣٠١٩٤٩**

## ناوەرۆك


پێشەکی..................................................................٩

گفتوگۆکان:

د. کوردستان موکریانی.................................١٥

کامیار سابیر:....................................................... ٣١

د.شەفیق قەزاز .....................................................٤٧

د.موحسین ئەحمەد عومەر.......................................٥٩

د. کەریم کەمار.........................................................٨٣

د. قەیس کاکل.........................................................٩٣

موحسین جوامێر......................................................١٠٩

د.یادگار رەسوڵ باڵەکی...........................................١٢٥

سەلام ناوخۆش........................................................ ١٣٩

عومەر یەکداش.........................................................١٥١

حەسەنی قازی ........................................................١٥٧

د. مارف خەزنەدار .................................................١٧٣





مێزگردێك لە شاری دهۆك.........................................١٧٩

د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ.........................................١٩٩

خوێندنەوەیەکی بەراوردکاریی.........................................٢٢٣

## پێشەکی

لە ناوەڕاستی ساڵی (٢٠٠٧) و لە سەروبەندی تەواوکردنی خوێندنی زانکۆمدا، لە بەشی کوردیی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین، بیرۆکەی ئەوەم لا دروست بوو کار لەسەر "زمانی یەکگرتوو"ی کوردیی بکەم. ئەویش دوای ئەوە هات کە دەمێك بوو هەستم بە میزاجییەت لە ڕێنووس و شێوازی نووسینی کتێب کرد، دەمبینی کە ڕۆژنامەکان زۆرجار بە پێی شوێنی جوگرافی و بە پێی ئارەزووی ڕۆژنامەنووسەکان و بەبێ ڕەچاوکردنی ڕێساکانی زمان و ڕێنووس و ڕێزمان، دەنووسن. نەبوونی پرۆگرامی خوێندن لای مامۆستاکانی کوردیی، هەم لە وانەی کوردۆلۆژیی بەگشتیی لە بەشەکانی زانکۆ و تایبەتتریش لە کۆی وانەکانی بەشی کوردیی و وانەکانی زانکۆکانی کوردستان، یەکێکی دیکە بوو لە هۆکارەکانی هاتنەکایەی ئەم پەرتووکە.

ئەو بیرۆکەیەم لای د.موحسین ئەحمەد عومەر، کە مامۆستای ئەدەبی بەراوردکاریی بوو لە بەشەکەی خۆم لە زانکۆ، باس کرد و ئەویش زۆر پێی باش بوو. د.موحسین پێی باش بوو کارکردنەکەم لە شێوازی



لێکۆڵینەوەیەك کە بەرنامەم بۆی دانابوو، بگۆڕم بۆ دیالۆگ لەگەڵ ڕۆشنبیران و پسپۆڕانی بواری زمان، بەو پێیەی زۆرترین بۆچوون لە پرۆژەکەدا جێی ببێتەوە و پەیامەکان جۆراوجۆر بن لەنێوان دیالێکتەکان و پسپۆڕەکان. لەوێوە بەرنامەی کارەکە دروست بوو و د.موحسین هاوکارێکی باشم بوو لە دیاریکردنی کەسەکان و دابەشکردنی بیرۆکەکان، لێرەدا بە پێویستی دەزانم سوپاسی بکەم، ئەوەبوو منیش یەکەم هەنگاوم بەرەو شاری دهۆك هەڵناو لە مێزگردێکدا لەگەڵ ژمارەیەك نووسەر و ڕۆشنبیری ئەو شارەدا، چەند تێبینیەکم لا دروست بوو، گرنگترینیان دوورکەوتنەوەی دوو دیالێکتە سەرەکییەکەی باشووری کوردستان بوو، کە نزیك بوونەوەیان لە یەکتر کەمێك سەختە، بەتایبەت دوای تەواوبوونی شۆڕشی چەکداریی و گەڕانەوەی خەڵکەکان بۆ ناوچەکانی خۆیان و دوورکەوتنەوەیان لە ناوچەکانی دیکە.

ئەو کات گەڕامەوە بۆ هەندێك سەرچاوە، ئەوەی بەلای منەوە گرنگ و جێگای هەڵوەستە لەسەرکردن بوو، کارەکانی مامۆستای خوالێخۆش بوو (مەسعود محەمەد) بوون، دەتوانم بڵێم تاکە کەسە لەو سەردەمەی خۆیدا بەو وردییەو بە شێوەیەکی وەستایانە خزمەتی بەو بوارە کردووە و زۆر هەستیارانە درکی بە مەترسییەکانی ئەم مەسەلەیە کردووە، بەڵام بە داخەوە کە کورد بەهاو قەدری ئەم کەڵە نووسەرەی نەزانیوە و نەتوانراوە درێژە بە ڕێڕەوەکەی بدرێت، بۆیە لەگەڵ کۆچی مامۆستا مەسعود

محەمەد، ئەو ڕێچکەیەش بزر بوو کە ئەو کاری لەسەر دەکرد. هەڵبەتە نابێت بۆچوونەکانی مامۆستای خولێخۆشبوو (هەژاری موکریانی)یمان لەیاد بچێت، کە لە پێشەکی (هەمبانە بۆرینە)دا درکاندوویەتی لەسەر مەسەلەی زمانی کوردیی، کە دەکرا زمانەوانان و شارەزایان لێکۆڵینەوەی زۆری لەسەر بکەن.

پێمانوایە هەبوونی کیانێکی سەربەخۆ بۆ نەتەوەی کورد چەندە گرنگە، هەبوونی زمانێکی یەکگرتوو گەلێك گرنگترە، چونکە گەرەنتی مانەوەی نەتەوە بە زیندوویی و یەکپارچەیی، زمانێکە کە هەموان پێی بنووسن و بئاخفن و راگەیاندنەکان بەو زمانە بدوێن و بنووسن. هەموومان بەشێك لە بەرپرسیارێتیمان دەکەوێتە سەرشان و بە قەدەر رادەی کاریگەریمان لەناو کۆمەڵگا بەرپرسیارین و پێویستە خەمی زمانەکەمان بخۆین، بەڵام دەزگاکانی راگەیاندن، چاپ و پەخش و پسپۆڕانی ئەو بوارە و زمانەوانان، بە رادەی یەکەم بەرپرسیارێتییان دەکەوێتە سەر شان.

ئەوەی من توانیم کارەکانی خۆمی تێدا چڕ بکەمەوە لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا، کە ئێستا لەبەر دەستی ئێوەیەدایە، وروژاندنی کۆمەڵێك پرسیار بوو بەڕووی زمانەوان و ڕۆشنبیران، لە هەندێك لەو پرسیارانە وەڵامم دەست کەوتووە و جاری واش هەیە وەڵامدەرەوەکان خۆیان لە قەرەی هەندێك پرسیار لاداوە و وەڵامەکەیان بە ئاقارێکی دیکەدا بردووە، کە



رەنگە سەرەتا منیش هەستم بەوە نەکردبێت، بەڵام بەو پێیەی کارەکەم لە بنەڕەتدا کاری رۆژنامەوانییە، هەموو ئەو دیالۆگانەش بە ناوی رۆژنامەی (ئاسۆ) سازدراوە و لەوێ بڵاوکراونەتەوە، هەموو وەڵامەکان پارێزراون و وەك خۆیان بێ زیاد و کەم لێرەدا جارێکی دیکە دەیبینن. جیا لەوانە ژمارەیەك نووسەر و رووناکبیر کە پێم باش بوو لەو پرۆژەیەدا جێگایان ببێتەوە، دیاربوو هەر یەکەو بەهۆی سەرقاڵبوون بە کارێکەوە، دەرفەتی ئەوەیان بۆ نەڕەخسا بیرو بۆچوونەکانیان لێرەدا بەشداریی پێ بکەن. ئەوەی من تێبینیم کرد لەماوەی کاری ئەم پرۆژەیەمدا، بێخەمییەك بوو لە لایەن دەسەڵاتی سیاسیی کوردییەوە لە ئاست مەسەلە کەلتووریی و رۆشنبیریی و فەرهەنگییەکانەوە، هەڵبەت ئەوەش سەرقاڵبوونێکی بێ بەرنامەییانەی لەرادەبەدەر بە سیاسەتە، بێ گوێدان بە مەترسییە گەورەکانی کە لە رێگەی فەرهەنگەوە بۆسەر نەتەوە دروست دەبێت. ئێستا ئەو مەترسییە زۆر بە روونیی لەسەر نەتەوەی کورد هەستی پێ دەکرێت و تا دێت دیالێکتەکان لێك دوور دەکەونەوەو دەزگاکانی چاپ و پەخش سەربەخۆییەك لە رێنووس و لەهجەکان بەکاردەهێنن و کەسیان بە شێوازی ئەوی دیکە رازیی نییە. میدیاکانیش زمان و رێنووسی تایبەت بە خۆیان پەیڕەو دەکەن و (ئەکادیمیای کورد)یش، وەك ئەوەی کاری ئەو نەبێت، کە ئەرکی سەرشانییەتی لە ئاست ئەم دیاردەیە بێدەنگ نەبێت و بە جورئەتەوە پەنجە بخاتە سەر کەموکوڕییەکان و بەرنامەی هەبێت بۆ

کــارکردن و چارەســەرکردنی ئــەو پاشــاگەردانییەی لــەو بــوارەدا هەیــە، هەروەها پلانی درێژخایەنی بۆ مەسەلەی زمــان هــەبێت، بــەڵام بەداخــەوە ئەوانیش رۆژ لە دوای رۆژ بێــدەنگتر دەبــن و هــیچ ئومێــدێکیش لەوانــەوە هەستی پێ ناکرێت جێگەی دڵخۆشیی بێت بۆ زمانەکە.

بڕوام وایە، ئەگەر دۆخەکە بەو شێوەیەی کــە ئێــستا هەیــە، بــەردەوام بێت، هەردوو سەنگەری کرمانجیی و سۆرانیی نەگەنە ئەو بــاوەڕەی دەبێــت دانوستان لەسەر ئەم مەسەلەیە بکەن، سەرەنجام کورد هــەم وەك نەتــەوە و هەم وەك زمان و شارستانییەت بەسەر دوولا دابەش دەبێت، هەریەکەشیان زمانەکەیان پڕ دەبێــت لــە کــەموکوڕیی. لــە رووی کۆمەڵایەتیــشەوە دوو نەتەوەی رقئەستوور بەرامبەر یەکتر دروست دەبێت، چــونکە ئێــستا بــاش هەست بەوە دەکرێت ئەو دوو سەنگەرەی بەشێك لە رۆشنبیرانی کــورد، رق لە زاکیرەی نەوەی نوێدا چێ دەکەن و فێری ناوچەپەرستییان دەکــەن، کــە ئەمەش خەمخۆری نییە، نە بۆ زمان و نە بۆ نەتەوە، بگرە لە لافلێــدانێکی رۆشــنبیرێکی نابــەرپرس هیــچی تــر نییــە. ئەگــەرنا هــەردوو دیالێکتــە سەرەکییەکە پڕن لە کەموکوڕیی رێنووس و رێزمانیی، کــە دەکرێــت لــەم قۆناغەدا زمانەوان و نووسەرانی هەردوولا گرنگی زیــاتر بــەو مەســەلەیە بدەن.

**عەلی سدیق**

# گفتوگۆی یەکەم

د. کوردستان موکریانی

## گفتوگۆی یەکەم

### د. کوردستان موکریانی:
**نەبوونی ئایین بە زمانی کوردیی، هۆکاری نەبوونی زمانی ستانداردە**

**د.کوردستان موکریانی، زمانەوان و ئەندامی پێشووی کۆڕی زانیاریی کورد، پێی وایە: "نەبوونی ئایینێك بە زمانی کوردیی، هۆکاری نەبوونی زمانێکی ستانداردی کوردییە، نەبوونی ڕەواجی زمانەکەشی بە هۆکاری تر زانی".**

**لە دیدارێکی تایبەتدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (ئاسۆ)، د.کوردستان وتی: "بەڵام ئێستا زەمینەیەك هەیە بۆ دروستکردنی زمانی ستانداردی کوردیی". هەروەك قسە لەسەر کۆڕی زانیاریی کورد و ئەکادیمیای ئێستا دەکات، بەوردیی باس لە کێشەی نەبوونی ستانداردیی زمان و گرفتی**



**دیالێکتی سۆرانیی و بادینیی و ڕێنووسی لاتینیی و ڕێنووسی عەرەبی دەکات.**

**لەمپەر و نەبوونی ڕەواج:**

**بەڕای ئێوە، هۆکاری دروست نەبوونی زمانی ستانداردی کوردیی چییە؟**

**د.کوردستان موکریانی: نەبوونی دەوڵەت کاریگەریی زۆری هەیە، هەروەك نەبوونی ئایینێك کە بە زمانی کوردیی بێت، ڕۆڵی هەیە، هەندێکجار ئایینێك کە بەدیالێکتێك نووسرابێت، ئەو دیالێکتە دەکاتە زمانی ڕەسمیی، یان نووسینی بەرهەمێکی زۆر شاکار بە دیالێکتێك لەو دیالێکتانە و پەیڕەوکردنی زمانی ئەو بەرهەمە شاکارە، دەبێتە هۆی پەیدابوون و سەرهەڵدانی زمانێکی ستاندارد، هەندێکجار لایەنی ئابووریش کاریگەریی هەیە، بۆ نموونە شارێك دەبێتە پێگەیەکی ئابووریی، ئەوەش کاریگەریی خۆی دەبێت بۆ پەیدابوونی زمانی ستاندارد. لەپێشدا کورد هیچکام لەمانەی نەبووە، بەڵام لە ئێستاوە ئەمانەمان هەن، دەسەڵاتێك و نیمچە سەربەستییەکمان هەیە، زەمینەی ئەوەمان هەیە کە زمانی ستانداردمان هەبێت بۆ خوێندن و نووسین، چونکە تۆ ئازادیت لە ماڵەوە چۆن قسەدەکەیت، پاشان تۆ پایتەختێکت هەیە کە ڕەنگە لە داهاتوودا زمانی ئەو شارە ببێت بە زمانی ستاندارد، چونکە تۆ**

لێرەوە نووسین بڵاودەکەیتەوە، واتا ئێستا ئەو هەلومەرجە پەیدابووە کە بتوانرێت کار بۆ دروستکردنی زمانی ستاندارد بکرێت.

**مێژوو:**

**ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو و چەند نموونەیەك بهێنینەوە، لە ئیتاڵیا ناوەندی پۆسکارت هەبوو، ئەوەی کە دانتی پێی دەنووسی ناوەندێك بوو بۆ نووسین، یان لەلای عەرەب زمانی قورئان بووە بە ستاندارد، لە زمانی کوردیدا لە سەردەمی نوێبوونەوە لەگەڵ میرنشینی بابان ئەم ناوەندە دروست بوو، بەڵام بۆ نەبوو بە زمانی ستاندارد، هۆکارەکە سیاسیی بوو یان بەهۆی نەبوونی نوخبەیەکی رۆشنبیری کوردییەوە بووە؟**

د.کوردستان موکریانی: لە راستیدا زمانی کوردیی رەواجی نەبووە، ئەگەر سەیری گۆڤارە کوردییەکان بکەین لە سەردەمی پێشتردا، هەموویان گلەییان لەوە هەبووە کە نووسەریان کەم بووە و رەواجی نەبووە، تەنها چەند کتێبێك بەو زمانە دەرچووە، واتە هەلومەرجی سیاسیی و کۆمەڵایەتی وای بۆ نەرەخساوە تا وەك زمانێکی ستاندارد سەرهەڵبدات.

**دەسەڵاتدارانی پێشتر بەرپرسیارن:**

**ئەو زمانە ئەدەبییەی ئەوکاتە، تا چەند لە ئێستادا کاری پێدەکرێت؟**



د.کوردستان موکریانی: ئەو زمانەی ئێستا درێژکراوەی ئەوەی پێشترە، مەبەستم دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستە، ئەگەر نەخشەی کوردستان وەرگری، دەبێت بڵێیت (کرمانجی ناوەڕاست)، هەرچەندە خۆی بە کرمانجی خواروو رۆیشتووە، جا کرمانجی ناوەڕاست پەرەی نەسەند، لەبەرئەوەی کە زمانی کوردیی بە قۆناغێکی ناجێگیردا تێدەپەڕی کە دەسەڵاتدارانی ئەوکاتە لێی بەرپرسیارن، ئەگەرنا لەپاش رێکەوتنی یازدەی مارسی ساڵی (١٩٧٠) هەولێکی باش درا بۆ دروستکردنی زمانی ستاندارد، کە ئەوکات دەیانگوت زمانێکی یەکگرتووی کوردیی لەنێو کتێبی قوتابخانەکاندا کە لەسەر شێوازی کرمانجی خواروو بوو، هەندێك وشەی کرمانجی ژووروو بەکاربهێنرێت، تاڕادەیەکیش سەریگرت، بەڵام ئەوەی کە ئەم کارەی پەکخست ئەوە بوو، کە خوێندن بە زمانی کوردیی راگیرا، ئەگینا ئێستا ئەو زمانە ستانداردەمان دەبوو.

**نەبوونی دەسەڵاتی سیاسیی:**

**ئەو زمانە ئەدەبییەی کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە رۆشنبیرانی کوردی تورکیا پێیان دەنووسی، بۆ بەردەوام نەبوو کە لەکاتی خۆیدا کاریگەریی باشی هەبوو؟**

د.کوردستان موکریانی: تا کۆتایی ساڵانی چلەکان بەردەوام بوو و هەندێك گۆڤار و کتێبیشی پێ نووسرا، ئەویش بەهۆی نەبوونی دەسەڵاتی

سیاسییەوە بوو کە نەیتوانی بەردەوام بێت. دواتر لە باکوور دەسەڵاتی تورکی نەیدەهێشت کەس بە کوردیی قسە بکات، جا چۆن دەهێڵێت بە کوردیی بنووسرێت، ئێستاش لە باکوور کە کتێبێکی کوردیی چاپ دەکرێت، هەزار دانەی لێ چاپ دەکەن، پێنجسەد دانەی دەنێرن بۆ ئەوروپا و ئەوەی کە دەمێنێتەوە بە چوار ساڵ دەفرۆشرێت. کەواتە تۆ دەبێت خوێنەر و قوتابیت هەبێت کە بەو زمانە بخوێنن، کە ئەوانەت نەبوو، ناتوانێت پەرەبسێنێت.

**عوسمانی:**

**ئەو بزووتنەوە سیاسیی و فیکرییەی لە ئەستەنبووڵەوە هات بۆ کوردستانی عێراق، بۆ نەیتوانی بەردەوام بێت؟**

د.کوردستان موکریانی: لەبەرئەوەی رۆشنبیرانی عوسمانی بڵاوبوونەوە و بە زمانی تورکی دەیاننووسی، رۆشنبیرانی ئێمە شارەزاییان لە دیالێکتی کرمانجی ژووروو هەبوو، لەبەر ئەو هۆیە بوو کە کرمانجی ژووروو پەرەی نەسەند و لە ناوچەی بادینانیدا بەردەوام نەبوو. ئەو کوردانەش کە گەڕانەوە، زۆر بایەخیان بە کرمانجی ناوەڕاست دەدا. مێجەرسۆن لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا چاپخانەیەکی لە سلێمانی دامەزراند، خەڵاتیان بەو کەسانە دەدا کە بە کوردییەکی پاراو بیاننووسیبایە. کەواتە تا ئەو رادەیە خەڵکێکی کەم بە کوردیی نووسیویانە. ئەوەی نووسیویەتی بە فارسی و تورکی، یان بە عەرەبی نووسیویەتی، بۆیە خەڵکیان هاندەدا بە



کوردیی بنووسن و لەوکاتەوە هەوڵدراوە کە زمانێك دروست بکرێت، تا دەستبدات بۆ راگەیاندن و گۆڤار و کتێب.

**تێکەڵە:**

**ماوەیەکە رێژەیەکی زۆر کتێب و رۆژنامە و بڵاوکراوە بە دیالێکتی سۆرانیی دەنووسرێت، ناکرێت ئەم دیالێکتە بکرێتە زمانی رەسمیی کوردیی؟**

د.کوردستان موکریانی: وەکو وتم لە ساڵانی حەفتادا لە قوتابخانەکانەوە دەست پێکرا. تێکستی کرمانجی ژوورووی تێدا هەبوو، وەکو رێزمانیش هی کرمانجی ژوورووشی تێدا هەبوو، بەڵام خوێندنی وانەکانی جوگرافیا و مێژوو و... هتد بە کرمانجی خواروو بوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك وشەی کرمانجی ژوورووی تێدابوو، بەڵام ئەوەی کە تۆ باسی دەکەیت، لە ئێستادا هەندێك سەختیی لەبەردەمدا هەیە، چونکە کرمانجی ژوورووش پەرەیسەندووە و بەرهەمیش هەیە کە بەو دیالێکتە نووسراون و لەو ساڵانەی دواییشدا زۆر هەوڵدرا لەو ناوچانەی کە بەو دیالێکتە قسە دەکەن، هەر بەو زمانەش بخوێنن.

کەواتە لایەنێکی تر پەیدابووە کە ململانێ لەگەڵ سۆرانیی دەکات. ئێستا تۆ بەرامبەر بە واقیعێکی دیکەیت، کەواتە دەبێت بە شێوازێکی تر مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

**کام ئەلف بێ؟**

**بەڵام کرمانجی ژووروو بۆخۆی لەناو خۆیدا کێشەی هەیە، بۆ نموونە کوردەکانی باکوور بە پیتی لاتینیی دەنووسن، لە کاتێکدا دهۆکییەکان بە پیتی عەرەبی دەنووسن. ئەگەر زمانزانان بیانەوێت کرمانجی ژووروو بکەن بە زمانی ڕەسمیی، چۆن ئەو ڕێنووسە یەکلایی دەبێتەوە؟**

د.کوردستان موکریانی: لە مەسەلەی (ئەلف و بێ)دا کێشەمان زۆرە، تەنیا ئەو ئەلف بێیە نییە کە لە باشوور و خۆرهەڵاتی کوردستاندا پێی دەنووسرێت. ئێمە ئەلف و بێی (لاتینیی) و (سلاڤی)شمان هەیە و سەردەمێك ئەلف بێی (ئەرمەنی)شمان هەبوو، بەڵام ئەوە نەما و لە پاش ساڵی نەوەدەوە سلاڤییەکەش ئەوەندە بەکارنایەت، ئەوانەش کە بەکاریان دەهێنا ئێستا بە ئەلف و بێی لاتینیی دەنووسن، کەواتە ئەگەر ئێمە دەمانەوێت زمانی ستانداردمان هەبێت، پێویستە ڕێنووسێکیشمان هەبێت. ئەگەر بمانەوێت بە ئەلف و بێی لاتینیی بنووسین، ئەی ئەو هەموو زەخیرە زۆرە چی لێدەکەیت؟! واتە ماوەیەکی زۆرت دەوێت تا بتوانیت ئەو هەموو زەخیرەیە بکەیتە لاتینیی و کەسانێکیش هەن کە نایانەوێت بیکەنە لاتینیی و بەرهەڵستی ئەو کارەش دەکەن، لەبەر ئەو گەنجینە زۆرە، هەروەها لەبەرئەوەی کە دەڵێن ئێمە ڕاهاتووین لەسەر ئەو شێوە نووسینە و ئێمەش لەگەڵ گەلانێکدا دەژین کە ئەو جۆرە ڕێنووسە بەکاردەهێنن. کەسانێکیش هەن کە لەگەڵ ئەلف و بێی لاتینیدان،



لەبەرئەوەی هەندێك کێشە هەیە، لە ئەلف و بێ عەرەبییەکەدایە، کە لە لاتینیدا چارەسەر دەکرێت. ڕەنگە هەمووی چارەسەر نەکرێت، بەڵام هەندێك باری ڕێزمانیی هەیە بەو ئەلف و بێیە چارەسەر کراوە، جگە لە چارەسەرکردنی دەنگەکان. لەلایەکی دیکەوە لەبەرئەوەی تەنها دەسەڵاتمان بەسەر ئەم بەشەی کوردستاندا هەیە و ناتوانین بڕیار بەسەر بەشەکانی دیکەی کوردستاندا بسەپێنین و پێیان بڵێین دەبێت ئێوە بەو جۆرە ڕێنووسە بنووسن، هەر بڕیارێك بدەین دەبێت سەرەتا بیر لێرە بکەینەوە. ئەگەر ئێمە لێرە ڕێنووس بکەین بە لاتینیی، ئەوسا لەگەڵ کوردەکانی باکوور و سوریادا یەکدەگرێت، بەڵام هێشتا کوردەکانی ئێران دەمێنن، کەواتە کێشەکە هەروەك خۆی دەمێنێتەوە.

زۆجار دەڵێم بریا بەدرخانییەکان نەیانگۆڕیبایە بە لاتینیی، لەوکاتەدا دوو قازانجمان دەکرد، یەکەم: هەموو کورد بە یەك ئەلف و بێ دەینووسی، دووەم: کوردی باکوور زیاتر جودادەبووەوە لە تورکیا، هەرچەندە وەك کەسێتی خۆم لەگەڵ ئەلف و بێی لاتینیدام، بەڵام ئەو کێشانەش هەیە.

**زمانی ستانداردمان نییە!**

**بەهۆی ئەوەی لە ئێستادا ژمارەیەکی ئێجگار زۆری دەزگاکانی ڕاگەیاندن چ بینراو، بیستراو، نووسراو، پەخش و نووسینیان بە دیالێکتی سۆرانییە، ئەمەش وایکردووە کە بادینییەکانیش باشتر لە سۆرانیی بگەن،**

**ئایا باشتر نییە ئەوانیش قەناعەت بەوە بکەن کە دیالێکتی سۆرانیی وەك زمانی ڕەسمیی بناسێنرێت و قبووڵی بکەن؟**

د.کوردستان موکریانی: ئەوەی کە گرنگە، هیچ زمانێك نییە لە دونیادا چەند دیالێکتێکی جیاوازی نەبێت، بەڵام ئەوەی کە جیاوازە لای ئێمە ئەوەیە، کە ئێمە زمانی ستانداردمان نییە. تا ماوەیەك بەر لە ئێستا باسی زمانێکی یەکگرتوو دەکرا، لە کۆڕی زانیاریی کوردستان هەوڵی زۆرمان دا بۆ ئەو کارە و چەند مامۆستایەکمان هێنا تا کتێبێك بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی دروست بکەن، کە هەردوو دیالێکتە سەرەکییەکە بگرێتەخۆی، بەداخەوە زمانێکی تری کوردیی دروست بوو کە بەڕاستی ئێمە پێویستمان بە زمانی کوردیی زیاتر نەبوو.

### پێی دەوترێت ئەکادیمیای کوردیی

**ئێستا لە ناوەندی سیاسیی و کەلتووریی سەرجەم پارچەکانی کوردستان جیاوازییەکی گەورە هەیە، پێتوانییە پێویستە ناوەندە ڕۆشنبیریی و سیاسییەکانی کوردستان جیاوازییەکانیان وەلانێن و کار بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە گرنگانە بکەن؟**

د.کوردستان موکریانی: بە بڕوای من دەبێت ڕۆڵیان پێ بدرێت، من لایەنە سیاسییەکە لەولاوە دادەنێم، دەبێت ئەم کارە بە زمانەوانەکان بدرێت و پێویستە زمانەوانەکان بێن دابنیشن و گفتوگۆی لەسەر بکەن تاوەکو بگەنە بیروڕایەکی بابەتیی و زانستیی، ئەوکاتە بدرێتە دەست



لایەنی دەسەڵات بۆ دەرکردنی فەرمان بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان، ئەمەش کاری کۆڕی زانیاریی کوردستانە کە ئێستا پێی دەوترێت ئەکادیمیای کوردیی. نابێت هەروا لێی بگەڕێین، چونکە ئێستا بەرەو ئەوە دەڕوات کە زمانی کوردیی ببێت بە دوو زمان، ئەگەر ئاوا بەردەوام بێت بەڕاستی هەلومەرجی ئەوەی بۆ پەیدابووە کە ببێتە دوو زمان، لەبەرئەوە ئەم کارە دەبێت زمانەوانان لە ئەکادیمیای کوردیی بیکەن. پێویستە کەسانێك بەم کارە هەستن کە زمانەوان بن و ئەزموونیان لەم کارەدا هەبێت بۆ دانانی زمانی ستاندارد.

### پەیوەندیی بە ستافەوە هەیە

**وەك دەزانرێت کاری کۆڕی زانیاریی و ئەکادیمیای زمان لە دونیادا کارکردنە لەناو زماندا، واتە دەبێت کار لە گەشە و ڕێکخستنی زماندا بکەن. ئەگەر وەك نموونە سەیری ئەکادیمیای فەڕەنسی بکەین، دەبینین کە تەنها کار لەناو زماندا دەکات، لە چۆنییەتی گەشەپێدان و پێشخستن و کار لەسەرکردنی، بەڵام ئەگەر سەیری کۆڕی زانیاریی کوردستان بکەین، دەبینین کە زیاتر کاری بۆ کەلتوور و شارستانیی کردووە، لە کاتێکدا کە کەلتوور و شارستانیی بەپلەی دووەم دێت لە کارەکانی کۆڕی زانیارییدا، هۆکاری ئەمە چییە؟**

د.کوردستان موکریانی: ئەوە بە پلەی یەکەم بۆ ستافی ئەکادیمیاکە دەگەڕێتەوە کە دەبێت زمانەوان بن. لە کاتێکدا تەنها دوو زمانەوانی تێدابوو، دوو زمانەوانیش ناتوانێت ئەوە بکات، هەتا ئەوەش کە لە بەغدا بوو، دیسان زمانەوانی کەم بوو. لەکاتێکدا کە زمانەوانت کەم بوو، ئیتر ئەوانی تر دێنە پێشەوە و پڕۆژەکانی خۆیان دەهێنن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا با باسی ئەو شەش ساڵەی خۆم بکەم لە کۆڕی زانیاریی کورددا، کە لەوێ بووم لە سەرەتای دامەزراندندابوو و لە زرووفێکی تایبەتدا، بەڵام ئێمە بەرنامەیەکی تۆکمەمان دانا بۆ ئەوەی زمانی کوردیی پێش بخەین و سێ لیژنەمان دانا وەکو زمان و رێزمان و فەرهەنگ.

لە لیژنەی فەرهەنگدا، بەرنامەیەك دانرا کە لە تەمەنی چوار ساڵییەوە کاربکەین بۆ ئەوەی زمانی کوردیی لای منداڵ شیرین بکەین، بۆ ئەمەش من هەستام هەندێك کتێبم لە زمانی هۆڵەندییەوە کرد بە کوردیی، دواتر فەرهەنگێکمان دانا بۆ تەمەنی نۆ ساڵیی، کە ناومان نا فەرهەنگی هەراشان. ئەگەر لەوێ تەماشا بکەیت، بۆت دەردەکەوێت کە ئەو دوو دیالێکتە لەوێدا رەنگیداوەتەوەو بۆ زمانی ستاندارد دەچین لەو فەرهەنگەدا. وەنەبێت بە تەنها کارم کردبێت، بەڵکو دوازدە کەس کارمان تێدا کرد، رۆژ هەبووە چواردە سەعات کارم تێدا کردووە و یەکەم فەرهەنگە کە بەتایبەت بۆ ئەو تەمەنە نووسرابێت و خەریکبووین کارمان لە فەرهەنگی تەمەنی دوازدە ساڵیدا دەکرد و زیاتر لە سەدا



حەفتایم تەواوکردبوو کە بڕیاردرا کۆڕی زانیاریی هەڵبوەشێنرێتەوە، بەداخەوە گیانی بەردەوامیمان تێدانییە.

من لەگەڵ ئەوەدانیم بوترێت هیچ بۆ فەرهەنگ نەکراوە، بەڵام فەرهەنگ کاتی دەوێت، بەتایبەتی ئەگەر بتەوێت بۆ تەمەنێکی دیاریکراوی بنووسیت و ئێمە لە ساڵی (٢٠٠٣ و ٢٠٠٥)دا دوو کۆنفرانسمان کرد هەر بۆ مەبەستی زمانی ستاندارد، تاوەکو بە پرۆگرامی خوێندنی زمان و رێزمانی کوردیدا بچینەوە، چونکە پەیوەندییەکی تەواو لەنێوان ئەو زاراوانەدا نییە کە لە ناوەندیی و کۆلێژدا دەخوێنرێن، تاوەکو پردێك پەیدا بکەین لە نێوانیادا و بەردەوامیش بووین لەگەڵیاندا، بەڵام بە نەمانی ستافی پێشوو، وابزانم ئەویش وەستاوە و کاری تێداناکرێت، واتە کات و پسپۆڕیی دەوێت و کەسێکی دەوێت کە خۆشەویستیی بۆ وشەی کوردیی هەبێت.

با بێینە سەر زاراوە، کاتێك ئێمە کۆنفرانسمان کرد، دیتمان کە باشترین شت یەکخستنی زاراوەیە، یا هەرنەبێت لەنێو کتێبەکانی خوێندندا و لەنێو راگەیاندندا زاراوەکان بکەینە یەك، بۆ ئەو مەبەستەش لە کۆڕی زانیاریی پەیوەندیمان بە کومەڵێك خەڵکەوە کرد کە لەولایەنەوە کاریان دەکرد و لیژنەی زاراوەکانی ئێمەش کارێکی زۆر پیرۆزیان کرد و کۆمەڵێك زاراوەیان دانا، کە ئەگەر تەماشای ئەو (٤٢) ژمارەیەی بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاریی بکەین، یەك کۆمەڵ کارمان کردووە: فەرهەنگی کۆمەڵناسیی، زاراوەی ئەدەبیی، زاراوەی راگەیاندن، زاراوەی

کاروباری مین و کشتوکاڵ و یاسایی دانران. ئەمە تەنها کۆڕی زانیاریی نەیدەکرد، بەڵکو ئەو کەسانەش کە خۆیان ئارەزووی ئەو کارەیان هەبوو، پەیوەندیمان پێوە دەکردن. ئێمە لیژنەی تایبەتمان هەبوو کە بەو کارانەدا دەچوونەوە و بۆمان چاپ دەکردن. ئەمە ڕێگەی کارکردنمان بوو بۆ بەرەو دروستکردنی زمانی ستاندارد.

**لە کارگێڕیی دانرابووم:**

**تێبینی دەکرێت کۆڕی زانیاریی کوردیی ئەوکات و چ ئەکادیمیای کوردیی ئێستا، کەسانێکی دیاریکراون و نایانەوێت خەڵکی تر بهێننە ناو ئەکادیمیای کورد تا بگەڕێن لە ناو گوندەکاندا بۆئەوەی زاراوەی لادێ و شارە جیاوازەکان کۆبکەنەوە؟**

د.کوردستان موکریانی: بەڵێ، ئەوە کارێکە لە کارەکانی دەبێت بیکات، بەڵام کە دێیتە سەر ستاف، لە هەموو دونیادا ستافی ئەکادیمیا دیاریکراوە، بەڵام بەداخەوە من لەوێ وەك ستافی کارگێڕیی کارم دەکرد، نەك وەك زمانەوانێك! ئەگەر لێگەڕابان وەك زمانەوانێك کارم بکردایە، دەمتوانی زۆر کار بکەم و ئێستا بەرهەمی زیاترم دەبوو، واتە ستافەکە لەوێ وەك فەرمانبەر کار دەکات، بەڵام ئێمە لیژنەی زاراوەمان هەبوو، لیژنەی ڕێزمان و فەرهەنگ هەبوو، دەتوانم بڵێم دە دوازدە کەسی دیکە لە دەرەوەی کۆڕی زانیاریی کاری دەکرد، ڕەنگە لە ئێوەوە زۆر دیار نەبووبن.



**کاری بۆ دەکەن:**

**هەست ناکەیت کە دەسەڵاتی کوردیی خەم لەوە ناخوات کە زمانی ستاندارد دابنێت و بەهەندی وەرنەگرتووە؟**

د.کوردستان موکریانی: نا بەهەندیان وەرگرتووە و ئێستاش خەریکن بۆ ئەوەی بتوانن ئەم کێشەیە چارە بکەن. من وای دەبینم ئەوەش وا ناگەیەنێت کە کۆڕی زانیاریی هەڵوەشایەوە، واتە گوێی نادەنێ، نەخێر، گوێیان داوەتی و کاریشی بۆ دەکەن.

# گفتوگۆی دووەم

**کامیار سابیر**

## گفتوگۆی دووەم

### کامیار سابیر:

**ئەگەر ئەم تەشقەڵەیە چارەسەر نەکرێت، لە داهاتوودا دوو نەتەوەی جیاواز لە کورد دەردەچێت، کە خاوەنی دوو زمانی جیاواز دەبن.**

**کامیار سابیر، پسپۆڕ و شارەزا لە بواری زمانی کوردیی و نووسەرێکی وردی بواری زمانی ستانداردی کوردیی، لەم دیمانەیەدا لەبارەی زمانی ستانداردەوە ئاماژە بەوە دەکات: مەترسییەکی گەورە هەیە بۆ دوو لەتبوونی نەتەوەی کورد، کە سەرەتای دوولەتبوونەکە لەڕێگەی زمانەکەیەوە دەکرێت، ئەمەی خوارەوە دەقی دیمانەکەیە:**

**بۆ ئەوەی زمانی ستاندارد لە ناو میللەتێکی وەکو کورددا دروست ببێت، چی بکرێت باشە و هەموو نەتەوەکە بڕوای پێ بێنێت؟**



کامیار سابیر: زمانی ستاندارد، کۆمەڵێك هۆکاری کەلتووریی و سیاسیی لەپشتەوەیە، دەکرێت هۆکاری ئایینیش لەپشت ئەم ستانداردایبوونەوە رۆڵی خۆی ببینێت، بەڵام ئەمە لە رابردوودا روویداوە، تازە ئایین ئەو رۆڵەی نەماوە کە قورسایی خۆی بەسەر زماندا بسەپێنێت. وەك هۆکارە کەلتووریی و سیاسییەکانیش، لە سەروبەندی پەیدابوونی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستییەوە، بەتایبەت لە ئەوروپاوە، زمانی ستاندارد چەمکێکی سیاسیی و کەلتووریی وەرگرتووە.

ناسیۆنالیزمی کوردیی، ناسیۆنالیزمێکی سیڤیل و پێشکەوتووخواز نەبووە، رەگوڕیشەیەکی قووڵی لەناو خێڵ و هۆز و تیرەکانی کوردستاندا هەیە، تەنانەت کوردە سۆشیال دیموکرات و لیبراڵەکانیش دەرهاویشتەی ئەم سەرچاوەیەن. بۆیە ناسیۆنالیزمی کوردیی نەیتوانیوە زمانی کوردیی بکاتە یەکێك لە سیمبوولەکانی نەتەوەیی و بەرخۆدان، ئەوانەی پێیانوایە، ئەوە ناسیۆنالیزمی کوردییە کە زمانی کوردیی لە فەوتان و داخوران پاراستووە، بەهەڵەدا چوونە، بە پێچەوانەوە، ئەوە نووسەران و شاعیران و زانایانی کۆن و نوێی کوردن کە زمانی کوردییان بەم ئاستە گەیاندووە.

جارێ ئەوە زۆر قەپێکی گەورەیە، باس لە تەواوی نەتەوەی کورد بکەین، من یەکێکم لەوانەی هەرگیز بڕوام بەوە نییە، کە نەتەوەی کورد ببێت بە خاوەنی یەك وڵات و یەك خاك و یەك دەوڵەت. ئەگەری زۆر هەیە، کوردستانی باشوور لە داهاتوویەکی نزیك یان دووردا، ببێتە دەوڵەتێکی

سەربەخۆی کوردیی، یان ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ بە ئایدێنتیتییەکی کوردستانییەوە، بەڵام هەرگیزاو هەرگیز هەموو نەتەوەی کورد لە یەك دەوڵەتدا یەك ناکەون تا بە یەك زمانی ستاندارد بنووسن و بئاخفن. ئەمە جگە لەوەی ئاستی هۆشیاریی تاکی کورد و کۆمیونیتیی کوردیی و هێزە سیاسییەکانی کورد لەو ئاستەدا نین، کە ئینتیمای دەڤەرو شارو ویلایەتەکەی خۆیان بخەنە لاوەو ئینتیمای کوردبوونەکەیان بخەنە سەروو هەموو وردەواڵەکانی ترەوە.

زۆر بە ناسۆرییەوە دەڵێم، زمانی کوردیی یەکگرتوو، زمانی ستانداردی کوردیی، لە هەنووکەدا بەتەنێ لە کوردستانی باشووردا دەکرێت دروست ببێت، لە راستیشدا دروست بووە، تەنێ ددانپێدانانی دامودەزگا فەرمیی و سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانی دەوێت، ئەوەی کە بۆچی ئەم ددانپێدانانە ناکرێت، ئەوە عەقڵییەتی سیاسیی و حیزبیی و ئایدیۆلۆژیی ئەو دەسەڵاتدارانەیە کە بوونەتە دەسەڵاتی سیاسیی لە کوردستاندا.

ئەگەر دەسەڵاتی سیاسیی (سەرۆکایەتیی هەرێم و پارلەمان و حکومەتی هەرێم) لە کوردستاندا، زمانی ستانداردی کوردیی لە کوردستانی باشووردا بکات بە زمانی فەرمیی تەواوی هەرێمی کوردستان، لە پاڵ ئەم زمانە ستانداردەشدا، ئەکادیمیایەکی سەربەخۆ و خاوەن ئیرادە هەبێت، کەسانی خاوەن ئەزموون و دڵسۆزی وەك مامۆستا



مەسعود محەمەدی تێدا بێت، نەك ئەکادیمیستی کۆنە بەعسیی... هتد، دەکرێت ئەو زمانە ستاندارده لەناو هەرێزی دیالێکتەکانی تردا بەهێزتر بکرێت و پانوپۆڕتر بکرێت.

بەڵام زۆر گرنگە بایەخ بە سەرجەم زاراوە و بنزاراوە کوردییەکان بدرێت، نەك دانەیەکیان نازی زیاتری لەسەر حیسابی ئەوانی تر بدرێتێ. لەناو منداڵدانی زمانی ستانداردو فەرمییەوە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، دەکرێت دیالێکتەکانی تریش شانبەشانی زمانی کوردیی (فەرمیی و ستاندارد) بخوێنرێن. لەم رێگەیەوە دەکرێت ئومێدێك هەبێت بۆ ئەوەی زمانی فەرمیی، ستاندارد، دەوڵەتیی و حکومیی لە هەرێمی کوردستاندا، ببێتە تاتەباز و بەردی بناغەی زمانی سەرجەم نەتەوەی کورد! بە لەبەرچاوگرتن و لەئامێزگرتنی سەرجەم دیالێکتەکان، بەڵام لەسەر یەك رەگوڕیشە رێسای گراماتیکیی، کە ئەویش ئەو زمانەیە کە لە کوردستانی عێراقدا رەگوڕیشەی داکوتاوە.

ئایا پێتان وا نییە لە دروستکردنی، یان هەڵبژاردنی زاراوەیەك بۆ بوون بە زمانی یەکگرتوو، کارێکە تەواو پەیوەندیی بە دەسەڵات و سیاسەتەوە هەیە، ئەگەر وایە لەم حاڵەتەدا سۆرانیی زیاتر ئەم شانسەی نییە؟

کامیار سابیر: پێش هەموو تشتێ، دەبێت جەخت لەسەر هەرێمێکی جوگرافیی و سیاسیی دیاریکراو بکەینەوە، کە هەرێمی کوردستانی

عێراقە، ئەم هەرێمە دیفاکتۆیە، چانسی ستانداردیی زمانی کوردیی لە ساڵی (١٩٩١)ەوە هەیە، چ بەهۆی ململانێی حیزبیی و بنەماڵەیی و شەڕی نێوخۆوە، چ بەهۆی نەبوونی ئیرادەیەکی سیاسییەوە ئەم پرسە بەپشتدا خراوە. دواتر زمانی یەکگرتووی کوردیی بەهیچ شێوەیەك بۆ سەرجەم نەتەوەی کورد لە هەنووکەدا دروست نابێت، ئەوانەی بەم ئیرادە بەرزەوە لە پرسی زمانی یەکگرتووی کوردیی دەڕوانن، لە جیهانێکی زۆر فانتەسیی و کۆلکە زێڕینەییدا دەژین، لە جیهانێکی ئەوەندە ئەفسووناوییدا دەژین، کە جۆگەلەی هەنگوین بە بەردەم کەپرو ساباتەکانیاندا تێدەپەڕێت. کوردستانی گەورە و نەتەوەی یەکدەستی کورد، لە هاوکێشە سیاسیی و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا نایخوات.

کەواتە، بمانەوێت و نەمانەوێت هەر دەبێت لەسەر هەرێمی کوردستانی عێراق پرۆژەی زمانی یەکگرتوو، یان ستاندارد باس بکەین، لای کەم لە هەنووکە و داهاتوویەکی نزیکدا. ئەم پرسەش لە بارودۆخی سیاسیی ئەم سەردەمەدا راستەخۆ پێوەندیی بە دەسەڵاتەوە هەیە. چونکە زمانی کوردیی لەباری کەلتوورییەوە تەواو خەملیوە، تەواو گەشەی کردووە، زمانی زۆرینەی بیریار و رووناکبیر و ئەکادیمیست و ناسراوترین و چاکترین نووسەر و توێژەرە کوردییەکانە، زمانی زۆرترین و بەپێزترین و بەنرخترین کتێبەکانی کتێبخانەی کوردییە، زمانی ئازادترین و سەربەخۆترین رۆژنامەو گۆڤارەکانی کوردستانە. لەباری کەلتوورییەوە بەتەواویی بووەتە



لینگوا فرانکای هەرێمی کوردستان (جگە لە دەڤەری بادینان)، کە دیارە جگە لەسەرسەختیی هەندێ ئایدیۆلۆژیست و ناوچەپەرست، ئەوانیش گرفتێکی ئەوتۆیان لەگەڵیدا نییە.

ئەوەی کە سۆرانیی ئەو چانسەی زیاترە لە زارەوەکانی تر، بەڵێ، ئەوە راستییەکی کەلتووریی و مێژوویی و سیاسیی و زمانەوانییشە، بەڵام ساتمەیەك بکەین و لە تێرمۆنۆلۆجی "سۆرانیی" وردبینەوە، ئەم تێرمە زۆر تێرمێکی چەوتە، زۆر حاقیدانە و داخلەدلانە و کۆنەپەرستانەیە، لە پزدانی دواکەوتووترین تێزی کوردایەتیی و خۆخۆریی و خۆکۆژییەوە بەربووەتەوە. دەکرێت بڵێین "سۆرانیی" لیمانی ئەو کۆرپەلە سەرگەردانەیە کە لە دوو گیانەوەری سەرگەردان و بێ ئایدێنتیتی پەیدا بووە، کە ناویان "دەڤەری سۆران" و "دەڤەری بادینان"ە. ئەو دوو دەڤەرەی کە حەزیاکانی دەسەڵات و پارە و کورسیی، حەزیاکانی باندگیریی و ناوچەگەریی، ئینتیمای دایەلێکتەکانیان خستبووە بان هەموو سەروەریی نیشتمانیی و نەتەوەییەکانەوە. تێرمی "سۆرانیی" لە باری زمانەوانییە، پڕ بەپێستی ئەو ناوچە جوگرافیاییانە نییە کە بە سۆرانیی ناسراون، بەڵکو لە بەریەککەوتنی دوو ناوچەی سۆران و بلە و بارزانەوە پەیدا بووە، یاخود بەرهەمی ئەمبەری زێ و ئەوبەری زێیە، بەڵام لە هەنووکەدا کە بەکاردەهێنرێت، بۆ مەبەستێکی شۆڤێنزمیی ناوچەیی و کەڵەگایی ناوچەیەك لە ئاست ناوچەکانی تردا بەکار دەهێنرێت. ئەوە بەرچاوتەنگیی

دایەلێکتییە کە لەبری زمانی کوردیی، زاراوەی سۆرانیی بەکاردەهێنن. دیارە زۆر کەسیش چ بە هەڵە و چ بە نائاگاییی بەکاریدەهێنن و خۆیشم یەکێکم لەوانەی رۆژگارێك بە هەردوو بارەکەدا (بە هەڵە و بە نائاگایی) بەسەرمدا تێپەڕیوە.

**کوردی باکوور هەردەم ئەوە دووپات دەکەنەوە و دەڵێن: زۆربەی کورد بە کرمانجیی قسە دەکەن، ئەمە تا رادەیەك راستە، بەڵام ئایا ئەم زۆربەیە کە بە درێژایی (٨٠) ساڵی رابردوو لە شارستانییەتی تواندنەوەدا ژیاوە و زمانی خۆی لەبیرکردووە پێی بنووسێت و بخوێنێت، چۆن دەکرێت ببێتە زمانی کوردانی باشوور و خۆرهەڵات کە نەکەوتوونەتە بەر سیاسەتی تواندنەوە؟**

کامیار سابیر: لەڕووی سیاسییەوە، من دیدێکی جیاوازم بۆ ئەم پرسیارە هەیە، کوردی باکوور، جگە لە حەز و خولیاو ئارەزوویەکی عاشقانە و کوردایەتییەکی کوێرانە، هیچ مەودایەکی سیاسیی و واقیعیی نییە. ئەمە بۆچوونی چیرۆکنووس و شاعیرەکانە کە ئەفسانە دەخوڵقێنن. کورد یەك ولاتی نییە تا بەسەر جەمسەرەکانی باکوور و باشوور، خۆرهەڵات و خۆرئاوادا دابەشی بکەین. کوردستان دابەشکراوە، مەگەر دنیا سەرلەنوێ تێکبچێتەوە و جارێکی تر کۆلۆنیالیستەکان بێبەزەیی نەبن و کوردستان دابەش نەکەنەوە و بە یەکگرتوویی بیهێڵنەوە. هەنووکە



کوردستانەکان بە (کوردستانی ئێران و عێراق و سوریاو تورکیا) ناسراون، دەکرێت بڵێین کوردستانی خۆرهەلات و باشوور و... تاد، بەڵام ناکرێت بڵێین کوردی باشوور، یان باکوور، ئەمە خۆهەڵخەڵەتاندن و دڵدانەوەی خۆمانە. کوردەکانی کوردستانی باکوور (کوردستانی تورکیا) لە رووی ژمارەوە زۆرترن (ئەوەمان لەبیر نەچێت هیچ ئامارێکی وردو زانستیی و باوەڕپێکراو نییە)، هەر بە دەڵێن و گوتیان هاتووە و هەمووشمان دەیڵێینەوە، کە کوردەکانی تورکیا زۆرترین رێژەی کوردن. من پێموایە، ئەگەر قسە لەسەر دوو دایەلێکتی سەرەکیی بکرێت، کە کرمانجی ناوەڕاست و کرمانجی ژوورروون، ئەوە لە ئاستی هەموو پارچەکانی کوردستاندا ئەگەر وەك یەکیش نەبن، جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە، بەڵام کەی زۆریی و بۆریی سەنگی مەحەك و زمانەوانییە. هەر شەرمە لەباری لینگویستیکییەوە پەنا بۆ ئەوە ببرێت، چونکە کرمانجەکان زۆرینەن، دەبێت دایەلێکتەکەیشیان بە بناغەی زمانی ستاندارد، یان یەکگرتووی کوردیی دابنرێت.

راستە بەهۆی سیاسەتی پاکتاوی کەلتوورییەوە، بەهۆی سەرکوت و خەفەکردنی رۆشنبیریی کوردییەوە لە کوردستانی تورکیا، ئەم دەرفەتەیان لەدەست داوە، بەپێچەوانەوە لە کوردستانی ئێران و عێراق، زمانی کوردیی گەشەیەکی ئەوتۆی کردووە، کە تازە کرمانجی ژووررو فریای ناکەوێت. ئەوەشمان لەبیر نەچێت، کورد لە کوردستانی عێراق، دووچاری

پاکتاوی نەژادیی و جینۆساید و ئیسنۆسایدیش بووە، بەڵام بەهۆی تۆکمەیی و بەهێزیی زمانی کوردیی و کەلتووری کوردیی و ئیرادەی سیاسیی کوردەوە (لە کوردستانی عێراقدا)، ئەم زمانبەستن و زمان قەدەغەکردنە بۆ حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق نەچووەتە سەر، بۆ حیزبی بەعس و جەبەرووتە لەڕادەبەدەرەکەیشی نەچووە سەر.

بەداخەوە، هەندێك لە ڕۆشنبیرانی ئەوسای بادینان، کە بەعسیی ملئەستوور بوون، زمانی عەرەبییان لە زمانی کوردیی (ئەوەی ئەوان زمانیان نەیدەهێنا پێی بڵێن کوردیی و سۆرانییان پێدەگوت)، بۆ ناوچەکانی بادینان پێ باشتر بوو. بۆیە بەعس بەئاسانیی توانیویەتی لە بادیناندا زمانی کوردیی قەدەغە بکات و زمانی عەرەبیی بسەپێنێت! کەچی هەنووکە زۆرێك لەو بەعسییانە لەگەڵ کۆمەڵێك گەنجی ناوچەپەرست و لەهجەپەرست یەکیانگرتووە و جارێکی تر زمانی کوردییان قەدەغە کردەوە لە قۆناغەکانی خوێندن و دامودەزگا حیزبیی و حکومییەکاندا و بنزاراوەی بادینانییان لە هەموو قودسییەتی نەتەوەیی و کەرامەتی نیشتمانیی کورد پێ فەرزترە و بە پشتی دەسەڵاتی سیاسیی کوردەوە ئەم دووبەرەکییەیان لە زماندا ڕەپ و ڕاست کردەوە.

زۆر بەدڵنیاییەوە دەیڵێم، ئەگەر ئەم تەشقەڵەیە چارەسەر نەکرێت و ئەگەر بڕیارە نەتەوەی کورد لەڕووی ئیتنیکییەوە یەك نەتەوە بێت، ئەوا لە داهاتوودا دوو نەتەوەی جیاوازیان لێدەدەردەچێت کە خاوەنی دوو زمانی



جیاواز دەبن، زمانی فارسیی و کوردیی چەند جیاوازییان هەیە، ئەوکاتەش زمانی کوردیی ( تێکەڵەیەك لە کرمانجی ناوەڕاست و کرمانجی خواروو) لەگەڵ زاراوەی کرمانجی سەروودا ئەوەندە جیاوازییان تێدەکەوێت، کە هەرگیزاو هەرگیز یەك زمانی ستانداردی یەکگرتوو دروست نابێت. تاوانباری سەرەکییش لەم نێوەندەدا، بە پلەی یەکەم دەسەڵاتی سیاسیی کورد بەگشتیی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتیی دێنە ئەژماردن.

هەندێك لە ئایدیۆلۆژیستە کرمانجییەکان دەڵێن، ناکرێت زمانمان بەسەردا بسەپێنرێت، جارێ پێش هەموو شتێك ئەگەر خۆیان بە کورد دەزانن و کوردبوونەکەیان لە بنزاراوە و دەڤەرەکەی خۆیان پێ گرنگترە، ئەمە گوناهێکی گەورەیە دەیکەن. هەر هیچ نەبێت ئەو زمانە کوردییە، زمانێکی بێگانە نییە، باشە بۆچی ملیان لەموو باریکترە بۆ ئەو هەموو کەڵەگاییەی زمانی عەرەبیی و تورکیی، کەچی بۆ زمانی نەتەوەکەی خۆیان ئەم هەموو فەرتەنەیەیان ناوەتەوە. ساغکردنەوەی زمانی فەرمیی و ستاندارد لەباری کەلتووریی و سیاسییەوە، زمانسەپاندن نییە، سیموولێزمی نەتەوەیی و ئایدێنتیتیی نیشتمانییە. ئایدێنتیتییەکی یەکگرتووی کەلتووریی و سیاسییە.

گومانی تێدا نییە، دایەلێکتی کرمانجیی بە هیچ شێوەیەك ناتوانێت ببێت بە زمانی ستانداردی کوردیی لە کوردستانی عێراق و ئێراندا، تاکە

ڕێگەی ڕاشناڵ و زانستیی و لینگویستیکیی ئەوەیە، زمانی کوردیی لەڕووی سیاسییەوە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بە فەرمیی ساغبکرێتەوە بۆ هەر چوار شارە سەرەکییەکەی هەرێمی کوردستان (هەرچەندە لە ئێستادا کەرکووك لەڕووی سیاسییەوە لە هەرێمدا نییە)، ئەو زمانە کوردییەش یەك فۆرم و یەك نۆرم و یەك ستایڵ و گراماتیکی هەبێت (بە کەڵکوەرگرتن و موتووربەکردنی بە هەموو دیالێکتەکانی تر)، دواتریش لە ئاستی کوردستانەکانی تردا، لە ئاستی هێزە سیاسیی و نێوەندە کەلتووریی و ئینستیتیوتە کوردییەکاندا، کار بۆ بەرفراوانترکردنی بکرێت و دایەلێکتەکان بەگشتیی و دیالێکتی کرمانجی ژووروی بەتایبەتیی، باشتر تێدا ئاوێتە بکرێت.

خاڵێك کە زۆر گرنگە و ڕۆحی تێکست و زمانە، مەسەلەی ڕێنووس و تیپە لاتینیی و ئارامییەکانە. زۆر سەختە بۆ کوردەکانی کوردستانی باکوور، فێری تیپی ئارامیی بن، بەڵام ئاسانترە بۆ کوردەکانی کوردستانی خۆرهەڵات و باشوور و تەنانەت بۆ کوردستانی سوریاش، فێری نووسینی لاتینیی بن، بەڵام ئەو ڕێنووسە لاتینییەی بۆ کوردیی بەکاردەهێنرێت، زۆر سەقەتیی تێدایە، هەندێك دەڵێن دەبێت بیراز بکرێت، هەندێك دەڵێن دەبێت سەرلەنوێ بە تیپە ئینگلیزییەکان بنووسرێتەوە، نەك بەو لاتینییە تورکییەی کە کاتی خۆی بە چاولێکەریی کەمالیزم هاتووەتە ئاراوە.



منیش پێم وایە، ئەو تیپە لاتینییانە زیاتر تاموبۆی زمانی تورکییان هەڵگرتووە، هیچ حیکمەتێکی تێدا نییە لەسەری بەردەوام بین.

لە هەمووی گرنگتر، هیچ هێزێك ناتوانێت کۆمەڵێك دەنگی ڕەسەنی وەك (ع ، ح ، ق ، خ... تاد) لە زمانی ڕەسەنی کوردیدا بسڕێتەوە، ئەگەر دوای هەڵڵای لاتینییەکەی جەلادەت بەدرخان کەوین، ئەوە حاڵی زمانی کوردیی لە تورکیا چۆنە، حاڵی زمانی کوردیی شوێنەکانی تر خراپتریش دەبێت. کەواتە ئەگەریش تیپی لاتینیی لە داهاتوودا کرا بە ڕێنووسی کوردیی، ئەوا دەبێت ئەوەی بەدرخان بەلاوە بنرێت. هەرچەندە من بڕوام وایە، ئەو تیپە ئارامییە کۆنانە، کە عەرەب و فارس و زۆر نەتەوەی تریش بەکاریدەهێنن، هیچ کێماسییەکی نییە و لەگەڵ بیری کوردیی و تێکستی کوردیدا تەواو ئاوێزان بووە. ئەگەریش هەر دەکرێت!، لێرەدا پێویستە بۆ داهاتوو بیر لە لێکگەیشتن و دانوساندن و گفتوگۆی هێمنانە بکرێتەوە، لەسەر یەك زمانی ستانداردی کوردیی بۆ سەرجەم نەتەوەی کورد هاودەنگییەك هەبێت، ئەویش ئەوەیە، کە زۆرینەی کوردەکانی تەواوی پارچەکانی کوردستان پێشوازیی لە ڕێنووسی لاتینیی بیرازکراو و دەستکارییکراو بکەن (هاوکات نووسینی ئارامییەکەش کە ڕۆحی تێکستی کوردیی و یادەوەریی کوردییە بە سروشتیی درێژەی هەبێت)، لە بەرامبەریشدا کوردە کرمانجییەکان، ددان بە زمانی ستانداردی کوردیدا

بنێن كە هەنووكە هەموومان پێی دەنووسین (بە هەر كەموكوڕییەكیشەوە بێت).

وێڕای ئەوەی كرمانجییەكانیش، پێویستە مامەڵەیەكی ژیرانە و نەتەوەییانە بكەن لەگەڵ پەژراندنی زمانی باڵای كوردیی. زمانی پرێستیژی كوردیی لە كوردستانی عێراق و ئێراندا و بە هی خۆیانی بزانن و بە زاراوەكەی خۆیان رووماڵی بكەن و گەشەی پێبدەن و پایەدارتری بكەن. هاوكات، زاراوەی كرمانجیی دەبێت مامەڵەیەكی نەرم و نیانتر و دیدێكی كراوەتری هەبێت لە ئاست ئەوەی بە زازاییەكان ناسراون، ستەم و جەورێكی خۆبەزلزانیی ئەوەندە زۆر، لە بواری زمانەوانیی و كەلتوورییەوە لەسەر زازاییەكان هەیە، كە هەندێكیان گومانیان لە كوردبوونی خۆیان دروستكردووە. زۆر گرنگە زمانی كوردیی لە ئاستێكی بەریندا پەلوپۆ بهاوێژێت، تەنێ خۆی بە هەردوو كرمانجی ناوەڕاست و ژووروووەوە قەتیس نەكات. دەبێت تەواوی زاراوە و بنزاراوەكان، لە سەروو هەمووشیانەوە زازایی و هەورامیی و لوڕییەكان، هەروەها تەواوی بنزاراوە بچووكەكانی تر لەبەرچاو بگیرێن و لە بۆتەی یەك زمانی نیشتمانییدا (لە هەنووكەدا بۆ هەرێمی كوردستان) گەشەیان پێ بدرێت. گرنگترین هەنگاویش، پێویستە خوێندن و پەروەردە بە یەك زمان و یەك گراماتیك و یەك پرۆگرامی سەرتاسەریی بێت، كەچی بە ئەفسووسەوە، دەسەڵاتی سیاسیی كورد لە دەڤەری بادینان، بە لاواندنەوەی بنزاراوەیەك لەسەر



كەرامەتی زمانی كوردیی، بە كێردێكی ژەنگاویی، لاشەی كوردیان لە رۆحی ئایدێنتییەكەیەوە كە "زمان"ە، كەرت كرد و داهاتوویەكی زۆر لێڵ بۆ زمانی كوردیی یەكگرتوو، نەك لە ئاستی پارچەكانی كوردستاندا، بەڵكو لە ئاستی هەرێمی كوردستانی عێراقیشدا، هاتە پێشەوە و چارەنووسی زمانی فەرمیی، ستاندارد و یەكگرتوو كەوتە مەترسییەكی گەورەوە.

# گفتوگۆی سێیەم

د.شەفیق قەزاز

## گفتوگۆی سێیەم

### د.شەفیق قەزاز:

### کاری ئەکادیمیا هەر لەسەر زمان نییە، ئەکادیمیا کار لەسەر زەڕڕەش دەکات.

کێشەی ستانداردی زمانی کوردیی لەم چەند مانگەی دواییدا گەیشتە ترۆپك، زۆرێك لە رۆشنبیران و نووسەران و زماناسان رای جیا جیایان لەو بارەیەوە دەربڕیوە، هەریەکەو لە دیدی خۆیەوە بەپێی ئەزموون و شارەزایی سەیری گرفتەکانی دەکات و هەندێکیشیان پێشنیازی چارەسەریان دەخستە روو، ئەکادیمیای کوردیی بە حوکمی بەرپرسی یەکەمی ئەو کێشەیە، زۆربەی شتەکانی کێشەکانی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ رووبەڕوو دەکرایەوە، سەرەنجام (٥٣) نووسەر یاداشتنامەیەکیان گەڵاڵە کرد بۆ بە رەسمیی ناساندنی لەهجەی سۆرانیی، بە واتای کرمانجی ناوەڕاست.



سەرۆکی ئەکادیمیای کوردیی لە دیمانەیەکی (هەفتانە)دا قسە لەو بارەیەوە دەکات و دەڵێت: "ئێستا خەریکی زمانی ستانداردین، پێنج شەش کۆبوونەوەی پێنج کاتژمێریمان کردووە، لەگەڵ ئەندامانی ئەکادیمیا، کە ئەوانیش ئەندامی شارەزای ئەو بوارەن، لە ماوەیەکی نزیکدا دەرئەنجامی کۆبوونەوەکان بڵاودەکرێتەوە وەکو خۆی بەبێ ئەوەی رامان دابێت کە ئەوە باشە یان ئەوە خراپە، ئێمە چاوەڕوانی ئەوە دەکەین کە خەڵك و ئەوانەی شارەزای ئەو بوارەن رای خۆیان لە بارەیەوە بدەن".

شەفیق قەزاز، چەند جارێکیش جەختی لەوە کردەوە کە ئەو دیمانانەی لەگەڵ کەناڵەکانی راگەیاندن ئەنجامی دەدات، تەنیا گوزارشت لە بیرو راکانی خۆی دەکات و پەیوەندیی بە ئەکادیمیاوە نییە.

تێڕوانینەکانی ئەو لە بارەی شێوەزارەکانەوە، جۆرێکی دیکەیە، بەوەی لە روانگەی خۆیەوە باسی زمانی ستاندارد دەکات و دەڵێت: "باسی دوو زمان (دایەلێکت) بە دوو شێوە دەکرێت، کرمانجی کە بە هەڵە پێی دەڵێن زمانی بادینی و ناوەڕاست کە بە هەڵە پێی دەڵێن زمانی سلێمانی. ئەو دووانە لای هەمووان ئاشکرایە کە جیاوازن، بەهۆی ئەوەی کە زارەکانی تر بە کات و ساتی جیاواز پەیدابوون، بۆ نموونە (هەورامی) زمانی کۆڕ و کۆبوونەوە و پیاوانی ماقوڵ بووە، بەڵام بەهۆی چەند بارودۆخەکەوە ئەوە نەما".

لەبارەی ئەو یاداشتەی لە لایەن (٥٣) کەسەوە سەبارەت بە چارەسەرکردنی زمانی کوردیی پێشکەشی دەسەڵاتی کوردیی کرا دەڵێت: "خەڵکانێك هەن دەڵێن، نابێت هیچ زمانێك ببێت بە زمانی ڕەسمیی. چەند مانگێك دەبێت باسێکی گەرموگوڕی ئەو مەسەلەیە لە ئارادایە، ئێمە لای خۆمان هەموو ئەو تێڕوانینەمان هەیە کە زمانزان و شارەزایان لە بارەی ئەو مەسەلەیەوە دواون و باسی زمانی ستانداردیان کردووە. من پێم وایە پێویستە ئەکادیمیای کوردیی بەم کارە هەڵسێت نەوەك لایەنێکی دیکە، چونکە کۆمەڵێك کەسی لە خۆی کۆکردووەتەوە کە پسپۆڕن لەو بابەتەدا، بۆیە ئەمە کاری ئەکادیمیای کوردییە. ڕاستە لە کاتی کۆڕی زانیاریی کوردیی ئەوەندە بە گرنگی باسی زمانی ستاندارد نەکراوە، بەڵام بیروڕا ئاڵوگۆڕ کراوە لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە، کە کێشەیەکی زۆر لە بادینان و سلێمانی سەری هەڵدا و هیچ کامیشیان پێی ڕازی نەبوون".

سەرۆکی ئەکادیمیای کوردیی، نەبوونی کیانێکی سیاسیی سەربەخۆش بە هۆکارێك دەزانێت بۆ نەبوونی زمانێکی ڕەسمیی "نەبوونی کیانێکی سەربەخۆ کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە، چونکە ئەگەر ئێمە خاوەن کیانێکی سەربەخۆ بووینایە، ئەوا زمانێکی بەهێزتر و باشترمان دەبوو، لەوانەیە شێوەزارێك یەکلایی ببێتەوە. حوکمڕانیی یان حکومەتێکی سەربەخۆ کاریگەریی هەیە، بۆ نموونە ئایا ئێمە دەتوانین ئێستا کار بکەین بۆ کوردستانی باکوور کە بە دیالێکتی دی قسە دەکات؟! یان بڕیار بۆ



خۆرهەڵات و خۆرئاوای کوردستان بدەین؟ گومان لەوەدا نییە کە نەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ کاریگەریی هەیە".

پێشی وایە، هۆکارە دەرەکییەکان زۆر بەهێز بوون بۆ لەناوبردنی زمانی کوردیی "ئەگەرچی نەیاتوانیوە لە ناوی ببەن، بەڵام توانیویانە لە کات و ساتی خۆی دوای بخەن، ئێرە کوردستانە ئەودیو عێراقە، واتە من خۆم بە دەرەکیی دادەنێم، چونکە کوردستان بەشێکە لە کوردستانی گەورە بە حوکمی ئەوەی کە ئێمە حوکمڕانییەکی تەواومان پێدراوە، بەڵگەیە بۆ ئەو قسانەم ئەم شتە خۆی بۆ خۆی هاوار دەکات، چونکە شۆڕشەکانی کوردیمان بۆ ئەوە بووە، کورد بە ڕەسمیی بناسرێت لە هەموو ڕوویەکەوە، بەڵام تا ئەم دواییە بوو بە ڕەسمیی. من چاوم کردووەتەوە بە کوردیی قسە دەکەم، بەڵام بۆ کوردی تورکیا تازەیە. تورکیا تازە بیر لەوە دەکاتەوە کەناڵێکی سەربەخۆ بۆ کورد دابنێت، یان چەند کاتێك دادەنێت بۆ ئەوەی پەخشی کوردیی بکرێت، ئەمە ڕاست نییە و ماف نییە، تەنانەت نەیان دەهێشت کورد ماڵی خۆیان بە کوردیی قسە بکەن. لەوانەیە بڵێن ئێمە (١٨ تا ٢٠) ملیۆن کوردمان هەبێت لە کوردستانی باکوور، بەڵام (٧٠٪)ی کوردی باکوور ناتوانن بە کوردیی قسە بکەن، یان شارەزاییان لە زمانی کوردیدا نییە، ئەمانەش سووچی وان نییە، بەڵکو حکومەت وای لەوان کردووە یان حوکمڕانیی شاهانە لە ئێران کەمترە لەوەی تورکیا، چونکە بە لایەنی کەم توانیویانە جلی کوردیی لەبەر بکەن، بەڵام زمانی

کوردیی لەوێش ئەوەندە گرنگی پێنەدراوە، ئەمانە هۆکاری دەرەکین. لە لایەکی ترەوە، لە ئەنجامی دابەشبوونی کوردستان، دوو شت دروست بووە، یەکێکیان ئەو زمانە دابەش بوو، بە نموونە هەندێك کەسی بیانیی دەڵێن زمانی هەورامی، کوردیی نییە و زمانێکی ترە، یان بادینان و سۆران ئەوانە زمانی ترن مەرجیش نییە من و تۆ باوەڕی پێ بکەین، بەڵام وا دەڵێن".

د.شەفیق، وتیشی: "ئەو رووخساری دابەشبوونە ئەگەر لایەنی ئیجابیی هەبێت، بەڵام وای کردووە زمانی کوردیی دەوڵەمەند بووبێت. ئێستا ئێمە خەریکی ئەوەین کە زاراوەی کوردیی ئەوەندە زۆرە لە زازا و هەورامان و... هتد وەریدەگرین، پێم وایە شتێکی زۆر نایاب دەردەچێت ئەگەر بێت و ئەو فەرهەنگە دابنییێن، بەڵام زۆری دەوێت و پرۆژەیەکی درێژخایەنە".

سەبارەت بەوەی، ئایا چاودێریی دەسەڵاتی سیاسیی بەسەر پرۆژەی ستانداردی زمانی کوردیی و بە رەسمیبوونی چۆن بووە و تا چەند لە خەمی ئەو مەسەلەیەدا بوون؟ د. شەفیق قەزاز، دەڵێت: " تاوەکو ئێستا هیچ کەس بە منی نەوتووە چی دەکەیت یان چی ناکەیت، چونکە ئەمە کاری دەسەڵات نییە، دەسەڵات کاری سیاسەت و بڕیاردانە، کاری چارەنووسی چوار ملیۆن کەسە، لە ژیانی رۆژانەی تۆ بەرپرسە، بەڵام دەسەڵات بەرپرسە لەو کارەی کە شارەزایان لەو پرسە بگەیەنێتە ئەنجام، نەك بەو مانایەی حکومەت بێت بە زۆرەملێ بیسەپێنێت ئەو زمانە دەبێت ببێت



بە زمانی رەسمیی، جا سۆرانیی یان بادینیی یان فلان و فلان، تاوەکو ئێستاش نەیان کردووە. پێشم وایە سەلماندنی هەر لەهجەیەکی تر بە زەرەری ئەوان دەکەوێتەوە، هەروەکو وتم تۆ دەبێت هەموو لەهجەکان بە هی خۆت بزانیت، بەڵام ئەوەی گرنگە کام لەهجە شیاوترە یان باشترە و قبووڵکراوە و زیاتر لەم بەشەی کوردستان بڵاوترە، بەڵام بەداخەوە جۆرێك لە حەساسییەت لەمەوە هەیە و ئەمەش کارەکەی سەختتر کردووە".

ئەو، وتیشی: "ئێمە پێویستە زانستییانە بیسەلمێنن کە کام لەهجە پێویستە ببێتە زمانی ستاندارد، ئەوکات کارێکمان کردووە بۆ دەسەڵات. ئەگەر ئێمە بڵێین ئەوە بە هیچ شێوەیەك کاری دەسەڵات نییە، ئەوا وا نییە، چونکە ئەگەر شێوازەرێکمان کرد بە رەسمیی لە باشووری کوردستان، ئەوکات حکومەت کاری لەسەر دەکات و دەیچەسپێنێت وەکو زمانی رەسمیی. لێرەدا من کێشەم لەگەڵ ئەوانەدا هەیە کە دەڵێن دەسەڵاتی سیاسیی پەیوەندیی بەوەوە نییە!".

بەم دواییە باسی جووت ستاندارد هاتە ناو باسەکەوە، کە کورد وەك هەندێك نەتەوەی دیکە دوو زمانی ستانداردی هەبێت، رای قەزاز لەو بارەیەوە ئەوەیە: "مەسەلەی جووت ستاندارد هیچ کێشەیەك نییە، چونکە هەندێك دەوڵەت هەن چەندین زمانیان هەیە. تۆ نابێت داوا لە دەسەڵات بکەیت، ئەوە کاری دەسەڵات یان دانیشتنێکی پەرلەمان نییە، یان کۆبوونەوەی هەردوو حیزب نییە بڕیاری لەسەر بدەیت، ئەمە کارێکی

زانستییە، هەروەکو ئەوەی بڵێین نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ قەساب، هەر یەکە و بە کاری خۆی. ئەگەر تۆ شتێکت دا بە دەسەڵات، ئەو کات دەسەڵات دەبێت یەکلایی بکاتەوە بەبێ ئەوەی حەساسییەت هەبێت. تۆ باسی ئەمنی قەومیت کرد، ئێمە ناتوانین ئەو بڕیارە بۆ کوردستانی تورکیا، یان کوردی سوریا بدەین، ئەگەر بە کار بە حیسابی زۆرینە بکەین، کە هەندێك کەس باوەڕی پێ نییە، چۆن دەبێت تۆ بڵێیت دیالێکتی ناوەڕاست دەبێت ببێت بە زمانی ڕەسمیی، لەکاتێدا (١٨ تا ٢٠) ملیۆن کەس لە باکووری کوردستان بە کرمانجی قسە دەکەن. جا بۆیە ئەوەی گرینگیشە لێرەدا ئەوان، مەبەستم باکوور و خۆرهەڵات و خۆرئاوای کوردستانە، بە حوکمی ئەوەی کیانێکی سەربەخۆ و دەسەڵاتیان نییە، بۆیە ئێمە پێویستە خۆمان بڕیاری خۆمان بدەین، بەشێوەیەك بڕیارەکە بۆ هەموو کورد نەبێت و بۆ ئەم بەشەی کوردستان بێت".

قەزاز، دەڵێت: "لەو بارودۆخەی ئێستا، چاوەڕوانی هەموو شت دەکرێت. ئەرکی پسپۆڕ و شارەزایانە، ئەرکی ئەکادیمیای کوردییە چارەسەری زمان بکەن. هەرچەندە ئەکادیمیای کوردیی بە خراپ باس دەکرێت، ئەمە مانای ئەوە نییە ئەکادیمیای کوردیی بەیانی ئەو کارانە ڕاست ناکاتەوە، بۆیە دەبێت ئەو پسپۆڕانە بیر لەوە بکەنەوە کە ڕێنووسی کوردیی لە سەرەتاییەوە تا کۆتایی قۆناغەکانی کوردیی. ئەگەر پێشتر بیرمان لەوە نەکردبێتەوە کە ئێستا نیمچە دەوڵەتێکمان هەیە، بۆیە ئێستا



دەبێت خەریکی ئەو کارە بین. لەو باوەڕەدام ئێستا دەسەڵاتی کوردیی چاوەڕوانی ئەو پسپۆڕ و شارەزایانەیە کە چی دەکەن. ئەو (٥٣) کەسەی کە پڕۆژەکەیان ئامادە کردووە، کەسانی زۆر شارەزا و پسپۆڕن لەو بوارەدا، ئەمە بۆچوونێکە هەیانە بە حوکمی ئەوەی ئەو شارەزاییەی هەیانە وا تەسەور دەکەن کە ئەو زارە قابیلی ئەوەیە ئەمڕۆ ببێتە زمانی ڕەسمیی. من ناتوانم گەرەنتی ئەوەت بدەمێ، کە ئایا دەگەینە ئەنجام یان نا، بەر لەهەموو شتێك دەبێت واز لە ناوچەگەریی بێنین. لەوانەیە ئێمە ئەو شتە بڵاوبکەینەوە، یان کۆنفراسێك ساز بکەین کە لەوانەیە بە هیچ نەگات، بەڵام ئەوکات کە گەیشتە ئەنجام، دەبێت حکومەت ئەوکات بڕیاری لەسەر بدات و ڕۆڵی هەبێت.

لێمان پرسی ئەکادیمیای کوردیی بەر لە هەر شتێك کاری دانانی فەرهەنگە، فەرهەنگی سادە و ئاڵۆز، گرامەر و کارکردن لە ناو زمان بە پلەی یەکەم، کەلتوور و شارستانییەت بە پلەی دووەم دێن بۆ ئەکادیمیا، سەرۆکی ئەکادیمیای کوردیی ئەم پرسیارەی بەم شێوەیە وەڵامدایەوە: "ئەوەی جەنابت وتت لەگەڵێدا نیم، کاری ئەکادیمیا تەنها زمان نییە. ئەکادیمیای ئەمریکی، فەڕەنسی... هتد هەمووشیان ناویان ئەکادیمیایە، بۆیە ناویشمان ناوە ئەکادیمیا، تا خەڵك ئاشنا بکەین بە کاری ئەکادیمیاوە. بۆیە هەروەکو کار لەسەر زمان دەکات، کار لەسەر زەڕڕەش دەکات، لەسەر کیمیا و فیزیاش کار دەکات. ئێمە ئێستا هەوڵمان داوە ڕۆڵی ئەکادیمیای

کوردیی فراوانتر بکەین، بۆ نموونە بەیانی بتوانین ئەتلەسێك دروست بکەین. بۆیە ئێستا خەریکین کتێب دەکڕین و زانیاریی کۆدەکەینەوە بۆ ئەو کارانەی کە پێویستە لە داهاتوودا بیکەین، بە تایبەتی لەگەڵ ئەو کەسانەی کە پسپۆڕ و شارەزان لەو بوارەدا".

ئەگەر بڕوانین، ئەکادیمیاکانی جیهان کاریان بە پلەی یەکەم لەسەر زمانە، بۆ نموونە ئەکادیمیای فەڕەنسی کاری بریتییە لە نوێکردنەوە و کۆنترۆڵکردنی زمانی فەڕەنسی، لەو بارەیەوە د. شەفیق قەزاز دەڵێت: "وەکو بزانم ئەکادیمیاکان زۆر کاری تر دەکەن لەوەی کاری زمان بکەن. خەریکبوونی ئەکادیمیا بە شتی ترەوە، مانای ئەوە نییە تەنیا گرنگی بە زمان بدات. کۆڕی زانیاریی کورد لە حەفتاکانەوە دروست بووە تاوەکو ئێستا خەریکی زمان بووە، بۆیە پێت وا نییە ئێستا ئەکادیمیا پێویستە پەلوپۆ بلاوبکاتەوە بۆ کاری تر؟".

**بەڵام ئەگەر بڕوانین کۆڕی زانیاریی لەو سەردەمەی دروست بووە تاکو ئێستا کە دەکاتە نزیکەی (٤٠) ساڵ بەرهەمێکی ئەو تۆی نەبووە ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ مەڵبەندی کوردۆلۆژیی، کە ساڵێکە دامەزراوە زیاتر لە (٣٠) بەرهەمی هەیە؟**

د.شەفیق قەزاز: "من ناتوانم وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە، چونکە لە حەفتاوە کە دامەزراوە، من نە پەیوەندیم بە کۆڕی زانیارییەوە هەبووە، نە



ئەکادیمیا. ئەمەش دیسانەوە پاساو نییە، چونکە هەوراز و نشێوی هەبووە، ماوەیەك لە بەغدا بووە، یان کرا بە بەشێك لە مەجمەعی عێراقی و هەرئەوەندی پێ کراوە".

ئەو، باس لەوە دەکات کە لە ئەکادیمیا (١٠) لیژنە هەیە، یەکێك لەو لیژنانە لیژنەی فەرهەنگە و خۆی سەرۆکایەتیی دەکات، دەڵێت: "خەریکی فەرهەنگێکی گەورەین بۆ هەموو دیالێکتەکان، بەناوی فەرهەنگی نەتەوە. بە ئومێدی ئەوەی ئەنجامی باشی لێبکەوێتەوە، تاوەکو ئێستا نەمانتوانیوە فەرهەنگێك دابنێین وشە بە وشە، بە حوکمی ئەوەی ئێمە زمانێکی دەوڵەمەندمان هەیە، بۆیە دەبێت بەدوای بگەڕێین و بیدۆزینەوە، ئەوەش بیرۆکەی فەرهەنگە نەتەوەییەکەمانە کە بەو مەبەستەی ئەو شێوەزارانەش نزیك بکەینەوە لە یەکتر. هەروەها ئێستاش خەریکی ئەوەین کە زاراوەکانی تر تێکەڵ بە یەکتر بکەین. لە هەمان کاتدا زاراوەکانی راگەیاندن و کارگێڕیی و ئابووریی کە ئەوانیش جیان، پێویستە کاریان لەسەر بکرێت".

# گفتوگۆی چوارەم

د.موحسین ئەحمەد عومەر

## گفتوگۆی چوارەم

**د.موحسین ئەحمەد عومەر:**
**دەسەڵات داینەمۆی زمانی کوردییە.**

د. موحسین ئەحمەد، نووسەرو لێکۆڵەرو مامۆستای زانکۆ، لەبارەی زمانی کوردیی رای وایە: هەموو کێشەکانی ستانداربوون و دروستبوونی زمانێکی یەکگرتوو، پەیوەندیی بە دەسەڵاتەوە هەیە، ئەو کە سەرۆکی بەشی فەرەنسییە لە کۆلێژی زمان و چەند ساڵێکیشە وانەبێژە لە بەشی کوردیی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین و ئاگادارە لە کێشەکانی بوونی زمانێکی یەکگرتوو، لەم دیمانەیەدا باس لەو هەنگاوانە دەکات کە زمانی یەکگرتووی لەسەر بنیاد دەنرێت و پاڵنەرەکانیش شی دەکاتەوە:



**بۆچی زمانی یەکگرتووی کوردیی تا ئێستا لە ناو کورددا کێشەکەی ساغ نەبووەتەوە، ئایا ئەمە پێویستی بە بڕیارێکی سیاسیی هەیە، یان ئەوەتا رۆشنبیران خۆیان کەمتەرخەمن؟**

د.موحسین ئەحمەد: دروست نەبوونی زمانی ستاندارد لە ناو کورددا، لە بنچینەدا بۆ کێشەی سیاسیی و مێژوویی کورد دەگەڕێتەوە. خۆتان دەزانن لەم سەد ساڵەی دواییدا چەندان گۆڕان و کارەساتی سیاسیی بەسەر کورددا هاتووە، هیچ کاتێك ئەو مەرکەزییەتە سیاسییەی بۆ عەرەب و تورك و فارس هەڵکەوتووە، بۆ کورد هەڵنەکەوتووە. مەسەلەکە پەیوەندیی بە رۆشنبیرانەوە نییە، پەیوەندیی بە دەسەڵاتەوە هەیە، ئەمەش لە ناو کورددا وەك دەسەڵاتێکی کوردیی و لە خزمەتی کوردیی بوونی نەبووە، ئەو ئاستەی ئەمڕۆش زمانی کوردیی پێی گەیشتووە، هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتێکی لابەلا و خەباتی کورد خۆی.

**ئێستا کاتی ئەوە نەهاتووە بڕیار لەسەر زمانێك بدرێت لە ناو هەموو کورددا کاری پێ بکرێت، واتا هەم بۆ نووسین و هەم بۆ خوێندنەوەو تەنانەت بۆ وتارەکانیش؟**

د.موحسین ئەحمەد: خۆی دەسەڵاتی کوردیی دەتوانێت زارێك هەڵبژێرێت و بیکاتە بنچینە بۆ زمانی ستاندارد. دەشێت سۆرانیی بۆ ئەم کارە زۆرتر لە بار بێت، چونکە زۆر کاری تێدا کراوە. دوایش لە رووی تەکنیکییەوە سۆرانیی رێکوپێکتر و رەوانتر بووە. پاشان کە دەسەڵات زارێك

هەڵدەبژێرێت، مانای ئەوە نادات زارەکانی تر دەبێت لەناو بـبرێن، نـەخێر، زارەکانی تریش دەشێت کاریان بۆ بکرێت و گرنگییان پێ بدرێت، چونکە ئەمانە هەموویان بە کەلەپوور و سامانی کوردیی لە قەڵەم دەدرێت.

**ئەگەر سەیر بکەین، تا ئێستا زاری باڵادەست لە نووسین و خوێندنەوەو پێشکەوتن و گۆڕان شێوەزاری سۆرانیی بووە، بۆچی دەبێت دوای چـەندان ساڵ خزمەتکردن بەو شێوە زارە بۆ زمانی یـەکگرتووی کـوردیی، ئێـستا بڕیار لەسەر زارێکی دیکە بدرێت کە خزمەتێکی بەرچاوی نـەبووە، ئایـا ئەمە دەستێکی سیاسیی لە پشتەوە نییە؟**

د.موحسین ئەحمەد: ئەمە پەیوەندیی بە گەشەسەندنی پرۆسەی سیاسییەوە هەیە لە ناو کورددا، پێم سەختە بتوانرێت شوێنی سۆرانیی بە زارێکی دیکە پڕبکرێتەوە.

**ڕۆڵی کۆڕی زانیاریی کوردستان بۆ دروستکردنی زمانی یـەکگرتووی کوردیی چییە، ئایا ئەوان توانیویانە شتێك بەشـتێك بکـەن بـۆ زمـانی کوردیی؟**

د.موحسین ئەحمەد: کۆڕی زانیاریی زۆر کاری زمانەوانیی و مێژوویی و ڕۆشنبیریی کردووە، بەڵام تا ئێستا بـۆ ئـەم کـارە بـە پلانـدانان کاریـان نەکردووە. کۆڕی زانیاریی حەفتاکان سەردەمی زێڕینی بوو، ئێستا بووەتـە (گۆڕی زانیاریی) لە کاتێکدا دەبوایە زیاتر کـار بکرایـە، چـونکە ئـەوان ئازادیی و پارەیان لەبەر دەستە.



**زۆرجار پرسیاری ئەوە دەکرێت، بۆچی تا ئێستا کورد نەبووەتە خاوەنی زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتوو (ستاندارد)، ئایا لەبەر ئەوەیە کە کورد تـا ئێستا خاوەنی کیانێکی سەربەخۆ نییە، یان کۆمەڵێك هۆکاری نـاوەکیی هەن پاڵپشت نین لە دروستبوونی زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتوو؟**

د.موحسین ئەحمەد: هۆکارەکە نەبوونی کیانێکی سەربەخۆیە.

**ڕۆڵی دەسەڵات چۆن دەنرخێنرێت لە دروستبوونی زمـانی یـەکگرتوو، پێتان وایە دەسەڵات بەو هەموو سـەڵاحیاتەی هەیـەتی دەتوانێـت بڕیـار لەسەر بە ستانداردکردنی زمانی کوردیی بدات؟**

د.موحسین ئەحمەد: دەسەڵات داینەمۆی ئەم کارەیە.

**زاری سۆرانیی تـا چـەند بـارودۆخی بـۆ ڕەخساوە ببێـت بـە زمـانی یەکگرتووی کوردیی، لـە کاتێکـدا دەزانـین ئـەو زارە تایبەتمەندییـەکی زۆرتری هەیە و هەر لە سەردەمی بابانەکانەوە لە نووسـن و خوێندنـەوەو چـاپکردنی کتێـب و ڕۆژنامـە بەردەوامـە، تـا ئێـستا و کەلـەپوورو کتێبخانەیەکی مەزنی کوردیی بەم زارە لەبەردەستدایە؟**

د.موحسین ئەحمەد: زاری سـۆرانیی ئێـستا زاری سـتانداردە، ئەمـەش کەس نەیسەپاندووە. کورد دەتوانێت سوود لـەم بنـچینەیە وەربگرێـت بـۆ دەوڵەمەندکردنی. کرمانجیی ئەو پانتاییەی نیە، بەڵام دەشێت سۆرانیی بـە کرمانجی دەوڵەمەند بکرێت.

**بۆچی تا ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری نەداوە ئەم زاری سۆرانییە ببێت بە زمانی یەکگرتووی کوردیی، لە کاتێکدا خۆیان وەك سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی هەرێم و هەموو دامودەزگاکان ئەم زارە بەکاردەهێنن و نوخبەی کوردیش لەگەڵ ئەوەدان ئەو زارە زمانی ستاندارده؟**

د.موحسین ئەحمەد: بڕیاردان لەم بارەیەوە کێشە دروست دەکات. ڕەنگە ئەنجامەکەی بە پێچەوانەوە بکەوێتەوە، بەڵام من قەناعەتی تەواوم هەیە، سۆرانیی ئێستا زمانی ستاندارده و دووسەد ساڵی نووسین و پراکتیکی لە پشتە، ئەم مێژووە مەحاڵە بشێوێنرێت، بەڵام ئێمە دەبێت لەوە زیرەکتر بین ببینە هۆی کێشە لە ناوەوەی کورد، ئێمە دەتوانین سوود لە هەموو زمانی کوردیی وەربگرین.

**لە هەنگاوەکانی دەسەڵاتدارانی کورد ئەوە تێبینی دەکرێت کە پێیان زووبێت هێشتا بیر لە مەسەلەیەکی وەك زمانی کوردیی بکرێتەوە، ئایا پێتان وایە بیرکردنەوەی دەسەڵاتی کوردیی هێشتا پێنەگەیشتووە بۆ مەسەلەیەکی وا، یان ئەمە لە توانایاندا نییە؟**

د.موحسین ئەحمەد: لەو باوەڕەدام مەسەلەکە چونکە هەستیارە، دەسەڵاتدارەکان ناتوانن ڕاستەوخۆ بێ ئاووهەوای لەبار دەست لە شتێك



وەردەن کە پەیوەندیی بە چارەنووس و فەرهەنگی میللەتێکەوە هەیە، بەڵام من لەو باوەڕەدام کە زمانی کوردیی زۆر لە ستانداردبوون نزیکبووەتەوە، ئەمەش کارێکە پلانی دەوێت.

**بۆچوونی ئێوە سەبارەت بە خوێندنی زمانی کوردیی لە قوتابخانەکان چییە، پێتان وا نییە وەزارەتی پەروەردە ڕۆڵێکی نەگەتیڤ دەگێڕێت لەبەرەو پێشەوەبردنی ئەم زمانە؟**

د.موحسین ئەحمەد: جارێ پێش هەموو شتێك کتێبی (خوێندنەوەی کوردیی) پۆلی یەکەمی سەرەتایی مامۆستا ئیبراهیم ئەمین باڵداری لێ دەرچێت، هیچ کتێبێکی پرۆگرامی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی ڕوون نییە و بە کەڵکی ئەوە نایەت منداڵی کورد فێری کوردییەکی جوان بێت، ئینجا چ جای زارەکان تێکەڵ بکرێن زیاتر سەر لە منداڵی کورد بشێوێنین. هەموو ئەمانە پێداچوونەوەیان دەوێت، هەڵبەت لە لایەن زمانزان و زمانناسی کوردی شارەزا، ئێمە دەتوانین بۆ ئەوەی لە گرفت دەرچین، زارێك بکەینە زمانی ستاندارد و گرنگیش بە ئەوانی تر بدەین. لە ناو هەموو میللەتێکدا وەزارەتی پەروەردە گەورەترین گرنگی پێ دەدرێت، لە لای ئێمە ئەو گرنگیپێدانە نییە و لەولاشەوە پارەیەکی زۆر بە خۆڕایی خەرج دەکرێت، هەموو شتێك بە سەقەتیی دەخوێنرێت. پاشان دەبینم مەسەلەکە زۆر لەم ئاستە گەورەترە، حکومەتەکەمان خۆی هیچ

فەلسەفەیەکی سیاسیی بۆ زمانی کوردیی نییە، ئێرە کوردستانە، ئێمە خۆمان بە کورد دادەنێین، بەڵام لە نوخبەیەکی بچووك بترازێت، کەس رێز لە زمانی کوردیی ناگرێت، هەموو خەڵکەکە بە سەقەتیی زمانی کوردیی بەکاردەهێنن، باسی کۆڕی زانیاریی کوردت کرد، تا ئێستا نەیانتوانیوە فەرهەنگێکی کوردیی-کوردیی دابنێت و لەسەر ئاستێکی میللی بەسەر دەزگا و ناوەندە حکومیی و ناحکومییەکاندا بڵاوی بکاتەوە و فەرزی بکات، بە هەمان شێوە وەزارەتی پەروەردەش نەیتوانیوە فەرهەنگێکی کوردیی-کوردیی بۆ قوتابییان ئامادە بکات، کە شتێکە دەبێت بە پلەی یەکەم بکرێت. لەوانەیە هیچ زمانێك لە دونیادا هێندەی زمانی فەڕەنسی ستاندارد نەبێت، لەگەڵ ئەمەش لە هەر ماڵێك و دەزگایەك و ناوەندێك، فەرهەنگێکی فەڕەنسی-فەڕەنسی هەیە کە جێگای متمانە دەسەڵاتەو بە شێوەیەکی رەسمیی ئەم فەرهەنگە فەرزکراوە و سەرچاوەیە بۆ هەموو لایەك، ئێمە دەتوانین سوود لە ئەزموونی میللەتان وەرگرین پێش باسکردنی کێشەی زمانی ستاندارد، جاریّ با فەرهەنگێکی کوردیی-کوردیی باشمان هەبێت، حکومەت بەسەر هەموو لایەك فەرزی بکات، ئەوسا باس لە هەنگاوی دیکە دەکەینەوە.



**تا چەند لەگەڵ ئەوەدان کە سۆرانیی و کرمانجیی بە بێ هیچ مێتۆدو لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی و بڕیاردانی ژیرانە تێکەڵ بەیەکتر بکرێن لە خوێندنی وانەی کوردیی لە قوتابخانەکاندا؟**

د.موحسین ئەحمەد: دەشێت ئەمە تەنیا بە پلان بکرێت. من پێم باشترە منداڵانی کورد، هی ناوچە کرمانجییەکان لە سەرەتایی بە زاری خۆیان بخوێنن، پاشان ئەمە نابێت بمێنێت، بەڵکو بۆ هەنگاوی دواتر بە پلان بۆدانان ئەم تێکەڵکردنە سوودی لێ وەربگیرێت.

**ئەگەر سەیر بکەین، لە دونیادا ناوەندێك هەیە بۆ دروست بوونی زمانی یەکگرتوو، بۆ وێنە لە (ئیتاڵیا) ناوەندی (تۆسکان) ئەو زمانەی دانتیّ پێی دەنووسی، لە فەڕەنسی (پاریس) لە ئیسپانیا ناوەندی (لا مانچا) کە سێرڤانتێس پێی دەنووسی و لە عەرەبیش قورئان و... لە ناو کوردیش ئەو ناوەندە لە سەردەمی نوێبوونەوە دروست بوو لەگەڵ میرنشینی بابان، بەڵام بۆ زاری ئەو ناوەندە نەبوو بە زمانی یەکگرتوو؟**

د.موحسین ئەحمەد: ئەمە راستە، بەڵام بۆ کوردیی سەرەڕای ئەوەی زاری بابان کە ئێستا پێی دەوترێت (سۆرانیی) لەم سەد ساڵەی دواییدا وەك زارێکی بەهێز خۆی سەپاندووە، کێشەی سیاسیی و مێژووی کورد خۆی دەستی لەم بە ستانداردبوونەدا هەیە، لە هەر سەردەمێك ناوەندێکی رۆشنبیریی کوردیی جیا هەبووە و ئەم ناوەندە زاری خۆی فەرزکردووە،

ئەمەش مێژوویەکی هەیە، سەرەتای ئەم مێژووە دەگەڕێتەوە بۆ زمانی پەهلەویی سەردەمی ساسانییەکان، پاشماوەی پەهلەویی ئێستا لە ناو کورددا زاری فەیلییە، کە زۆر لە کوردان خۆیان ئەمە ئینکار دەکەن، لە کاتێکدا ئێمە دەزانین پەهلەویی هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە زمانی فارسییەوە نییە، ئەگەر هەشبێت ئەو پەیوەندییە لەگەڵ کوردیی و زارەکانی نزیکترە. پاشان زاری گۆران و ناوەندی فەرهەنگی گۆرانەکان دێت، ئینجا ئەم ناوەندە دەگوازرێتەوە بۆ باکووری کوردستان و زاری کرمانجی و هەکاریی و زاری شاری جەزیرە وەك ناوەندی دەسەڵاتی کوردیی دەردەکەون. پێش سلێمانی و سنە، لە سەدەی حەڤدە شاری بەدلیس ناوەندی دەسەڵاتی حکومەتی کوردستان بوو، کە هەر لە سەدەی پانزەوە ئەم ناوەندە سەرهەڵدەدا تا دەگاتە ساڵانی (١٦٤٧ و ١٦٤٨) کە دەسەڵاتی میرەکانی بەتلیس لەناودەچێت. ئینجا لەگەڵ کۆتایی سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدە شاری سلێمانی و سنە وەك ناوەندێکی سیاسیی و فەرهەنگیی کوردیی نوێ سەرهەڵدەدەن کە تا ئەمڕۆش درێژەی هەیە. لەم نێوانەدا لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم، ئەستەنبوول وەك ناوەندێکی فەرهەنگیی و سیاسیی کوردیی سەرهەڵدەدا، پاشان ئەم ناوەندە دەپووکێتەوە، ناوەندێکی دیکە لە یەریڤان و گورجستان سەرهەڵدەدا. دەتوانین بڵێین گەشەسەندن و پراکتیککردنی سۆرانیی و کرمانجیی هیچ کاتێك بە یەك ئاست گەشەی نەکردووە، کرمانجیی لە چاو



سۆرانیی زۆرتر هەوراز و نشێو و پچڕانی تێکەوتووە، سۆرانیی ئەمەی نەدیوە، هەر لەبەر ئەمەش سۆرانیی هەژموونی زیاترە، سادەتر بووەتەوە، زۆرتر لە بواری نووسین و مێدیا و کارگێڕیدا کاری پێ دەکرێت، بەڵام سۆرانیی دەتوانێت هێشتا سوود لە زارەکانی تر وەربگرێت، ئەمەش دەشێت بە پلاندانان بکرێت.

من مەبەستم لە سۆرانیی، زاراوەکانی (بابان، ئەردەڵان، موکریانیی، سۆرانیی)، کە بە کوردیی ناوەڕاست ناسراوە، ئایا ناکرێت ئێمە بەو زارە هەموومان بنووسین، بە مەرجێك بە زاراوەی دیکە دەوڵەمەند بکرێت؟

د.موحسین ئەحمەد: منیش هەروای بۆ دەڕوانم، بێگومان ئەمە دەکرێت و ئاسانیشە، بەڵام ئێمە پێشتر دەبێت زمانەکەی خۆمان بە هەموو زارەکانەوە خوشبوێت و ڕێزی بگرین، ئەم ڕێزگرتنەش بە کاری فەرهەنگیی و زمانەوانیی دروست و پوختە دەکرێت. ئەمڕۆ بە داخەوە من ئەم خۆشەویستییە نابینم، لەبەر چاومان زمانی کوردیی دەشێوێنرێت، کەسێك، دەسەڵاتدارێك چییە لە شوێنی خۆی ناجووڵێت.

بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی و بوژانەوەی کەلتووریی بە سۆرانیی نووسراوەتەوە، کورد ئەگەر بیەوێت وەك نەتەوەیەك بناسرێت، ئایا پێویست بەوە ناکات دەوڵەمەندترین زاراوە هەڵبژێرێت کە لە رووی تەکنیکی و کەلتووری جێگیری هەبێت؟

د.موحسین ئەحمەد: بێگومان ئەمە راستە، بەڵام داخەکەم چ رۆشنبیران چ دەسەڵاتی کوردیی کەمتەرخەمن لە دروستکردنی ئەم گیانە نەتەوەییە، بۆ من جیاوازیی لە نێوان فەیلیی و گۆران و سۆرانیی و کرمانجیی و دەملی نییە، ئەمانە هەمووی زمانی کوردین، بەڵام ناوچە پەرستەکان کورد بەرە و جیهانێکی تەسك و تریسك و بچووك دەبەن. من پێرار کارم لە رۆمانە مەزنەکەی عەرەب شەمۆ کرد: رۆمانی شڤانێ کورد، ئەگەر هەر کەسێك ئەم رۆمانە مەزنە بخوێنێتەوە، دەزانێت چەندە بە زمانێکی جوان و رەوانی کوردیی نووسراوە، هەر لە رێگای ئەم رۆمانەشەوە دەزانین جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان سۆرانیی و کرمانجیدا نییە. ئەگەر جیاوازییەك هەبوایە پێویستیمان بە وەرگێڕ دەبوو. ئەوانەی بە کرمانجی دەنووسن دەتوان زمانی ئەم رۆمانە بکەنە سەرمەشقی نووسینی خۆیان، چونکە بە کرمانجییەکی زۆر مۆدێرن نووسراوە.

**من لە ورووژاندنی ئەم پرسیارە بە هیچ شێوەیەك مەبەستی ئەوەم نییە دووبەرەکیی و کێشە لە ناو کورددا دروست بێت، بەڵام ئێوە دەربارەی ئەم دیاردەیە چی دەڵێن، کە باکووری کوردستان زۆربەیان بە کرمانجیی قسە دەکەن، سەرەڕای بوونی بنزاراوەی دیکە لە ناو کرمانجیی خۆی، لەو سەر بۆ ئەو سەری باکووری کوردستان بگەڕێیت (١٠) کەس نابینییەوە بە کوردیی قسە بکات و بنووسێت، لە کاتێکدا ئێمە زاراوەیەکمان هەیە کە**



**ئێستا قسەی پێ دەکرێت و دەنووسرێت و زمانی فەرمییە بۆ ناکرێت ببێتە بنەمایەکی بوژانەوەی کەلتووریی و سیاسیی بۆ ئەوانیش؟**

د.موحسین ئەحمەد: راستە کوردی باکوور کێشەی زمانیان زۆرە، دوایش ئەو زیندووبوونەوەی کرمانجیی، کە زیاتر لەم سی ساڵەی دواییدا کوردی دیاسپۆرا پێی هەڵسا، زیاتر بە کاریگەریی سۆرانیی بوو، ئەمەش واتە لێکنزیکبوونەوە، من لەو باوەڕەدام سۆرانیی باشتر دەتوانێت زارەکانی تر قووت بدات، نەك بە پێچەوانەوە.

**نزیکەی (٧٠-٨٠) ساڵ لە کار پێ نەکردنی زاراوەی کرمانجیی لەسەر دەستی یان لە لایەن رۆشنبیرانی دیاسپۆرای کورد لە ئەوروپا، جارێکی دیکە زیندووکرایەوە، ئێستا وەشانێکی زۆر لە ئەورووپاو لە تورکیا بەم زارە هەیە، ئەم زاراوەیە بە سوودوەرگرتن لە سۆرانیی تا رادەیەکی زۆر خۆی نوێکردووەتەوە، بەڵام بنەما تەکنیکییەکە گەلێك جیاوازیی هەیە بۆ چارەسەری ئەم جیاوازییە، دەبینین سەرەڕای ئەم زیندووبوونەوەیە، پێتان ئەستەم نییە کرمانجی ببێت بە زمانی یەکگرتووی کوردیی و لە لایەن کوردی عێراق و ئێران بەکار بێت؟**

د.موحسین ئەحمەد: ئەمە راستە کرمانجیی هەروەکو منیش لە سەرەوە وتم ئەم پچڕانەی زۆر تێکەوتووە، ئەم زیندووبوونەوەیەش بە کاریگەریی سۆرانیی راستە، بەڵام ئێمە ئەگەر بمانەوێت نەتەوەیەك دروست بکەین،

ئەوانەی بە سۆرانیی قسە دەکەن، دەبێت ئەو لێبووردەییە و ئەو گیانە نەتەوەییەی هەبێت دەست بە هەموو زارەکانی کوردییەوە بگرێت، چونکە ئەمە هەموو شتێکی کوردە. ئەوانەی بە سۆرانیی قسە دەکەن و بە سۆرانیی دەنووسن، دەبێت سوود لە هەموو زارەکان و هەموو کەلەپوور و هەموو سامانی فەرهەنگی کوردیی وەربگرن، ئەوان دەبێت ئاودیوی ناوچەگەریی و خۆ بچووککردنەوە بن.

**یەکێك لە کێشەکانی دیکە، کێشەی هەندێك زاراوەی دیکەیە لە ناو کورددا، کە فاکتەری ئاینیی لە پشتەوەیە، وەك زاراوەی گۆران، هەورامانی، علی ئیلاهی، کەلهوڕیی، کاکەیی... کە لەبەر هەمان فاکتەری ئاینیی لە رووی سیاسییەوە ئەستەم دێنە ناو بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردیی، ئەوان چۆن دەتوانن بە کرمانجیی بنووسن و بخوێنن ئەگەر هات و دەسەڵاتی کوردیی بڕیاری دا کرمانجیی ببێت بە زمانی یەکگرتوو، چونکە ئێمە دەزانین خەڵکی ئەم ئاینزایانە سۆرانیی دەزانن و دەتوانن پێی بنووسن؟**

د.موحسین ئەحمەد: دەسەڵاتی سیاسیی قەت ناتوانێت ئەو بڕیارە بدات.

**بۆچی تا ئێستا نوخبەی سیاسیی پرۆژەی ریفۆرمی زمانەوانیی دەست پێ نەکردووە بە شێوەیەکی سەتاپاگیریی؟**



د.موحسین ئەحمەد: چونکە نوخبەیەکی دواکەوتووە و تەنیا بە دوای ئارەزووەکانی خۆیانن. لە بنچینەدا نوخبەیەکی وا بوونی نییە، ئەگەر هەبوایە بزووتنەوەیەك دەبوو لەم بوارەوە.

**ئەگەر میدیای کوردیی وەربگرین لە تەلەفزیۆن و رادیۆ و ماڵپەڕەکان، کە زۆربەیان لە کوردستانی عێراق پەخش دەکرێن، ئەمە هێزێکی داوەتە سۆرانیی وێڕای بوونی زاراوەکانی دیکە، بەلام پێدەچێت هێشتا کورد نەیتوانیبێت لەم رووەوە سوود وەربگرێت، یان بە لای کەمی هەندێك کێشە چارەسەر بکات؟**

د.موحسین ئەحمەد: مێدیا و راگەیاندن ئەگەر سوودی لێ وەربگیرێت، باشترین هۆن بۆ نزیککردنەوەی زارەکان، بەڵام با پێشتر کورد، ناوەندە کوردییەکان زمانەکەیان خۆشبوێت و رێزی بگرن و ئەوەندە بریندار و دووچاری سەرلێشێوانی نەکەن.

**بەهۆی بوونی ئەو شەپۆلەی میدیا بە سۆرانیی لە کوردستان و نەبوونی ئەلتەرناتیڤی کرمانجیی لە ماوەی رابردوودا، خەڵکی کرمانجیش ناچاربووە گوێ لە سۆرانیی بگرێت و شارەزایی لە بارەیەوە پەیدا بکات، پێتان وا نییە ئەو رێگایە ئاسانتر بێت بۆ بوونی سۆرانیی بە زمانی یەکگرتوو، چونکە کرمانجیی بەو شێوەیە نەیتوانیوە سوود بە زمانەکە بگەیەنێت؟**

د.موحسین ئەحمەد: ڕاستە، سۆرانیی لەم ڕووەوە هەنگاوی گەورەی ناوە، بەڵام کرمانجیی و زارەکانی تریش زمانی کوردیین.

**ئایا ئێوە لەو باوەڕەدا نین ئەگەر نوخبەی ڕۆشنبیری کوردیی فەرهەنگێکی ستاندارد دابنێت بە چەندین چاپ و قەبارەی جیاجیا و بە پێی یاسا و دەسەڵاتی کوردیی بڕیاری لەسەر بدات و بیکاتە سەرچاوەیەکی ستاندارد و لە لایەن هەموو کەسێکەوە بەکار بهێنرێت، ئەمە یارمەتیدەر نییە لەو کێشە گەورەیەی هەمانە ڕزگارمان بکات؟**

د.موحسین ئەحمەد: لە ساڵی (٢٠٠٢)ەوە لەم بارەیەوە دەنووسم، دەمێکە، تا ئێستا سێ چوار جار گوتارم نووسیوە وەك پرۆژەیەك داوای فەرهەنگی کوردیی-کوردیی ستانداردم کردووە، بەڵام با ناوەندە کوردییەکان فەرهەنگێکی ئەوەندە مەزن دانەنێن، بەڵکو شتێك بکەن ببێتە سەرمەشق.

**ئایا لەو بڕوایەدا نین کە ئەمە مەسەلەیەکی مێژوویی و چارەنووسسازە و کورد دەبێت خۆی بڕیار بدات و هەموو لایەك لەسەری ڕێکبکەون و زاراوەیەك هەڵبژێرن، چونکە ئێمە بووینەتە قوربانیی مێژوو، سەرەنجام کورد دەبێت چارەسەرێکی مێژوویی بدۆزێتەوە؟**



د.موحسین ئەحمەد: ڕاستە، ئێستاش ئەم هەلکەوتە مێژووییە بۆ کورد هەڵنەکەوتووە، ڕاستە ئێمە ئێستا لە باشوور ئەو فرسەتە کەمێك لەبارە، بەڵام نەیارانی کورد چاویان هەموو شتێکی کورد دەبینێت و هەردەم لە نشوستی پێهێنانیدان، بەڵام ئەوەی کە تراژێدیترە، کورد خۆی هەموو شتێکی خۆی نابینێت. کێشەی مێژوویی کورد، واتە کێشەی زمان و کێشەی بوون. لەم بارەیەوە دەسەڵات و ناوەند و نوخبە ڕۆشنبیرەکانی کورد لە گەڕان و خەباتی چارەنووسساز، ئیتر چ زمان بێت، یان کێشەی سیاسیی، نابێت بە موجامەلە و سووکیی سەیری بکرێت، ئێمەی کورد پێویستیمان بە زیندووبوونەوە هەیە، زیندووبوونەوەیەکی مێژوویی، ئەمەش بە هێز و ئیرادە و کارکردن دەکرێت، نەك بە مانەوە لە ناو خەون و ئاواتی زاتیی، کە ئەمڕۆ بە ڕای من ئەم دیاردەیە لە ناو کورد باوە. مەسەلەی زمان مەسەلەیەکی سیاسییە، ئەمەش ستراتیژیی و ئامانجی فەرهەنگیی و سیاسیی دەوێت.

**لە نێوان کوردی باکوور و باشوور و خۆرهەڵات و خۆرئاوا ئەمڕۆ هەست بە جیاوازیی سیاسیی و کەلتووریی دەکرێت، لەو بڕوایەدا نین نوخبەی سیاسیی کورد بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە، ئەمڕۆ لە سەرووی هەموو ئەو جیاوازیی و کێشانەوە بێت؟**

د.موحسین ئەحمەد: بێگومان دەبێت وابێت، بەڵام نوخبەی سیاسیی کورد بەرامبەر بە کێشەی زمان خەوتووە!

**ئەو جیاوازییە سیاسیی و کەلتوورییانە کە بە کاریگەریی جیۆپۆلەتیکی مێژوویی لە کوردستان دروست بووە، درێژە بە هەمان کێشەکانی زمانی کوردیی دەدات، سەرەنجام زمانێکی یەکگرتوو دروست نابێت؟**

د.موحسین ئەحمەد: لەو باوەڕەدام ئەم جیاوازییانە تا ماوەیەکی نادیار بەردەوام دەبن، بەڵام ئێستا ئێمە سەروکارمان لەگەڵ باشووری کوردستانە، ئێرە دەشێت ببێتە ماتۆڕێکی بە هێزی کەلتووریی و زمانەوانیی و سیاسیی، بێگومان هەر واشە، لەو باوەڕەدام دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم، وێڕای ناوەند و دەزگاو نوخبەی رۆشنبیران لەم بارەیەوە خێراتر و بەگوڕتر کار بکەن، چونکە ئێمە بە پاشکەوتووین و زۆر شتمان بەسەردا تێپەڕیوە. دەبێت فەلسەفەیەکی سیاسیی و فەرهەنگیی روونتر و هێرشبەرتر بکرێتە پڕۆگرامی کارکردن. ئێمە پێویستیمان بە زیندووبوونەوە هەیە.

**کوردی باکوور هەردەم ئەوە دووپات دەکەنەوەو دەڵێن: زۆربەی کورد بە کرمانجیی قسە دەکەن، ئەمە تا رادەیەك راستە، بەڵام ئایا ئەم زۆربەیە کە بە درێژایی (٨٠) ساڵی رابردوو لە شارستانییەتی تواندنەوە ژیاوەو زمانی خۆی لەبیر کردووە پێی بنووسێت و بخوێنێت، چۆن دەکرێت ببێتە زمانی کوردانی باشوور و خۆرهەڵات کە نەکەوتوونەتە بەر سیاسەتی تواندنەوە؟**

د.موحسین ئەحمەد: ئەمە راستە، هیچ کاتێك بوونی زارێك یان زمانی ناوچەیەك زۆریی قسەپێکەرانی مەرجی بوون بە ستانداردبوون



ناگەیەنێت، ستانداربوون هێزی فەرهەنگیی و سیاسیی دروستی دەکات، ئەم هێزە ئەمڕۆ لە سۆرانیدا هەیە، بەڵام لە زارەکانی دیکەی کوردیدا نییە، بەڵام زارەکانی دیکەش کوردین و کوردیش لە حاڵەتێکی سیاسیی و فەرهەنگیی ناستاندارد و نالەبار دەژیە، بۆیە مانای ئەوە نییە زارەکانی تر دەبێت لەناو ببرێن، نەخێر، ئێمە بۆ دروستکردنی زمانی نەتەوەیەك دەبێت هەموو رێگایەك تاقی بکەینەوە.

**ئەلف و بێ، هۆکارێکی زۆر مەزنە بۆ لە یەکتر نزیکبوونەوە، پێتان وانییە کورد دەبێت سەرەتا ئەو کێشەیە چارەسەر بکات، ئینجا بێت کێشەی زمانەکە چارەسەر بکات؟**

د.موحسین ئەحمەد: بە راشکاوانە دەڵێم، من لەگەڵ بەکارهێنانی ئەلف و بێی لاتینیم، من پێم باشە هەموو کورد یەك ئەلف و بێ بەکاربهێنێت، ئەم ئەلف و بێیەش دەبێت لاتینیی گونجێنراو بێت بۆ زمانی کوردیی. ئەلف و بێی عەرەبی تەنیا بۆ زمانی عەرەبی باشە، بێگومان یەکگرتنی ئەلف و بێ بۆ زمانی کوردیی وەك هەنگاوی یەکەمی ستانداردبوونە.

**بۆچی دەسەڵاتی سیاسیی کوردیی کێشەی زمان و بەکارهێنانی زمانی کوردیی بە هەند وەرنەگرتووە، ئەمە مانای چییە، ئایا دەسەڵاتی سیاسیی کوردیی لە مێژوو تێ ناگات؟**

د.موحسین ئەحمەد: دیارە تێ ناگات، ئەمەش هەر بۆ خۆی کارەساتێکە. ئەمڕۆ زمانی کوردیی هەرکەس بە ئارەزووی خۆی بەکاریدەهێنێت. زۆرجار وتوومە چەند کورد لە جیهاندا هەیە، ئەوەندە زمانی کوردیی هەیە. بە داخەوە مێژوو لەگەڵ ئێمە زۆر دڕندە بووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کورد لەگەڵ خۆشیدا دڕندە بووە. لە کاتێکدا لە جیهاندا نزیکەی شەشسەد ملیۆن کەس بە زمانی فەڕەنسی قسە دەکەن، بەڵام هەر هەموویان بە یەك زمان قسە دەکەن. ئەمەش پێچەوانەی ئەو حاڵەتەیە کە لە نێو کورددا هەیە.

**مەریوان لە بارەی زمانەوە، لە وتارێکدا کە باسی ئەفکارەکانی ئەرنست ڕێنان دەکات، باسی لەوە کردبوو، کە بنچینەی ناسیۆنالیزم بریتییە لە زمان و خاك و مێژوو. لە کاتێکدا دەبینین ئەوەی جەوهەرییە لە ناسیۆنالیزم لە روانگەی ئەرنست ڕێنان بڕیاردانی بەیەکەوە ژیانی کۆمەڵە خەڵکانێکە، واتا ڕێککەوتن و بوونی کارەساتی هاوبەش لە مێژوو. لێرە زمان دەبێت بە شتێکی فەوقی و پاشان دروست دەبێت، کەواتە لای ئەرنست ڕێنان زمان پەیوەندیی بە ئیرادەیەکی مادییەوە هەیە و کۆمەڵە خەڵکانێك پێشتر بڕیاریان داوە بەیەکەوە بژین و ئینجا دواتر زمانێك هەڵدەبژێرن، کەواتە زمان هۆکارێك نییە لەوەی کۆمەڵە خەڵکێك بەیەکەوە بژین. سەرچاوەی ئەو روانینە سیمینارێکی ئەرنست ڕێنانە بە ناوی (نەتەوە چییە)، ئەوە ناسراوترین کێشەیە دەربارەی نەتەوە. زمان**



**هۆیەك نییە بۆ دروستبوونی نەتەوە، بەڵکو ئەنجامێکی پێکەوەژیانە، تێڕوانینی ئێوە لەو بارەیەوە چییە؟**

د.موحسین ئەحمەد: لە لای ئەرنست ڕێنان نە زمان نە خاك نە بەرژەوەندیی هاوبەش و نە ئایین، هۆکارێك نین بۆ دروستبوونی نەتەوە و مەرجی ناسیۆنالیزمیش نین. ئەوەی نەتەوەیەك دروست دەکات، بڕیاری بەیەکەوە ژیانە، بوونی رابردووی هاوبەش و درێژبوونەوەی ئەم رابردوو و ئەم بەیەکەوە ژیانەیە بەرەو ئایندە، هەروەها ئامادەیی لەبیرکردنی کارەساتەکانی رابردوو و قوربانیدان لە پێناوی یەکتر... هتد. ئەمانەن فاکتەری سەرەکی لە دروستکردنی نەتەوەیەکدا، چونکە هیچ نەتەوەیەك لە یەك نەژاد پێك نایەت، بەڵکو هەردەم کۆمەڵێك نەژاد بەیەکەوە دوای لەبیرکردنی رووداوە خوێناوییەکانی نێوانیان یەکدەگرن و نەتەوەیەك پێکدەهێنن، چونکە مرۆڤ هەردەم بیری لە هێزکردووەتەوە، بڕیاردانی بەیەکەوە ژیان هێزی زۆرتر بەرهەم دەهێنێت... هتد. زمان بە پلەی دووەم دێت، زمان وەك ناسنامە دێتە بەرچاو، نەك جەوهەری پێکهێنەر.

**کورد بۆ ئەوەی وەك نەتەوەیەك بناسرێت، پێویست نییە زمانێکی هەبێت؟**

د.موحسین ئەحمەد: بێگومان.

**ناكرێت چەندان دیالێكت هەبن و یەكێك بۆ زمانی ستاندارد هەڵبژێردرێت و ئەوانی دیكەش دیالێكتی میللی بن بۆ قسەكردن؟**

د.موحسین ئەحمەد: هەڵبەت ئەمە دەكرێت، بەڵام زمانی ستاندارد دەسەلاتی بەرز و خەملێو و پێگەیشتوو دروستی دەكات، ئەم دەسەلاتەش خۆی لە دەسەلاتی سیاسیی و فەرهەنگییدا دەبینێتەوە. بە داخەوە هێشتا ئەم دەسەلاتە پێگەیشتووە لە ناو كورددا دروست نەبووە، ئێمە نەك هەر لە بواری سیاسییدا یەكگرتوو نین، لە بواری فەرهەنگیشدا یەكگرتوو نین، ئێمە كێشە و شتەكانی خۆمان خۆش ناوێن، ئەمەش سەرچاوەكەی دەگەڕێتەوە بۆ دواكەوتوویی كورد و ئەو چەوساندنەوانەی بینیویەتی. ئێمە پێویستیمان بە یەكگرتن و زیندووبوونەوە هەیە.

**ئەگەر سەیر بكەین، لافلێدانی رۆشنبیریی لە ناو چینی رۆشنبیرانی ئێمەدا هەیە، لە جیاتی بە جدیی كێشەكانی مرۆڤی كورد باس بكەن و وەك خۆی كە هەیە ئیتر زمان و ئایین و كۆمەڵ... باس لەو شتانە دەكەن بە رستەو شێوازێك تەنیا بۆ خۆپیشاندانی خۆیان، لە كاتێكدا گەلی كورد پێویستی بە خۆبەخشی كاركردن و قوربانیی هەیە، روانینی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

د.موحسین ئەحمەد: ئەم دیاردەیەم هەست پێ كردووە، ئەم لافلێدانە رۆشنبیرییە لە ئارایشێكی درۆزن زیاتر نییە، بەرگێكی جوانە



سەرچاوەكەی نەزانیی و بە هەندوەرنەگرتنی شتەكانە، سووك سەیركرنی خۆیە، بێ ئەوەی ئەو كەسە هەستی پێ بكات. بە داخەوە رۆشنبیرانی كۆنمان لەم رووەوە سادەتر و روونتر بوون، ئەمەش مانای ئەوە نییە ئێمە دەبێت بۆ شتە باشە لەناوچووەكانی رابردوو بگرین، نەخێر، بەڵكو مەبەست لەمە، ئەوەیە ئێمە زۆرمان ماوە بگەینە ریزی میللەتانی زیندوو و بە ئاگا، ئێمە قوربانیی و كاركردنی زۆری پلان بۆ دانراومان پێویستە.

# گفتوگۆی پێنچەم

**د. کەریم کەمار**

## گفتوگۆی پێنجەم

**د. کەریم کەمار:**

**کورد نەیتوانیوە لە بیرکردنەوەشدا سەربەخۆ بێت، لە تورکیا بە تورکی و لە عێراق و سوریا بە عەرەبی و لە ئێران بە فارسی بیردەکاتەوە.**

د. کەریم، لە دایکبووی خۆرئاوای کوردستانە و لە وڵاتی فەرەنسا گەورە بووە. خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە و ماوەی سێ ساڵە مامۆستای زمان و ئەدەبیاتی فەرەنسییە لە بەشی فەرەنسی کۆلێژی ئاداب-زانکۆی سەلاحەدین.

زمان و ئاسایشی نەتەوەیی، کاریگەرییەکانی بوونی دوو زمان لە نەتەوەیەك و ئاراستەکانی بەرەو دوو شارستانییەت لەسەر ئایندەکانی ئاسایشی نەتەوەیی، تەوەری ئەم دیمانەیەیە کە د.کەریم تێیدا قسە لەسەر



زمان و نەتەوە بەگشتیی و زمان و مەترسی بە ئاسایشی نەتەوەییەوە دەکات بۆ (ئاسۆ). لێرەدا د.کەریم تیشك دەخاتە سەر کۆمەڵێك خاڵی هەستیار کە لە ناو زمانی کوردیدا هەستیان پێ دەکرێت.

لە بارەی ئەو مەترسییانەی سەرەتا کە لە دوو لەهجەوە سەرهەڵدەدەن و بۆ ئەوە هەنگاو دەنێنن کە ببن بە دوو زمان و شارستانییەتی جیا، دەڵێت: "بە بڕوای من، ئێستا مەترسییەکی زۆر گەورە لەو روانگەیەوە هەستی پێ دەکرێت، تەنانەت هەڵەیەکی زۆر گەورەیە ئەگەر بڵێین تەنها مەترسییە، چونکە ئەوەی لە داهاتوودا لە مەترسی دەرباز دەبێت و جێگای داخە، کە رۆشنبیری کورد ئەو راستییە یان نابینێت، یاخود ناخوازێت ببینێت و یاخود ناتوانێت بیبینێت. بارودۆخی ئێستای کوردستان و زمانی کورد زۆر ناسکە و ئەگەر بەراوردی بکەین بە نەتەوەکانی دیکە کە لەو قۆناغە دەرباز بوون، بۆ نموونە ژاپۆن، چین و شارستانییەتەکانی خۆرئاوا. کورد ئێستا چ وەك نەتەوە چ وەك زمانیش لەو نەتەوانە جیاوازە، چونکە رەوشی کورد بە پێی جوگرافیاکەی زۆر مەترسیدارترە لەوانە. هەروەها مەسەلەی تەکنۆلۆژیاش خاڵێکی گرنگە، لێرەدا ئەگەر بە وردیی تەماشای نەکەین زمانی کوردیی رەنگە ببێتە (٤) زمان".

ئەو، دەڵێت: "پێویستە مرۆڤ ریالیست (واقیعی) بێت و ئەو مەسەلەیەش سەدان ساڵە هەیەو ماوەتەوە. بۆ نموونە نووسینی کوردیی لە

سەدەی (١٣)دا دەست پێ دەکات لەگەڵ قوتابخانەکانی بایەزید و دەستنووسەکانی دیکە. قۆناغێکی دیکە دێت هەورامی بەرەو پێشەوە دەچێت و دواتر سۆرانیی و کرمانجیی هەریەك و لە قۆناغێك بەرەو پێشەوە چوون. مەبەستی من ئەوەیە، پێویست ناکات بڵێین با سۆرانیی یاخود کرمانجیی و هەریەکێکی دیکە زاڵ بێت بەسەر ئەوی دیکە. کە ئەوانەش دەگەڕێتەوە سەر دووخاڵ، ئەویش نەزانیی و تێنەگەیشتن لە زمان. من زۆر سەیری ئەوانە دەکەم کە ڕۆشنبیرانی کورد چ لە کوردستان و چ لە ئەورووپا دەنووسن تا رادەیەکی زۆر بەرز نەزانییان تێدا بەدی دەکەیت. کە یەکێك دەڵێت با کرمانجیی وابێت و ئەوی دیکەش دەڵێت با سۆرانیی وابێت، ئەوە پێشانمان دەدات کە مرۆڤی کورد لە مێژوو تێنەگەیشتووە و هەستی نەتەوایەتیشی تا رادەیەکی زۆر لاوازە، ئەوەش کێشەیەکی زۆر گەورەیە".

د.کەریم لە بارەی دوولەتبوونی زمانی کورد و کاریگەریی لەسەر ئاسایشی نەتەوەییەوە، دەڵێت: "ناتوانم بیڵێم ئەوە تەنیا بە کاریگەریی رادەوەستێت، بەڵکو ئەگەر وابێت ئاسایشی نەتەوەیی وەك ئەو شێوەیەی ئێستای نامێنێت، چونکە ئێمە هێشتا نەبووینەتە وڵات. دوژمنی کورد ئەوەی سەدان ساڵە کەلتووری خۆی لەسەرمان زاڵکردووە، نەیتوانیوە کەلتووری ئێمە لەناوبەرێت، کەچی کورد خۆی بە دەستی خۆی و بە ئیرادەی خۆی ئەو کەلتوورە تێك دەدات".



لەبارەی ئەوەی ئەگەر کورد کیانێکی سەربەخۆی هەبووایە تاچەند ئەو بارە دروست دەبوو، ئەو دەڵێت: "ئەگەر کورد ببێت بە وڵاتێکی سەربەخۆ، ئەو بارودۆخە هەمووی دەگۆڕێت، بەڵام ئەگەر کوردستانیش سەربەخۆ بوو، کەچی ئیرادە نەبوو بۆئەوەی زمانزانان لە ئەزموونی وڵاتانی دیکە سوود وەربگرن و وەك ئەو ئەزموونانە بۆ کوردستانیش نەگوازرێتەوە، سوودێکی نابێت، چونکە ئێمە لە مەریخەوە نەهاتووین و لەسەر ئەو زەوییە دەژین و دەبێت حیساب بۆ ئەزموونی وڵاتان بکەین. ئەو پێی وایە: مەسەلەی زمان تا رادەیەکی زۆر، ویژدان جیاوازیی دەکات، بۆ نموونە زمانەوانان دەڵێن (زمان دەربڕینی فکرە)، بۆ ئێمە نەمانتوانیوە لە رووی فکرەوە سەربەخۆ بین؟! چونکە ئەو کوردەی لە باکوور دەژی، بە تورکی بیر دەکاتەوە، ئەوەی لە باشوور و خۆرئاوایە بە عەرەبی بیردەکاتەوە، ئەوەی لە ئێران دەژی بە فارسی بیردەکاتەوە، ناتوانین بۆخۆمان بیربکەینەوە، بۆ بەرژەوەندیی خۆمان بیربکەینەوە، ئەوەی کێشەکەیە و ئەگەر ئەو مەسەلانە لەیەکتر جیانەکەینەوە و بە وردیی سەیری نەکەین، بەڕاستی هیچ گەشبینییەکی تیا بەدی ناکرێت".

ئەو، دەڵێت: "ئەگەر سەیر بکەین ئیرادەی سیاسیی لە هەموو دونیادا لەسەرووی ئەمانەوەیە، چونکە دەوڵەت ئەگەر ئیکۆنۆمی نەبێت بەڕێوە ناچێت. بۆ مەسەلەی زمانیش ئەگەر دەزگا نەبێت بەڕێوە ناچێت، ئەو دەزگایەش بۆ دامەزراندنی، دەبێت ئیرادەیەکی راستی هەبێت، نەك

ئیرادەیەکی تیۆریی. من نالێم مرۆڤی هەستیار نییە، بەڵام پێویستە مرۆڤی هەستیار دەرفەت ببینێت و بە هەندی وەرگرێت. بۆ نموونە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەم مەسەلەیە، بۆ کەس نانێرێت بۆ دەرەوە؟ بۆ کەس نانێرێت بۆ وڵاتانی وەك ژاپۆن و چین و فەرەنساو ئەو وڵاتانەی لە سەرەتادا کێشەی زمانیان هەبووە؟ یان بۆ مەسەلەی زمان بە شێوەیەکی زۆر زانستیی ناخوێنرێت، کە چۆن دەتوانرێت ئەو زمانە لەو قەیرانەی ئێستا تێیدا دەژی، چارەسەر بکرێت؟ چونکە ئێستا بادینییەکان و سۆرانییەکان وەك ئەوەی من دەیبینم تەواو لەیەکتری جیابوونەتەوە و تەنانەت وەك یەکیش بیرناکەنەوە و ناکۆکیی لە نێوانیاندا هەیە، هاوکات هەردوولاش دەڵێن ئێمە کوردین. خاڵێکی دیکە وڵاتێکی وەك ژاپۆن تا ئێستاش دوو ئەلفبای هەیە، چین ئەو وڵاتە گەورەیەیە دوو زمانی هەیە و کەسیش لە زمانەکانی یەکتر ناگات، بەڵام نەتەوەیە، کەچی ئێمە لەیەکتر دەگەین و یەك نەتەوەشین، ئەو کێشەیەمان بۆ خۆمان دروستکردووە. دوژمنانی کورد سەدان ساڵە کورد وەك مرۆڤ سەیر ناکەن، کوردیش کە خۆی وەك نەتەوە دادەنێت، دەبێت بناغەیەکی هەبێت بۆ نەتەوەیبوون، کە بناغەی دروستبوونی هەر نەتەوەیەك زمانە.

ئێمە کاتێك ویستمان خۆمان لە نەبوون رزگار کرد، چۆن ناتوانین زمانی خۆمان لە قەیرانێك رزگار بکەین؟ ئێمە پێویستە شەڕی چاکسازیی زمان بکەین، نەك شەڕی جیاوازیی، کە ئەوەش پێویستی بە ئیرادەیەکی سیاسیی بەهێز هەیە. ئەوە ئەرکی سەرەکی ئەکادیمیای



کوردییە ئەو ئیرادەیە دروست بکات، بۆ ئەوەی زمانێکی رەسمیی هەبێت. دەبێت مرۆڤی کورد خۆی گەورە ببینێت و زۆریی زاراوەکانیش وەك فاکتەرێکی دەوڵەمەندیی سەیر بکەین، نەك وا سەیر بکەین ئەوە بارێکی گرانە لەسەر ئێمە دروست بووە و چارەسەر ناکرێت".

ئەو بۆچوونی وایە، کە هیوایەکی گەورە لە لای کوردەکانی هەموو دونیا هەیە بەوەی کە پارچەیەك لە کوردستان رزگار بووە، وەك دەڵێت: "لە هەرشوێنێك کوردێك هەبێت هیوایەکی گەورەی هەیە بەوەی پارچەیەك لە کوردستان رزگار بووە، ئینجا ئێمە بە چ مافێك بەو شێوازە مامەڵە بکەین و ئەمڕۆ هەست بە نەتەوەی خۆمان نەکەین. ئێمە کە نەتەوەین، دەبێت وەك نەتەوەپەرست کار بکەین، کە ئێمە دەڵێین کوردین، دەبێت وەکو کورد چ لە بواری زمان و سیاسەت و کۆمەڵگەی مەدەنیی... هتد لە بەرژەوەندیی وڵاتەکەمان کاربکەین، بەداخەوە من وای دەبینم ئەو هەستە زۆر لاوازە، چەند ئەنتەلەکتۆل هەیە و خۆی بە زمانزان دەزانێت، من ئەوە بە زمانزان نابینم، راستە دەزانێت زمان چییە و تیۆری زمانی خوێندووە، بەڵام ئایا ئەوە بەسە بۆ ئێمە؟! وڵاتێکین هەموو دەوروبەرمان گورگە و وجودی کورد قبووڵ ناکەن. بۆ نموونە تورکیا بە هەموو هەوڵێك دەیەوێت سۆرانیی گەشە بکات، ئێران و عێراق دەیانەوێت کرمانجی گەشە بکات بۆ ئەوەی ئەو بەشەی لە ناوخۆیدایە بتوێتەوە و ناڕەزا بن، ئەوەیە زمانی کورد!".

خالێکی گرنگ هەیە پێویستە زمانزانی کورد دوور لە بەرژەوەندیی شەخسیی خۆی رەچاوی بکات، ئەویش ئەوەیە بە سنگێکی فراوانەوە کار لەسەر زمانەکەی بکات، نەك تەنیا لە پێناوی ئەوەی شتێك بنووسێت. من زۆر سەیری فەرهەنگی کوردیی و فەرەنسی دەکەم، ئەگەر بێت و زمانی کوردیی بە شێوازێکی شارستانییانە و مۆدێرن کاری لەسەر بکەیت و چاکسازیی لەسەر بکەیت، زۆر دەوڵەمەندترە لە زمانی فەرەنسی. ئەوە نموونەیە بۆ دەوڵەمەندیی ئەو زمانە، لە کەسێکی وەك نالی و ئەحمەدی خانی و پیرەمێرد بڕوانیت، هەریەکە و لە حاڵی خۆی فەرهەنگێکە بۆ زمانی کوردیی، پێویستە شانازیی بەوانەوە بکەین کە لەو سەردەمانەوە ئەمانەیان بۆ ئێمە داناوە و ئەو زمانەیان ئەوەندە بەرەو پێشەوە بردووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ئەو دەوڵەمەندییە وەك قەیران دەبینین! ئەوە قەیران نییە، بەڵام ئەوە کێشەی کوردە کە نە سەبری هەیە و نە بیری نەتەوایەتیشی هەیە بەو شێوەیە.

د.کەریم، پێی وایە: ئەو کاریگەرییانەی ئێستا لەسەر کەلتووری کوردیی هەیە، هەمووی لە ئەنجامی ئەو سیاسەتانەوە هاتووە کە عەرەب و تورك و فارس بەرامبەر بە کورد پەیڕەویان کردووە. ئاماژەش بەوە دەکات، ئەگەر بێت و کورد لە ئەلف و بێ-وە گۆڕانکاریی بکات، شتێکی باش دەبێت بۆ گۆڕان و رۆیشتن بەرەو ئەو شێوازەی کە لەگەڵ زمانەکەدا دەگونجێت، هەروەك دەڵێت: "ئەگەر ئێستا نووسینی کوردیی بکرێت بە لاتینیی، رەنگە ئەستەم بێت و دوو تا سێ نەوەش سوودی لێ نەبینێت و



بە لایانەوە ناخۆش و گران بێت، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا سوودێکی زۆر دەبینێت لە رووی شارستانییەت و نووسینەوە". ئەو دەڵێت: "مرۆڤی کورد لە هەموو روویەکەوە قوربانیی داوە، مرۆڤی کورد بوەتە چوار ویژدان و چوار هەست، چوار رامان، بۆیە پێویستە لە ژێر سێبەری ئەو راستییانەدا کار بکەین. ناتوانم ئێستا باسی ئەوە بکەم ئەلف و بێ-ی عەرەبی یان لاتینیی کامیان فەرز بکرێت. من ئێستا مامۆستای زمانم، بە بڕوای من، لاتینیی باشترە بۆ فۆنەتیکی کوردیی، بە تایبەت لە پیتە دەنگدارەکان، هەرچەندە ئەوەش کێشەیەك نییە لە سەرەتاوە ئەگەر ئێمە بمانەوێت نەتەوەیەك ئاوا بکەین".

د.کەریم کەمار پێی وایە: بەرەو دوو نەتەوەبوونی یەك نەتەوە، سەرەتا لە زمانەوە دەست پێ دەکات و دەڵێت: "پێویستە ئێمە ئەو دەرگایە والا نەکەین، بۆ ئەوەی ببین بە دوو شارستانییەتی جیا، کە لە داهاتوودا ئەو دوو شارستانییەتە لێکنزیکە کێشەی زۆریان بە هۆی بوونی هەندێ کەلتووری لەیەکچوو لە نێوانیاندا دروست دەبێت". ئەو نموونەکەی بەوە دەهێنێتەوە، کە نەتەوەکانی فەرەنسی و ئینگلیزیی و ئیتاڵی... هتد لە سەرەتادا یەك نەتەوە بوون، بەڵام دواتر کە لەیەك جیابوونەوە و هەریەکەو بەرەو شارستانییەتی خۆی هەنگاوی نا، ئێستاشی لەگەڵدابێت، گەورەترین کێشە کەلتوورییەکان لە نێوان ئەو نەتەوانە ماوەتەوە. فەرەنسییەك ئەوەندە خۆشیی بە ئینگلیزێك نایەت ئەگەر بشزانێت زمانەکەی نێودەوڵەتییە".

## گفتوگۆی شەشەم

**د. قەیس کاکل**

## گفتوگۆی شەشەم

**د. قەیس کاکل:**

**ناسیونالیزمی کوردیی بزووتنەوەیەکی کاردانەوەییە، کەی مەترسی گەیشتە هێڵی سوور، ئینجا هۆشیار دەبێتەوە.**

د.قەیس کاکل، سەرۆکی بەشی زمانی کوردیی لە کۆلێژی پەروەردەی سۆرانی زانکۆی سەلاحەدین. خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە زمانی کوردیدا. ماوەی (١٣) ساڵە لە زانکۆ لە بواری زمانی کوردیدا کار دەکات. لەم دیمانەیەدا لە بارەی کێشەکانی زمان و بەستانداردکردنی زمانی کوردیی قسە دەکات و تیشك دەخاتە سەر ئەو مەترسییانەی لە میانەی زمانەوە لە ئایندەدا رووبەڕووی ئاسایشی نەتەوەیی کورد دەبنەوە.



**ئەگەر لە روانگەی هەستی ناسیۆنالیستییەوە سەیری زمانی کوردیی بکەین، تا چەند هەست بەوە دەکەین زمانی کوردیی بووەتە ناسنامەیەك بۆ نەتەوەکەی و بە بەشێکیش لە ئاسایشی نەتەوەیی دادەنرێت. ئایا ئەمە بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی زوو چۆن دەبینیت؟**

د. قەیس کاکل: رەنگە دروستبوونی زمانی ستاندارد کۆمەڵێك هۆکاری بابەتییانەی پێویست بێت و رەنگە هەستی نەتەوایەتیش یەکێك بێت لەو خاڵانە و تەنانەت بە گرنگترین خاڵیش دابنرێت. من باوەڕم وایە ئەگەر دوو هەستی جیاواز بەرامبەر بە زمان دروست بێت، دەبن بە دوو نەتەوەی جیاواز، ئەگەر دوو هەستی جیاواز دروست بوو، یان بڵێین هەستی زار بەهێزتربوون لە هەستی نەتەوە بەو ئاراستەیە دەڕوات، کە ببێت بە دوو نەتەوە. من ناڵێم هەستی نەتەوایەتی لای کورد بێهێزە، بەڵکو بە پێچەوانەی دەبینم، ئەو هەستەی لای کورد هەیە هیچ لەو وڵاتانەی دەوروبەر کەمتر نییە. بۆ نموونە لە سوریا خۆپیشاندانێك دەبێت، لێرە هەموومان دەخرۆشێین، بەڵام گلەییەکە با زیاتر لە نوخبەی رۆشنبیر و دەسەڵاتی سیاسیی بکەین، ئەوان ئەو هەستە پاکە بەو ئاراستەیە نابەن کە لە بەرژەوەندیی نەتەوەکەدایە. ئەگەر بیر لەو هەنگاوانە بکرایاتەوە، رەنگە ئێمە پازدە ساڵە وەك دەوڵەت بواین.

**چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی سیاسیی و نوخبەی رۆشنبیر هەست بەو کێشەیە بکەن و میکانیزمێکی چارەسەری بۆ بدۆزنەوە؟**

د. قەیس کاکل: ئەوەی من دەیبینم ئێستا کێشەی زمانی کوردیی بە ئاراستەیەك دەڕوات، کە بەرەو ئاڵۆزبوون دەچێت. لەبەرئەوە دەڵێم بەرەو ئاڵۆزیی دەڕوات، ئێستا لە رۆژنامەکان زۆر بە راشکاویی ئەو قەزیەیە پێشنیاز دەکرێت و موزایەدە لەسەری دەکرێت و هەندێك جار زمانی توندیش بەرامبەر بە یەکتری بەکاردەهێنن، ئەمە وای لێ دێت تۆ هەمیشە لە سەنگەری بەرگریدا بیت لە لەهجەکەی خۆت. چەند ساڵێك بەر لە ئێستا ئەم دیاردەیە بەو شێوەیە لە رۆژنامەکان باس نەدەکرا.

بە باوەڕی من ئەمە کاری خەڵك نییە کاری تێدا بکات، بەڵکو کاری دەسەڵاتە کە بەرنامەی تۆکمەی بۆ دابنێت، هەم لە بەرنامەی درێژخایەن و هەم لە بەرنامەی کورتخایەن. هەموو نەتەوەیەك زمان و نەتەوەکەی خۆی خۆشدەوێت. لەگەڵ ئەوە نیم کە بە سووك سەیری هیچ لەهجەیەك بکرێت، ئێستا لە پارێزگای دهۆك سەدان وشەی کرمانجی ناوەڕاست (سۆرانیی) بەکاردێت، کە خەڵکەکە ئاسایی بەکاریدەهێنن، لە هەولێر و سلێمانیش بەهەمان شێوە. ئەگەر هەر بە ئاسایی ئەو وشانە بەکاربێن، ئەو بارگرژییە دروست نابێت و خۆی تێکەڵ دەبێت، بەڵام بەیانی ئەگەر بە بەرنامەیەکی زەق کە لەگەڵ تێڕوانینی کۆمەڵایەتیی و دەروونیی خەڵکەکە نەگونجێت، ئەو کارە بکرێت، ئەو کات کاردانەوەیەکی دەبێت بەرامبەری، رەنگە



بادینییەکان وشەیەکی سۆرانیی بەکارنەهێنن ئەگەر بزانن ئەو وشەیە سۆرانییە و سۆرانییەکانیش بەهەمان شێوە.

بۆیە زۆر گرنگە بەر لەوەی ئەو بەرنامەیە دابنرێت، زەمینە خۆشبکرێت لە رووی دەروونیی و کۆمەڵایەتییەوە، تەنانەت پێم باشە بەرنامەکە وا دابنرێت کە خەڵك ئاگای لێ نەبێت، پاش دە پازدە ساڵ سەیر دەکەین زمانێکی ستاندارد دروست بووە، بێ ئەوەی کەس بشزانێت چۆن دروست بووە. واتا دەبێت دەزگایەك هەبێت. دەزگای ئاسایشی نەتەوەیی چۆن بەرنامە بۆ ئاسایشی خۆراك و ئاو و تەکنۆلۆژیا و... هتد دادەنێت، دەبێت بەرنامەیەکی وەها دابنێت بۆ سەرکەوتنی زمانی یەکگرتووی کوردیی.

کوردیش زۆر قەرزاری زمانەکەیەتی، چونکە زمانی کوردیی تاکە فاکتەر بووە کە کوردی وەك نەتەوەیەك هێشتووەتەوە، هەموو سەنگەرەکانی نەتەوەیی کورد داگیرکراون، زمان دوا سەنگەری نەتەوەیی بووە کە تەسلیم نەبووە و نەتەوەکەی وەك خۆی هێشتەوە.

**ئەوەی تێبینی دەکرێت لە دەسەڵاتی سیاسیی کوردیدا، هەست نەکردنێك بە مێژوو و زمانەکەی هەیە، یان با بڵێین بۆچی دەسەڵاتی سیاسیی پرۆژەی ریفۆرمی زمانی کوردیی بە شێوەیەکی سەرتاپاگیریی دەست پێ نەکردووە؟**

د. قەیس کاکل: من نالێم هەستی پێ نەکردووە، بە پێچەوانەوە هەستی پێ کردووە. من ناتوانم لە جیاتی ئەوان قسە بکەم. بەڵام تۆ سەیر بکە لە شۆڕشی ئەیلوول چەند زمانەوانێك چوونە لای بارزانی نەمر بۆ ئەوەی لە دهۆکیش بە بادینی بخوێنرێت، هەرچەندە ئەو کەسێکی زمانەوانیش نەبوو، سیاسیی بوو، بەڵام تێڕوانینێکی هەبوو نەیهێشت و رێگەی پێ نەدا، تەنانەت باس لەوە دەکەن خۆی لەوانە تووڕە کرد کە ئەو پرۆژەیەیان پێشکەش کردبوو. لە ساڵانی حەفتادا زمانی کوردیی زۆر بەرەو پێش رۆیشت، ئەو کاتە بوو بە زمانی خوێندن و زانکۆکان و نووسین. پێشتریش کاری زۆری لەسەر کرا، بەڵام لەو قۆناغەدا چەسپا، سەیر دەکەین هەورامییەك و بادینییەك... هتد هەمووی بەو لەهجەیە دەینووسی. دوای ئەوە ئەگەر سەیر بکەین کە ئایا قیادەی کوردیی بۆ کاری نەکردووە؟ من پێم وا نییە ئەوە ئەنقەست بێت کە ئەو بابەتەی فەرامۆشکردبێت و هەستی پێ نەکردبێت، بەڵام من پێم وایە ناسیونالیستی کوردیی بزووتنەوەیەکی کاردانەوەییە، پرۆژەی نەتەوەیی نەبووە وەك بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیی، بەرنامەمان نەبووە، بۆ نموونە لەپەروەردە وا بکەین و لە کشتوکاڵ وا بکەین، لە بازرگانیی و... بەڵام کەی مەترسی گەیشتە خەتی سوور ئینجا هۆشیار دەبینەوە و هەموو وزەی خۆمان لەو قەزیەیەدا سەرف دەکەین. تەنانەت بە راشکاویی دەیڵێم زۆرجار دوژمنی کورد ئێمەی فێری کوردایەتیی کردووە...، مەسەلەی



کەرکووك و سنوورداخستنی تورکیا و ئێران و ئەزمەی سووتەمەنیی و کارەبا ئەوانە هەموو کێشەن، کەچی پرۆژەمان نییە، هەمووی کە دەگاتە خەتی سوور بۆ ئەوەی تەواو تێکبچێت، ئینجا هەستی پێ دەکرێت و ئەو کاتیش دەسەڵات هەموو تاقەی خۆی بۆ ئەو بوارە تەرخان دەکات و هەموو لایەکی دیکە فەرامۆش دەکات. پێم وایە ئێستا زمان بەو ئاراستەیە دەڕوات رەنگە زۆری نەمابێت بگاتە ئەو قۆناغە.

**زمانەوانان و شارەزایانی بواری زمان تێبینی ئەوە دەکەن کە کێشەی زمان و دروستبوونی زمانێکی یەکگرتوو، ئەوەندە مەترسی نییە لە ناو کورددا وەك ئەوەی کەسانی دیکە باسی لێوە دەکەن، ئەمە لەم روانگەیەوە راستە. ئەگەر بۆ مێژوو بگەڕێینەوە و سەیری ئەوە بکەین کە زمانی کوردیی لە ماوەی چەندان ساڵی رابردوودا بەرامبەر بەو زمانانەی وڵاتانی داگیرکەر نەتوایەوە و توانی بەرگریی بکات، بەڵام لە ئێستادا کە کورد خۆی دەیەوێت لە هەموو بوارێکەوە لەهجەکانی لەیەکتر جودا بکاتەوە، ئایا ئەوە سەرەتایەك نییە بۆ هەنگاونان بەرەو دوو زمان و دوو نەتەوە و شارستانییەت؟**

د. قەیس کاکل: زۆر لە رۆشنبیرانی کورد و تەنانەت هەندێك لە مامۆستایانی زانکۆش پێیان وایە: دوو ستاندارد لەو قۆناغەدا بۆ کورد ئاساییە و پێویستە کورد دوو زمانی ستانداردی هەبێت. راستە ئێستا

چەند ولاتێکیش هەیە دوو ستانداردی هەیە، وەك کەنەدا و سویسرا و تەنانەت لە عێراقیش ئێستا دوو زمانی جیاواز هەیە وەك کوردیی و عەرەبی، بەلام ئەوانە دوو کەلتووری جیاواز و دوو نەتەوەی جیاوازن، بەوەی هەریەکەیان سەر بەنەتەوەکەی خۆیەتی، بەلام ئەگەر لە ناو یەك نەتەوەدا، کە یەك کەلتوور و یەك فەرهەنگی هەیە، بۆ دوو زمانی جیاواز هەبێت؟! بوونە دوو زمان ئایا لە بەرژەوەندیی پرسە نەتەوەییەکاندایە یان وەك دەوڵەت تەنیا ئامانج ئەوەیە کە ئامانجە ئیدارییەکان جێبەجێ بکەی. زۆر ولات لە دوای رزگارکردن لە دەست داگیرکەران پلانی جیاواز جیاوازیان بەکارهێنا، هەندێکیان ئەو پلانانەبوو کە زمانی دەوڵەتی داگیرکەریان بەکاردەهێنا، بەتایبەت لە قۆناغێکدا کە زمان خۆی سادە بێت. لێرەدا ئەوە خۆی ئامانجی نەتەوەیی جێبەجێ ناکات و تەنیا ئامانجە ئیدارییەکان دەپێکێت. بەهەرحاڵ من بڕوام وایە یەك زمانی ستاندارد هەبێت بۆ کورد زۆر باشترە. هەم بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان و هەم بەرژەوەندییە ئیدارییەکانت بۆ دابین دەکات و دەتوانین کاروباری پێ بەڕێوەببەین و تەسەوڕیشم وایە، ئەوە لە خەمساردیی دەسەلاتی کوردیی بووە.

**ئەوەی تێبینی دەکرێت، لە ماوەی رابردوودا هەموو ئەو کێشانەی لە سەر زاراوەکان و زمانی کوردیی دروست بووە، سەرەتا لە قوتابخانەکانەوە سەری هەڵداوە، هەڵبەت ئەوەش دەستێکی سیاسیی لەپشتەوە بووە، تەنانەت زۆربەی بڕیارەکانی دانانی زمانی ستاندارد لە کۆنگرە**



**پەروەردەییەکانەوە بووە. ئایا پێتان وا نییە سیاسەتی کورد لەو روانگەیەوە رۆڵێکی سلبیی بینیوە، کە لەلایەك زیندووکردنەوەی کرمانجیی بووە و لە لایەکی دیکەشەوە هێنانە ناوەوەی زاراوەی هەورامی بووە؟**

د. قەیس کاکل: با بەو شێوەیە نەڵێین ئەوان ئەو کێشانەیان دروستکردووە، بەلام دەسەلاتی سیاسیی رەنگە هاندەربووبن بۆ دروستکردنی ناکۆکییەکان لە ناو لەهجەکان، بەلام یەك شت هەیە، لە کاتی دوو ئیدارەیی، لە ماوەی شەڕی براکوژیی، هەرچی دابەشبوو، شتێکی ئاسایی بوو، چونکە هەموو شتێکی وەك وەزارەت و دادگا و پەرلەمان... ئەوانە هەموو بە یەك بڕیاری سیاسیی دەتوانی یەکی بخەییەوە، بەلام بۆ مەسەلەی زمان چ بڕیارێك دەدەن؟! هەر بە بڕیاریش چاك نابێت و رەنگە پێویستی بە (١٠) ساڵی دیکە هەبێت هەتا دەگەینەوە بارودۆخی پێش شەڕی براکوژیی لە مەسەلەی زماندا.

**لە ناو کورددا هەست بەوە دەکرێت دوو ئاراستەی جیا هەیە بۆ دروستبوونی دوو زمانی ستاندارد و کاریشی لەسەر دەکرێت، ئەگەر بڵێین ئێستا ئەم جیاوازییە دروست بووە و نازانرێت ئایندەکەی چۆن دەبێت. بە بڕوای ئێوە ئەم ئاراستە جیایانە تا چەندە مەترسییان لەسەر ئایندەی کوردستان دەبێت، بە تایبەت ئەگەر دوو زمانی سەر بەیەك نەتەوە و شارستانییەت بن و لەگەڵ یەك بژین، تا چەندە ململانێ لە نێوان خەڵکەکانی دروست دەبێت؟**

د. قەیس کاکل: خۆ ئەگەر ململانێکە دروست بێت رەنگە خاڵی باشیشی تێدابێت، بەوە کێبڕکێ دەکەوێتە نێوانیان لە چاپکردنی کتێب و بڵاوکردنەوەی زانستیی زۆر، بەڵام کێشە ئەوەیە کە گفتوگۆی دەرەوەی خۆت دەکەیت، بەکامە زمان دەیکەیت. با دوور نەڕۆین بۆ نموونە: زمانی کوردیی لە عێراق بە رەسمیی دادەنرێت، پەرلەمانی عێراقی بەیاننامەیەك دەردەکات، بەکامە لەهجەی کوردیی دەری بکات؟ پارەی عێراقی بە کامە لەهجەی کوردیی لەسەری بنووسرێت؟ جەواز سەفەر و... هتد بە کامە زمان بنووسرێت؟

**کورد ئەگەر تا دوێنێ قەزیەکەی قەزیەیەکی ناوخۆیی بوو، لە دوای رووخانی رژێمی عێراقییەوە دەبێت زمانێکی هەبێت موخاتەبەی دەرەوەی خۆی پێ بکات، ئایا ئەو زمانە بەکامە لەهجە بێت؟**

**ئەی لە بارەی رێنووسەوە چی، ئەگەر سەیر بکەین تا ئێستا کرمانجیی مەسەلەی رێنووسی لە ناوخۆی یەکلایی نەکردووەتەوە، ناوچەی بادینان و سوریا بە ئەلفوبێی عەرەبی و کوردستانی تورکیاش بە لاتینیی دەنووسن، ئایا ئەوە تاچەند کێشەیە بۆ کورد؟**

د. قەیس کاکل: رێنووسەکە رەنگە بە بڕیارێکی سیاسیی چارەسەر ببێت. کۆڕی زانیاریی دەتوانێت بە بڕیارێك رێنووسەکە چارەسەر بکات، بەڵام مەسەلەی رێنووسی لاتینیش بەشێکە لەو هەوڵە. من رێزێکی زۆرم بۆ کرمانجی ژووروو هەیە و هیچ کاتێك لە کرمانجی ناوەڕاستم بەکەمتر



نەزانیوە، هەردووکیان بە دوو لەهجەی کورد دادەنێم و لە ئاسۆیەکی فراوانتر بیردەکەمەوە، بەڵام یەك خاڵ هەیە، پێم خۆشە لای خوێنەری کورد روونبێتەوە، ئەو ستانداردەی ئێستای کرمانجی ناوەڕاست، شتێکە نە هەولێریی و نە سلێمانی و ئەوی دیکەیە، شتێکە هەمووی بەکاریدەهێنن و دەتوانم بڵێم ستانداردێکی ناوچەیی دروست بووە، خەڵکێکی دیکەش جگە لەوانە، هەورامییە، بادینییە بەکاریدەهێنێت، لە کرمانجی ژووروو تا ئێستا ئەو حاڵەتە دروست نەبووە، بۆ نموونە من ئەگەر سەیری تەلەفزیۆنێکی خۆمان (ئەوانەی دهۆك) بکەم، زۆر بە ئاسانی لە بەرنامەکان دەگەم، بەڵام کە تەلەفزیۆنی میت تی ڤی و میزۆپۆتامیا لە لەهجەکەی ئەو تێ ناگەم، چونکە هێشتا لە بەینی بادینان و جەزیرە و ناوچەکانی دیکەی کرمانجی ژووروو ئەو حاڵەتە ستانداردییە دروست نەبووە، باشە ئێمە لێرەدا کامیان لە کرمانجییەکە بکەین بە ستاندارد.

**ئایا ئێوە لەو باوەڕەدا نین ئەگەر نوخبەی رۆشنبیری کوردیی فەرهەنگێکی ستاندارد دابنێن بە چەندین چاپ و قەبارەی جیاجیا و بە پێی یاسا و دەسەڵاتی کوردیی بڕیاری لەسەر بدات و بیکاتە سەرچاوەیەکی ستاندارد و لە لایەن هەموو کەسێکەوە بەکاربهێنرێت، ئەمە یارمەتیدەر نییە لەو کێشە گەورەیەی هەمانە رزگارمان بکات؟**

د. قەیس کاکل: بۆ مەسەلەی فەرهەنگ، بە باوەڕی من هیچ کێشەمان نییە، چونکە هەر زمانێك بێنی رەنگە رێژەیەکی زۆر وشەی

بیانیی تێدا بێت. لێرەدا با سەدا نەوەدی وشەکانم بادینیی یان سۆرانیی بێت، ئەوەی گرنگە ڕێزمان و ڕستەسازییەکە زمان هەڵدەبژێریت، ئەگەر لە جیاتی (چاو) بڵێی (چاڤ) هیچ کێشەیەك نییە، بەڵام بۆ مەسەلەی جێناوەکان یان دۆخی نێر و مێ کە لە کرمانجی ژووروودا ماوە و لە ناوەڕاست نەماوە، ئەوانە کێشە دروست دەکەن. ئەوەی گرنگە گرامەرەکەیە، بە تایبەتیش سینتاکس.

**هەندێ جار گلەیی لەوە دەکرێت کە ڕەنگە دەسەڵاتی سیاسیی کورد کێشەی زمانی بە هەند وەرنەگرتووە و میکانیزمێکی چارەسەری بۆ نەدۆزیوەتەوە، ئایا لەم ڕوانگەیەوە کێشەی زمان لە ناو نەتەوەی کورد کێشەیەکی سیاسییە، هاوکات تا چەند ئەرکی ڕۆشنبیری کوردە کە هێمنانە بیر لە چارەسەری ئەو مەسەلەیە بکاتەوە و پرۆژەیەکی زانستیی بخاتە بەردەم دەسەڵاتی سیاسیی؟**

د. قەیس کاکل: ئەگەر تێبینی بکەیت، لە سەردەمی دروستبوونی دەوڵەتی شێخ مەحمود، ئەوکاتەی ئەوانەی ڕێبەرایەتی بزووتنەوەی سیاسییان دەکرد، خەڵکێکی ڕۆشنبیریش هەبوون، واتا ڕۆشنبیرەکە، ڕۆژنامەنووسەکە، ئەوکاتە کۆمەڵێك ئەرکیان لەسەر شان بوو، هەم زمانەوان و هەم نەتەوەیی و هەم سیاسیی و بەرنامەکە خۆیان دایان دەنا و خۆشیان جێبەجێیان دەکرد. بە دڵنیاییەوە زمانەکەش زۆر بەرەوپێشەوە چوو. بۆ نموونە دەقێکی زمانی کوردیی لە ساڵانی بیستەکان وەك ئێستای



فارسی پڕیەتی لە وشەی عەرەبی، لە کوردیدا ئەو کاتە هەوڵدراوە زمانەکەی پاراو بکات و سەریش کەوت. هۆکارەکەشی ئەوەبوو، کە ڕۆشنبیر بەشێك بوو لە دەسەڵاتی سیاسیی. ئەوانەی کاری بزووتنەوەی سیاسییان دەکرد، ڕۆشنبیرەکان بوون، کۆمەڵێك یانەی سیاسیی و گۆڤاری گەلاوێژ و ئەوانەیان دەردەکرد، بەڵام لە دوای هەشتاکان و بەتایبەتیش دوای ڕاپەڕین دەسەڵاتی سیاسیی کاری نوخبەیەك بووە، کاریان سیاسەت بووە، ڕۆشنبیریش خەریکی نووسین و خوێندنەوەی خۆیەتی و بوون بە دوو دەسەڵاتی جیاواز. یەکێك لە کێشەکانیش ئەوەیە کە ناسیۆنالیزمی کوردیی پرۆژەی نەتەوەیی نەبوو، نەك هەر لە زمان، بەڵکو ئێستا سەدان لێکۆڵینەوەی زۆر چاك لە زانکۆکان ئەنجامدەدرێن لە بارەی هەموو شتێك، بۆ نموونە ئەو گەندەڵییە ئیدارییەی هەمانە چەندان نامەی جوان پێشکەش کرا، کەچی چەندی دەچێتە بواری پراکتیکەوە؟ هەر هەموو ئەوانە بێ جیاوازیی لە کتێبخانەکان دەکەون و تۆزیان لەسەر دەنیشێت. دەسەڵاتی سیاسیی کورد تا ئێستا موهتەم نەبووە، چونکە ئێستا هەموو وزەی خۆی لە مادەی (١٤٠)دا سەرف دەکات، یان لە میزانییە، ئەوانە تەواوبن شتێکی دیکە دەدۆزێتەوە. خۆزگە بە دە یەکی ئەوەی بایەخ بە کلاوئاغاو قاسماغا دەدرا، بایەخ بە زمان بدرایە.

**بۆ زمانی ستاندارد، لە ناو میللەتێکی وەك کورد چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی دروست بێت و هەموو نەتەوەکە بڕوای پێ بێنێت؟**

د. قەیس کاکل: رەنگە ئەو پرسیارە لەهەر کەسێك بکەیت، چ زمانەوان و چ سیاسیش بێت، چونکە ئەو پرۆژەیە لە نێوان هەردووکیاندایە و تەنانەت پەیوەندیی بە کۆمەڵناسیشەوە هەیە، رەنگە لە هەرکێ بپرسی رایەکی جیاوازیی هەبێت. من پێم وایە دەسەڵات لە لوتکەیەکی بەرزدا لیژنەیەك دابنێت کەوا چەند زمانەوانێکی تێدا بێت، کە رابردوویەکیان هەبێت لە خزمەتی نەتەوایەتی، نەك بیری حزبایەتیی و ناوچەگەریی بەسەریدا زاڵ بێت. بەهەرحاڵ لە هەموو لەهجەکان خەڵك دابنرێت، بێ ئەوەی خەڵك بزانێت، بەرنامەیەکی نهێنی خۆی دابنێت و سەقفی بۆ دابنێت، وەك ئەوەی بڵێین دەبێت لە ماوەی ئەوەندە ساڵە دەبێت بچێتە ئەو قۆناغە، تا وای لێدێت لە ماوەی پانزە تا بیست ساڵ زمانەکە دەچێتە ئەو قۆناغەی کە دروست بووە، بێ ئەوەی کەس بیزانێت و گفتوگۆشی لەسەر بکرێت.

ئەگەر سەیری تورك بکەین، دەبینین بە بەرنامەیەکی سیاسییانە وای کرد کوردەکان هەموویان کوردیان لەبیر بچێتەوە، تا بەم دواییە کاردانەوەیەك دروست بوو، گەڕانەوە بۆ زمانی کوردیی لە تورکیا، ئەگەرنا لە سەرەتای هەشتاکان کوردەکان تەواوی کوردیان لە بیرچووبووەوە. تەنانەت ئێستاش کوردەکانی ئەورووپا کە خۆپیشاندانێك دەکەن، دروشمەکەیان بە تورکی دەنووسن، ئەمە بەرنامەیە، کوردیش دەتوانێت سوود لەو بەرنامەیە وەرگرێت بۆ ئەوەی زمانی ستانداردی پێ دروست بکات. نەك بەو دیکتاتۆرییەتەی تورك، بەڵام دەکرێت سوودی



لێوەرگرێت. لەگەڵ ئەوەشدا تاکی کورد قیادە لای موقەدەسە، واتا رای شەقامان نییە، هەموو راکان لە دەست قیادەدان. بەیانی قیادە بە ئاراستەیەك بردی و زەمینەی خۆش کرد، تەسەور دەکەم نەك خەڵك گلەیی لێ ناکات، بەڵکو سەدان کەس دەستخۆشیی لێدەکات. تەنانەت هەرکەسێك ئەو بڕیارەش بدات بە تایبەتی سەرۆکی هەرێم، کە بەرپرسیاریەتییەکە زۆربەی ئاراستەی ئەو دەکرێت. بەیانی ئەگەر ئەو بڕیارە بدات نەك هەر وەك قیادەیەکی سیاسیی لە داهاتوودا باس بکرێت، وەك (دانتی) کە چۆن خزمەتی زمانی ئیتاڵی کرد، وەك (مارتن لۆسەر)ێك، کە تا ئێستاش زمانی یەکگرتووی ئەڵمانیا خۆی بە قەرزاری دەزانێت، ئاواش نەوەکانی داهاتوو لە زمانی کوردیدا بە شانازییەوە باسی دەکەن کە چۆن زمانی کوردیی چەسپاند، یان لەو قەیرانە قوتاری کردووە.

# گفتوگۆی حەوتەم

موحسین جوامێر

## گفتوگۆی حەوتەم

موحسین جوامێر:

ئەگەر موخەییەر بکرێم لەنێوان خوێندن بە بادینیی- بەتەنیا- و خوێندن بە سۆرانیی و بادینیی- لە یەك کاتدا- ئەوە بادینیی هەڵدەبژێرم، چونکە ئەوسا بە یەك میللەتیی دەمێنینەوە.

**بۆچی تا ئێستا کێشەی زمانی یەکگرتووی کوردیی ساغ نەبووەتەوە، ئایا ئەمە پێویستی بە بڕیاری سیاسیی هەیە، یان ڕۆشنبیران خۆیان کەمتەرخەمن؟**

موحسین جوامێر: مخابن، ئێمە مردووی مراندنی زمانی خۆمانین، دەنا کێشەمان نییە و مێژوو هەبوونی زمانی یەکگرتووی بۆمان ساغکردووەتەوە، ئەگەر پێویستیشی بە بڕیاری سیاسیی هەبێت، لەوە زیاتر نییە کە لایەنی بەرپرس شێلگیر بێ لەسەر ئەوەی بەهیچ کلۆجێك



نابێت لەپاڵ ئەم زمانەی هەمانە، زمانێکی دیکە قوت بکرێتەوە. بەداخەوە، بەحوکمی دووریی جوگرافیی ڕۆشنبیران لەم ئاگری لەهجانە، خەریکە زمانگەل پەیدا بن. لەوەیش ترسناکتر، ڕۆڵی هەندێك ڕۆشنبیری بێئاگایە لەو مەترسی و نسکۆیانەی حەتمەن ڕووبەڕووی میللەتمان دەبنەوە، ئەگەر هۆشیار و وریا نەبین.

**ئێستا کاتی ئەوە نەهاتووە بڕیار لەسەر زمانێك بدرێت لەناو هەموو کوردا، تا کاری پێ بکرێت، واتا هەم بۆ نووسین و هەم بۆ خوێندنەوە، تەنانەت بۆ وتارەکانیش؟**

موحسین جوامێر: وەك عەرزم کردن، ئەگەر ماڵی خۆمان بەقوڕ نەگرین، بەیتی بێمانا دروست نەکەین و دوژمن لە خۆمان بەهومێد نەکەین، زمانی یەکگرتوومان هەیە، بەتایبەتی لە باشووری کوردستاندا، کە تاکە وڵاتە تێیدا بەرەسمیی دانی پێدا نراوە، نەك ئەمڕۆ، بگرە نزیکەی سەد ساڵە. هەمیشە وتوومە، دەکرێت و پێویستە ئەم زمانە بگشتێنرێت. دوودڵ نیم لەوەی کوردانی بەشەکانی دیکەیش قبووڵیان بێت. هیچ چاریش نییە، دەبێت هەم خوێندن و هەمیش ئەلفوبێمان یەك بێت، ئەگەرنا پاش چەند ساڵێکی دیکە دەبین بە گەلێکی بێناسنامە، هەر یەکێك لە ئاوازێك دەخوێنێت، وڵاتیش دەبێتە دەڵاڵخانەی لەهجە و ئەلفوبێکان و حەکایەتی زمانی ستانداردیش بە "هەبوو نەبوو" دەست پێ دەکات و بە "کڵاشم دڕا و هیچم پێ نەبڕا" تەواو دەبێت.

**ئەگەر سەیر بکەین تا ئێستا زاری باڵادەست لە نووسین و خوێندنەوە و پێشکەوتن و گۆڕاندا، شێوەی سۆرانیی بووە، بۆچی دەبێت دوای چەندین ساڵ خزمەتکردن بەو شێوەزارە، ئێستا بڕیار لەسەر زارێکی دیکە بدرێت، ئایا ئەمە دەستێکی سیاسیی لە پشتەوە نییە؟**

موحسین جوامێر: من ناڵێم دەستی سیاسیی لە پشتەوەیە، بەڵکو دەستی دواکەوتن، نەفامیی و پاشاگەردانیی تێدا دەگەڕێت، ئەگەر ئەوەندەیش بێ موبالات بین ئاخری بە مەرگیشی ڕاناگەین. پاشان، ئەو زمانەی کە تا ئێستا من بە یەکگرتووی دەزانم، سۆرانیی نییە، تێکەڵەیەکە لە کۆمەڵە زاراوەیەك. بۆیە ئەگەر ئەم شێوەزارە کە سەد ساڵ زیاترە پێی دەنووسرێت و خزمەتی دەکرێت، نەتوانێت ببێتە زمانی یەکگرتوو، هەر هەوڵێکی دیکە بدرێت بۆ پەیداکردنی زمانێکی دیکەی بەدیل، بێ ئەنجام و دەوەن بەئاشە.

**لەکاتێکدا ئەگەر سەیر بکەین سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتیش وتارەکانیان بە شێوەی سۆرانییە، کە خۆشیان بارزانین و ڕەنگە زاری خۆیان لا ئاسانتر بێت بۆ دوان، بەڵام هێشتا کەسانێك هەن بەرگریی دەکەن لەوەی ئەو شێوە زارە زمانی یەکگرتووی کوردیی نییە و ناشبێت بە زمانی یەکگرتوو، هۆکاری چییە؟**

موحسین جوامێر: زمانی یەکگرتوو، دیاردەیەکی سروشتی، کۆمەڵایەتیی و مێژووییە و ئاسان نییە پیاو بێ پشتبەستن بە زانست و



فرە هۆکاری دیکە بیزانێت و دەرکی بکات. دەکرێت بڵێین نەك هەر لێپرسراوانی ئێستای کورد، قسەیان بەم زمانە کردووە و ناشکرێت دەست و دەمی لێ هەڵگرن، چونکە دژی سروشتی شتەکانە، بگرە سەرانی کورد هەر لە شێخ مەحموودی نەمر، پاشان قازی محەمەد و ئەوجا سەرکردە مستەفا بارزانی، بێ زۆر لەخۆکردن قسەیان پێ کردووە و کۆ و کۆك بوون لەسەر زمانی یەکگرتوو، کە پیم وایە -بەهەڵە-پێی دەوترێت سۆرانیی. قاسملۆ، خەڵکی ورمێ بوو و کرمانج بوو، وەلێ زمانی نووسین، وتار و گفتوگۆی شێوە باوەکە بوو، لەماڵەوەش بە تورکیی ئازەریی قسەی دەکرد.

ئەگەر زوویش چاری ئەم دەردی جووتزمانییە نەکرێت، ئەوە دە ساڵی پێ ناچێت -لەلانی زۆرەوە- دەبین بە دوو میللەت، بەلانی کەمەوە. وا بزانم ئەوانەی دانیش بەم ڕاستییەدا نانێن، بڕیاریان داوە کە جودا ببنەوە و ماڵی خۆیان بکەن. گرفتەکە لەوە دایە خەڵکەکە ئەم ڕاستییە نازانن. بمانەوێت نەمانەوێت بەرەو پەرتبوون و توانەوە دەچین، هەروەها نازانن کۆمەڵێك هەن کار لەسەر خەتی برەودان بە دیالێکتەکان دەکەن. یوسف حەلیم، پێشکەشکاری بەرنامەیەکە لە (ڕۆژ تیڤی)دا، کە من هەمیشە ڕێزم بۆ ئەو کەناڵە هەیە، یەك لەوانەیە کە بانگەواز بۆ لەهجان دەکەن و لایان گرنگ نییە کورد بن بە چەندین خێڵ و نەتەوەی جودا. بەم دواییە گفتوگۆی لەگەڵ نووسەرێکی لاوی باشوور دەکرد، کە چەند کتێبێکی بە زمانی یەکگرتوو نووسیوە، تێیدا هەمیشە پرسیاری ئەوەی لێ دەکرد کە بۆ بە دیالێکتی ماڵەوەی کتێبان نانووسێت، بۆ بە سۆرانیی دەنووسێت؟! بڕوا بکەن، کوڕە لاوەکە، چونکە لەکەش و هەوای گەراجی لەهجان

نەژیابوو، نەیدەزانی چۆنی وەرام بداتەوە. ناچار -حاشاکی ئەو- قسەی هەلەق و مەلەقی دروست دەکرد.

**رۆڵی کۆڕی زانیاریی، یان ئەکادیمیای کورد بۆ دروستکردنی زمانی یەکگرتووی کوردیی، چییە، ئایا ئەوان توانیویانە شتێك بەشتێك بکەن بۆ زمانی کوردیی؟**

موحسین جوامێر: بەهیچ کلۆجێك نەبووە زمانی یەکگرتوو لەنێو کارگەی ئەکادیمیادا لەدایکبووبێت، چونکە پێچەوانەی سروشت و پرۆسەی هاتنەکایەی زمانی یەکگرتووە، وەلێ دەکرێت لەوێدا رێك، تەتەڵە و دەوڵەمەند بکرێت. هەروەها بۆی هەیە ئەم ئەکادیمیایە بکرێتە لایەنێکی فەرمانڕەوا و بڕیاردەر لە زۆر مەسەلەگەلی پێوەند بە زمانی کوردیی. بە قەناعەتی من، لەم قۆناغەی کورددا، لە سەرۆکی کوردستان بترازێت، کەس ناتوانێت دوا بەم قەیرانی زمانە بهێنێت.

**زۆرجار پرسیاری ئەوە دەکرێت، بۆچی تا ئێستا کورد نەبووەتە خاوەنی زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتوو (ستاندارد)، ئایا لەبەر ئەوەیە کورد تا ئێستا خاوەنی قەوارەیەکی سەربەخۆ نییە، یان کۆمەڵێك هۆکاری ناوەکیی هەن پاڵپشت نین لە دروستبوونی زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتوو؟**

موحسین جوامێر: بۆ زمانی ستانداردمان نییە؟ ئەی ئەوەی زیاتر لە سەدەیەکە پێی دەنووسین، چییە! ئەوجا، ئەگەر مەسەلەکە هەبوونی دەوڵەت بێت، خۆ ئەو قەوارەیەی هەمانە، دەوڵەتە، چۆنمان بوێت ئاوا



دەکەین. کەچی لەباتی ئەوەی، ئەوەی هەمانە پەرەی پێ بدەین، زمانی دیکەی لەتەکدا قووت دەکەینەوە، بەبیانووی ئەوەی لە دوارۆژدا دەبین بە یەکزمان. نازانین ئەوەی لەگەڵ بووکێ نەبێت، لەگەڵ بەربووکێ نابێت. بگرە خوێندن بە دیالێکتی دیکە، لە هەبوونی دەوڵەتی مەزنمان دوور دەخاتەوە، با فێڵ لەخۆمان نەکەین.

**ئایا هۆکارە دەرەکییەکان (بارودۆخی سیاسیی، کۆمەڵایەتیی و کەلتووریی) ئەنجامێکی نەرێییان لەسەر دروستبوونی ئەم زمانە هەیە، یان هۆکارە ناوەکییەکان (هۆکارە زمانەوانیی و فەرهەنگیی و...)؟**

موحسین جوامێر: بە خوێندنەوەی واقیعی کوردیی، نەخێر، دەرەوە رۆڵی نییە، ئەگەرچی لەوانەیە هەندێك کۆڕ و کۆمەڵ کاریگەرییان بەسەر کەسانێکەوە هەبێت. رۆڵی نەرێنی، زیاتر کوردەکە لە ناوەوە دەیگێڕێت، نەك هۆکاری دیکە. ئێمە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، زمانی یەکگرتوومان هەبووە و دەکرێت بەسەر بەشەکانی دیکەدا بگشتێنرێت. هاوکات دەتوانین بڵێین کەمهۆشیاریی، یان خۆتێهەڵقورتاندنی ناپسپۆڕان، یان هەندێك نەخۆشیی دەروونیی کە هەندێك لە خۆیان بارکردووە، رۆڵی خەتەرناکیان هەیە. ئەوەی لە سەیران سەیرتر بێت، خەریکە عەمەلە و کاسبکاریش دەست و دەم لەم مەسەلەیەی زمان وەربدەن، وەك ئەوەی من دختۆریی بکەم.

بەبێ ڕەچاوکردنی هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی، سیاسیی، جوگرافیی و مێژوویی... ئایا بڕیاردان بۆ دروستبوونی زمانی ستاندارد، مافی دەسەڵاتە، یان مافی پسپۆڕان و زمانەوانانە، پێتان وا نییە پێویستی بە هاوکاریی هەردوو لا دەبێت؟

موحسین جوامێر: عادەتەن زمانی ستاندارد بەخۆی خۆی فەرز دەکات و نەمبیستووە لە دەستووری وڵاتێکدا ناوی دیالێکتێکی دیاریکراو، هاتبێت. واتە ڕێککەوتن و قایلبوونێکی دەروونیی و سایکۆلۆژیی هەیە. لە حاڵەتێك کە بوو بە کێشە، وەك ئەلبانیا، ئەوا سەرۆك بڕیار دەدات. لە ئەلبانیا دوو دیالێکتی سەرەکی هەن (گێگی) دیالێکتی زۆربە و (تۆسکی) هی کەمایەتییە، زۆربەی نووسراوەکان بە (تۆسکی) نووسراونەتەوە. کە لە سەرەتای حەفتاکاندا بوو بە مقۆمقۆ، ئەنوەر خۆجە کەوتە بەینیان و بڕیاری دا تۆسکی ببێت بە زمانی یەکگرتوو. من لام وابێت سەرۆکی کوردستان ئەو ئاسۆ و توانایەی هەیە ببێتە بڕیاردەر، چونکە هەم ڕۆشنبیر و هەمیش مێژووخوێنە، بەڵام بەبێ تاخیرکردن. درەنگخستنی ئەم بڕیارە بۆ ساڵ و ساڵان و هاوکات لەگەڵ ڕێگەدان بە خوێندن بە لەهجەی جیاجیا، ئەوە ماڵی زمانی کورد تەفروتوونا دەکات و ڕۆژبەڕۆژ کورد لەبەر یەك دەچن.

ئەگەر سەیربکەین لە دنیادا ناوەندێك هەیە بۆ دروستبوونی زمانی یەکگرتوو، بۆ وێنە لە ئیتاڵیا ناوەندی (ئۆسکان) ئەو زمانەی دانتی پێی



دەنووسی، لە فەرەنسا (پاریس) و لە ئەسپانیا ناوەندی (مانچا) کە دۆنکیشۆت پێی دەنووسی و لە وڵاتانی عەرەبیش قورئان... لەناو کوردیش ئەو ناوەندە لە سەردەمی نوێبوونەوە لەگەڵ میرنشینی بابانـدا، دروست بوو، بەڵام بۆ لەهجەی ئەو ناوەندە نەبوو بە زمانی یەکگرتوو؟

موحسین جوامێر: ئەگەر ئاوڕێك لە سەدەی بیستەم بەگشتیی بدەیتەوە، دەبینیت کە ئێمە هەر لە سەردەمی شێخ مەحموودی حەفیدەوە بگرە هەتا دەگەیتە سەروبەندی کۆماری کوردستانی قازی محەمەد و ئەوجا شۆڕشی ئەیلوول و پاشان یازدەی ئازاری (١٩٧٠)، کە بە بازدانێك لە خوێندن بە کوردیی دەژمێردرێت، دیسان هەتا ئەمڕۆ، بۆت دەردەکەوێت کە زمانی ڕەسمیی، ئەو کوردییەیە کە هاوڕێ لەگەڵ هاتنی نالی و سالم و کوردیدا، هات و گەشەی سەند و بەرهەمی هەرەزۆری کوردەواریی پێ نووسرا و بڵاوکرایەوە. تەنانەت مام جەلال لە قوتابخانەی سەرەتایی، بەم زمانەی خوێندووە، هەروەك لە موڕافەعەکەی مەجلیسی حوکمدا فەرمووی... ئەم زمانە لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا گەیشتە بەسرە و لەولاشەوە گەیشتە فەللوجە و ڕومادی. شاگردان و خوێندکارانی ئەوسای دهۆك وەکو بوولبوول فێری بوون، بەڵام بەعس ویستی کورد لێك نامۆ بن، بۆیە خەڵکانێکی هان دا ئەرزوحاڵان بنووسن، دنەی یەکدی بدەن و بڵێن عەرەبیمان دەوێت، ئێمە لە سۆرانیی ناگەین، وەك هاشم عەقراویی و هاوشێوەی... ئەگەر پیلان نەبووبێت، بۆ عەرەبی ئاسان بوو، کەچی ئەو

کوردییەی بەغدر پێی دەوترێت "سۆرانیی" لێیان بووە عزرائیل؟!
بێگومان، حکومەتی پێشووی عێراق پیلانی زۆر بوو، وەلێ چونکە لەپاڵ ئەوەشدا زوولم و دکتاتۆرییەتی پیادە دەکرد، زۆر نەدەپەرژایە سەر ئەوەی تەپکەو داوەکانی زووبەزوو جێبەجێ بکات و لە ئەنجامدا سەرکەوتوو بێت. زۆر جار، بە ئەگەری کاردانەوەی خەڵکی، دەتدیت پەشیمان دەبووەوە و ئەوەی داینابوو بکرێت، سەری نەدەگرت، بەتایبەتی لە مەسەلەی خوێندن لە هەولێر و سلێمانیدا. لە سەروبەندی شەڕی عێراق- ئێراندا، کۆمەڵێك بە فیتی دەزگا تایبەتییەکانەوە- یاداشتنامەیەکیان ئاڕاستەی سەدام کردبوو، تێیدا باسی ئەوەیان کردبوو کە زمانی خوێندن وشەگەلێکی زۆری زمانی فورسی مەجووسی تێدایە، بۆیە تکای چارەسەرییەکیان لە سەرۆکی سەرکردە کردبوو، هەروەك مامۆستایەك کە لە زانکۆی بەغدا دەرزی دەوتەوە بۆی گێڕامەوە.

**ئایا ئەمە ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سەرەڕای بوونی کێشەی سیاسیی و دووبەرەکیی، شتێك نەبووە نوخبەی رۆشنبیری کورد کۆ بکاتەوە، تا هەموویان بە یەك لەهجە بنووسن، یان نوخبەی رۆشنبیری کوردیی هۆکار نییە بۆ ئەوەی لەهجەی دیکە زیندوو ببێتەوە؟**

موحسین جوامێر: من وا بزانم، لە مەسەلەی زماندا، سەرکردایەتیی پارتی هەڵگری هەستی بادینیی و سۆرانیی نەبووە و ئەم بەردەی لە ئەژنۆی خۆی نەداوە. زمانی مەلا مستەفای بارزانی و لێپرسراوان، زمانی



یەکگرتووی کوردیی بووە، واتە ئەوان بەزیبك و زاکوون بوون. مامەڵەیان لەگەڵ واقیعدا کردووە، بەپێچەوانەی رەوشە زمانەوانییەکە رەفتاریان نەکردووە و قایل نەبوون خەڵکی قەڵفڕ بۆ لەهجان بکەن، چونکە پێویست نەبووە، زمانی حازر لە گۆڕێدا هەبووە. نوخبەی کوردیش، هەمیشە و زۆربەی زۆری بەو زمانە نووسیویانە کە رەسمیی بووە، هەموو لەسەر ئەم خاڵە کۆك بوون.

**ئەو زمانە ئەدەبییەی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم، رۆشنبیرانی کوردی تورکیا پێیان دەنووسی، بۆچی بەردەوامیی بەخۆی نەدا، دواتر ئەو بزووتنەوەیە کە لە ئەستەنبوڵەوە هاتە کوردستانی عێراق، بۆچی کوردەکانی باشووریش بەو نووسینە کاریان نەکرد؟**

موحسین جوامێر: ئەگەر مستەفا کەمال لە کورد هەڵنەگەڕابایەوە، هەڵبەت بزاڤەکە بەردەوام دەبوو و گۆڕانکاریی زۆر دەهاتنە ئاراوە، دیارە دوو بزاڤی کوردیی هەبوون، یەکیان لە پایتەختی ئەوسای تورکان ئەستەنبووڵ، ئەویدیکەیان لە سلێمانی، پێش و پاش شێخ مەحموود. بە نەمانی ئەوەی ئەستەنبووڵ، سلێمانی چ لەڕووی مێژوویی، چ لەڕووی سیاسیی و فەرهەنگییەوە بووە پایتەختی زمان و فەرهەنگی کوردیی. دیارە ئەوەی تورکیا پاڵپشتێکی دەوڵەتیی نەبوو، هەر لە ئەستەنبووڵ و لە چوارچێوەی کۆمەڵە و چالاکیی ئەدەبیدا بوو، لەسەر زەوینەیەکی کوردستانیی نەبوو. لە بواری زمانیشدا، ئەو دیالێکتەی چالاکتر بێت، بە

پاڵپشتیی هۆکاری دیکەوە، گرەوەکە دەباتەوە. سلێمانی قەرەبووی بەشێکی گەورەی زیانەکانی لە زمانی کورد کەوتن، کردەوە، دەنا ئێستا ئێمە خاوەنی ئەوەندەیش نەدەبووین.

**من مەبەستم لە سۆرانیی، زاراوەکانی (بابان، ئەردەڵان، موکریانیی و سۆرانیی) کە بە کوردی ناوەڕاست ناسراون، ئایا بەو زارە هەموومان بنووسین، بەمەرجێك بە زاراوەکانی دیکە دەوڵەمەند بکرێت؟**

موحسین جوامێر: تۆ ئەمڕۆ لە دووڕیانێکدایت، یا ئەوەتە بەپێچەوانەی تەوژمی زمانی یەکگرتووی کە هەتە، نەچیت، ئەوسا وەك کورد و کوردستانی، پارێزراوی و گەشە دەسەنیت... یاخود بە بیانوو و پاساوی کەمینە و زۆرینە، ماڵی دیالێکتەکەت جودا بکەیتەوە، کە ئەمەش ئیعلانی تەڵاقە لە زمانی یەکگرتوو و دروستکردنی زمانێکی نوێیە، ئەمەش حەتمییە... ئەم زمانەی هەمانە، لەبن سەبەتە دەرچووە، دەشبێت لە داهاتوودا بە وشە و وتەی زاراوەی دیکە نازی رابگیرێت، ئەوسا زمانێکمان دەبێت کە شایەنی ئەوە بێت بەدیارییەوە حاڵ بتگرێت.

**بزووتنەوەی رۆشنبیریی و بووژانەوەی کەلتووریی بە سۆرانیی نووسراونەتەوە، کورد ئەگەر بیەوێت وەك نەتەوەیەك بناسرێت، ئایا پێویست بەوە ناکات دەوڵەمەندترین زاراوە هەڵبژێرێت، کە تەکنیك و کەلتووری جێگیری هەبێت؟**



موحسین جوامێر: گومان لەوەدا نییە کە ئەم زمانەی چەندین بەرە و نەوەی پێڕاگەیاندووە و ئۆتۆماتیکییانە بووەتە یەکگرتوو، خزمەتێکی زۆری کراوە، بەتایبەتی لە دەیەکانی دواییدا، مەبەستم دوای رێککەوتنی (١١)ی ئازاری (١٩٧٠)یە، کە بۆ یەکەم جار سەرەتایی، ناوەندیی و ئامادەیی، بوون بە کوردیی. لێرەشدا، پێویست بوو کار لەسەر زمانەکە بکرایە، تاکو بێتە ئاستی ئەدەب و زانستەکان، ئەوەش تا رادەیەکی چاك کرا و قەڵەمی زمانەوانیی زیرەك و عەگید، کەوتنە گەڕ. ئەوەش لەبیر نەکەین، ئەوسا زمانی خوێندنی دهۆك، هەمان زمان بوو، قوتابییانی ئەوسای ئەو شارەیش، ئەمڕۆ، هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ هەولێرییەك، سلێمانییەك، خانەقینییەك وکەرکووکییەك نییە. لەبیرمە مامۆستا تازەدەرچووەکانی هەولێر و سلێمانی، لە دهۆك دادەمەزران. ئەوەی وا تێدەگات ئێمە دیفاع لە سۆرانیی دەکەین، هەڵەیە، ئێمە دیفاع لە واقیعێك دەکەین کە بەدیلی نییە. من زۆرجار وتوومە ئەگەر موخەییەر بکرێم لەنێوان خوێندن بە بادینیی -بەتەنیا- و خوێندن بە سۆرانیی و بادینیی -لە یەك کاتدا- ئەوە بادینیی هەڵدەبژێرم، چونکە ئەوسا بە یەك میللەتیی دەمێنینەوە.

**هەندێك دەڵێن هەتا کورد دەوڵەتی نەبێت، زمانی یەکگرتووی نابێت؟**

موحسین جوامێر: درۆیە، هەروەك ئاماژەم پێدا، ئەمەیان مۆچکە و پاساوێکە بۆ خۆدزینەوە لە خوێندنەوەی راستییەکانی مێژوو. کێشەکە، نەبوونی دەوڵەت نییە، ئێمە -بەتایبەتی لەڕووی زمانییەوە- واقیعێکی

دەوڵەتیمان هەیە، تا ئێستا بەغدا لـە هەڵبـژاردنی شـێوەی زمـان رۆڵـی نەبووە و خۆی فەرز نەکردووە و پێیشی ناکرێت، بەڵکو کورد خۆی قەدەری زمانی خۆی هەڵبژاردووە. هەنووکەش، تاکە پارچەی کوردستان کە هیـوای بوونە دەوڵەتی هەبێت، باشوورە، بگرە خاڵی کۆکردنەوەی کـوردە بـەدەوری زمانی یەکگرتووشدا. جگە لەوەی لەهیچ بەشێکی دیکە نـە کـورد و نـە زمانی کوردیی بەڕەسمیی دانیان پیدا نەنراوە، بگـرە شـەڕی لـە دژ بـەرپا کراوە، وەکو تورکیا و سوریا. ئەوجا ئەگەر تۆ بە هیـوای دەوڵـەت، ئـەوەی هەیشە نەهێڵیت و کوردستان بکەیت بە چێشتخانەی لەهجان، هەرکـەس بە لەهجەی خۆی بخوێنێت، ئەوسا هۆکارەکانی بەدەوڵەتبوون لەنێو دەچن، چونکە تا ئەو وەختە، کوردان دەبن بە گـەلان، هـەر گـەلێکیش دەوڵـەتی خۆی دەوێت، هەڵبەت کەسیش دانیان پیدا نانێت.

# گفتوگۆی هەشتەم

د.یادگار رەسوڵ باڵەکی

## گفتوگۆی هەشتەم

**د.یادگار رەسوڵ باڵەکی:**

**"مێدیای کوردیی کەمتەرخەمە بەرامبەر رێنووس و هەڵەی زۆریان تێدایە".**

سەرۆکی بەشی کوردیی لە کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین، لە دیمانەیەکی رۆژنامەی (ئاسۆ)دا باسی کێشەی رێنووس لە زمانی کوردیدا دەکات. لە نێوان رێنووسی (کوردیی- لاتینیی، کوردیی- عەرەبی) و ئەو گرفتانەی لە خودی رێنووسەکانیش لەڕووی رێزمان و دەنگ و ئیملا و دارشتنەوە هەیە، تیایدا تیشك دەخاتە سەر بواری راگەیاندن و رەوشی رۆژنامەگەریی کوردیی و بە یەکێکی دادەنێت لەو لایەنە کەمتەرخەمانەی رۆڵی خراپی هەبووە لە دووبارەبوونەوەی هەڵەکان و دروست نەبوونی رێنووسێکی یەکگرتوو. هاوکات بە ئەرکی ناوەندە



ئەکادیمییەکان و زانکۆ و پەروەردەی دەزانێت کە ئێستا رێنووسێکی یەکگرتوو بۆ هەردوو ئەلف و بێی زمانی کوردیی بسەپێنن.

د.یادگار رەسوڵ، سەرەتای قسەکانی بەوە دەستپێکرد، رێنووسەکان (کوردیی- لاتینیی، کوردیی- عەرەبی) لە سەرەتاوە موڵکی کورد نین، ئەمەشی بە شتێکی ئاسایی لەقەڵەمدا و ئاماژەی بۆ زۆرێك لە زمانە پێشکەوتووەکانی جیهان کرد، کە لە سەرەتاوە رێنووسێکیان نەبووە وەك موڵکی خۆیان. وتی: "سەرچاوە هەیە دەڵێت بەر لە هاتنی ئیسلام، کورد خاوەنی رێنووسی خۆی بووە، بەڵام گرنگیی قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە ئەوەیە، کە ئەمڕۆ چ رێنووسێك بەکاربێنین. ئێمە ئەگەر خاوەن رێنووسیش بین ئەمڕۆ ئەو رێنووسانە لەناو کورد بەکارنایەن، باوی نەماوە، ئەوانەی ئێستا لەناو کورد بەکاردێن، رێنووسە عەرەبییەکەیە، کە (ئارامیی) پێدەوترێت، هەروەها لاتینیی، بەشێکیش لە یەکێتیی سۆڤییەت لە ناوچەی یەریڤان رێنووسی سلاڤی بەکاردێت، کە ئەویان هەندێك کەمترە، بەگشتیی دوو رێنووسی بەربڵاو لەناو کورددا هەیە، رێنووسە عەرەبییەکە مێژووی بۆ (١٣٠٠)ساڵێك دەگەڕێتەوە، دوای دەسەڵاتی ئیسلام بۆ ناوچە کوردییەکان و بڵاوبوونەوەی خوێندەواریی لە مزگەوتەکان هاتە ناوەوە. رێنووسە لاتینییەکە بۆ (٨٠)ساڵێك بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە، لەسەر دەستی جەلادەت بەدرخان هاتە ناو زمانی کوردیی".

ئەو، بۆچوونی خۆی لەبارەی بەکارهێنانی کامە رێنووس لەناو کورددا، بەشێوەیەك دەربڕی کە هیچیان پەراوێز نەخرێن، وتی: "پێویستە

خوێندەواری کورد لەم سەردەمەدا هەردوو ڕێنووس بزانێت، منێك كە بە ڕێنووسی عەرەبی دەنووسم، دەبێت ڕێنووسی لاتینیی بزانم، بەو حوكمەی بەشێكی كورد، بەتایبەت كوردی (باكوور) بە لاتینیی دەنووسن. بۆ ئەوەی بزانم سەرچاوە و كەرەستەكانی ئەوان بخوێنمەوە، پێویستە ڕێنووسەكە بزانم، بۆ ئەوانیش بەهەمان شێوە، هەردوو ڕێنووس پێویستە، كەواتە فێربوونی دوو ڕێنووس بۆ خوێندەواری كورد پێویستە، بەڵام ئایا كامیان بكرێتە پرۆژە و لەداهاتوو بكرێتە ڕێنووسی ستانداردو فەرمیی؟ لێرەدا ڕای جیاجیا هەیە و من پێم وایە كاتێك بیر لەگۆڕینی ڕێنووس دەكەینەوە، دەبێت هۆكاری ئەو گۆڕینە بزانین، بۆچی ئێمە دەبێت بیر لەوە بكەینەوە ڕێنووسی عەرەبی بگۆڕین بۆ ڕێنووسی لاتینیی؟ بەشێكی زۆری ئەو بۆچوونانە ڕۆحێكی دەمارگیرییان زیاتر پێوە دیارە. كاتێك بیر لەوە دەكەنەوە ئەو ڕێنووسە بگۆردرێت، ئەگەر پێمان وایە لەڕووی سروشت و زمانەوە ئەویان زیاتر لەگەڵ زمانی كوردیی دەگونجێت، دەبێت ئەوە بزانین كاتێك لە هەندێك كێشەی ڕێنووسی عەرەبی ڕادەكەین، لە ڕێنووسی لاتینیی هەمان كێشەمان ڕووبەڕوو دەبێتەوە.

بۆ نموونە: تا ئێستا بۆ دەنگی (ع، ح) هیچ دەنگێكمان نییە لە لاتینیی، لەكاتێكدا كۆمەڵە وشەیەك هاتووەتە ناو زمانەكەمان، ئەو دەنگانەیان تێدایە، هەروەها دەنگی (خ،غ) كێشە لە لاتینیی دروست دەكەن، لەگەڵ ئەوەشدا لە كێشەی بزرۆكە دەرباز دەبین.



كەواتە ئێمە كۆمەڵە كێشەیەك دەگۆڕینەوە بە كۆمەڵە كێشەیەكی دیكە، جگە لەوەش كۆمەڵێك كێشەی دیكەش دروست دەبێت، بەوەی فەرهەنگی ڕۆشنبیریی نووسراوی كوردیی بەدرێژایی مێژوو هەتا ئێرە هەمووی بە ڕێنووسی عەرەبی نووسراوە، تەنها (٨٠)ساڵێك نەبێت، ئەویش تەنیا كوردی توركیا ئەو ماوەیە ڕێنووسی لاتینیی بەكارهێناوە، لەكاتێكدا هەرچی دەزگا ڕۆشنبیرییەكان هەیە، بێت ئەو كەلتوورە وەرگێڕن بۆ سەر لاتینیی، ناتوانن شیعری كلاسیكی وەربگێڕن، چونكە پڕە لە وشەی عەرەبی، كە ئەویش پڕە لەو دەنگانەی (ڤ، چ، پ) ئەوانەش ناكرێنە لاتینیی، دەبێت هێمایان بۆ دابنرێت و خوێنەریش ناتوانێت هەموو ئەو هێمایانە وەرگرێت. بۆیە شیعری كلاسیكی وەرناگێڕدرێت و نەوەیەك دروست دەبێت ناتوانێت شارەزابێت لە خوێندنەوەی شیعری كلاسیكی، كە ئەمە پشتگوێخستنی مێژووە و وەك ئەوە وایە مێژووەكەی خۆت بكوژێنییەوە".

د.باڵەكی، پێی وایە: لە گۆڕینی ڕێنووس لە نێوان (فارس و تورك)، كە دوو نەتەوەی دراوسێن، فارسەكان قازانجیان كرد لەوەی ڕێنووسی خۆیان نەگۆڕی و توركەكانیش كە ڕێنووسی خۆیان كردە لاتینیی لەو بارەیەوە زەرەریان كرد و ئێستاش بەشێكی زۆری نەوەی نوێیان ئاشنا نییە بە مێژووی نووسراوی خۆی. هەروەها دەڵێت: "كۆمەڵێك كێشەی دیكەی ئاینیی و دەروونیی و سیاسیی هەیە و من پێم وایە ڕێنووسی عەرەبی

باشترە لەوەی لاتینیی و زیاتر لە (١٣٠٠) ساڵە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا چەقیوە و کەموکوڕییەکانیشی لە لاتینیی بۆ ئێمە کەمترە و بەشێوەیەك گونجاوە کە زۆربەی کێشەکانی چارەسەر کردووە".

لە بارەی ئەوەی تاچەندە ڕێنووسی لاتینیی لە تورکیا هۆکار بووە بۆ ئەوەی ئەدەبیاتی تورکی لە سنووری ناوچەکە بەرەو جیهان و بەتایبەت خۆرئاوا بازبدات و ببێت بە ئەدەبیاتێکی جیهانیی، کە ئەمە کەمتر لە ئێران بەرچاو دەکەوێت، بەتایبەت لەو روانگەیەوە کە شاکارە تورکییەکان خاوەنی خەڵاتەکانی نۆبڵ و ئۆسکارن. فارسەکان هەمان شێوەی تورك ئەدیب و نووسەری گەورەیان هەیە، بەڵام نەیانتوانیوە ئەو سنوورە ببەزێنن؟ ئەو دەڵێت: "رەنگە کاریگەرییەك هەبێت، بەڵام ناکرێت بڕیار لەسەر ئەوە بدەین کە گۆڕینی ڕێنووس بووەتە هۆی پێشکەوتنی ئەو ئەدەبیاتەی تورکیا، هاوکات ناکرێت فارسەکانیش لەوە پەراوێز بخەین، بڵێین بێبەشبوون لەو پێشکەوتن و بەجیهانیبوونە. پێشتر لە سەرەتای سەدەی بیستەم، هەر جموجوڵێکی ڕۆشنبیریی لە ئەوروپا سەری هەڵدەدا لە تورکیا رەنگیدەدایەوە و ئەوە قۆناغێکە بەر لە ڕێنووسی لاتینیی. ئەگەر سەیر بکەین بناغەی پێشکەوتنی ئەوان و دروستبوونی ڕێکخراوە ڕۆشنبیرییەکان لە سەردەمی ڕێنووسی عەرەبییە لە تورکیا، چونکە ئەوان لە (١٩٢٥) بڕیاری گۆڕینی ڕێنووس دەدەن، ئەو بزووتنەوە ڕۆشنبیرییە لە ئێرانیش هەبووە، کۆمەڵێك ڕۆشنبیر و شاعیری گەورەی فارس هەیە



کاریگەرە بە ئەدەبیات، لێرەدا مامەڵەی ئێمە لەگەڵ زمان نییە، لەگەڵ ڕێنووسە، دەتوانین سوود لەو جموجوڵە ڕۆشنبیرییە وەربگرین، بەڵام بە ڕێنووسی خۆت.

سەرۆك بەشی زمانی کوردیی لە زانکۆی سەلاحەدین، دەڵێت: "ئەگەر پێمان وابێت بیرۆکەی تورکەکان لە گۆڕینی ڕێنووس، هەوڵدانە بۆ نزیکبوونەوە لە ئەوروپا، ئەوە راستە، ئەو نییەتەیان هەبووە، بەجۆرێك خۆیان وەك وڵاتێکی عەلمانیی نیشان بدەن و دابڕێن لەو وڵاتە ئیسلامییەی پێشتر هەیانبووە. ئێستا تورکەکان رووبەڕووی کۆمەڵێك کێشەی دیکە بوونەتەوە و لە بەرامبەر ئەوەی کۆمەڵێك دەستکەوتی دیکەیان بەدەستهێناوە، بەڵام لە بەدەستهێنانی شتەکان پێم وایە شتێکی ئەوتۆیان نەکردووە، چونکە ئەگەر کەسی داهێنەر هەبێت، بەهەر ڕێنووسێك بنووسێت، دەتوانێت جێگەی خۆی لەدنیادا بکاتەوە. لە سەردەمی ئێستادا لەڕووی کەلتووری ڕۆشنبیریی و نووسینەوە فارسەکان یەکێکن لە وڵاتە هەرە پێشکەوتووەکان، زۆرێك لەو کتێبە بەناوبانگانەی ڕۆژانە لە ئەوروپا دەردەچن، هەمان ڕۆژ بە زمانی فارسی لە ئێران هەیە، ئەوان توانیویانە سوود لەو جموجوڵە ڕۆشنبیرییە وەربگرن و بیگوازنەوە بۆ نەتەوەی خۆیان، بێ ئەوەی بڕیاری گۆڕینی ڕێنووس بدەن".

ئەگەر بڕوانین لە نێوخۆی ڕێنووسەکانی کورد، گرفتی زۆر لە هەر یەکێکیان بەرچاودەکەوێت. ئێستا ڕێنووسی لاتینیی کوردیی (٤) شێواز

ئیملای هەیە، کە لەلایەن جەلادەت بەدرخان و گیوی موکریانی و جەمال نەبەز و پەکەکەش بەکارهاتوون. هەروەها لە ڕێنووسی کوردیی عەرەبی، کێشەی ئیملا و خاڵبەندیی و جیاوازییەکانی لە دەزگایەکەوە بۆ دەزگایەکی دیکە و لە ڕۆژنامەیەکەوە بۆ ڕۆژنامەیەکی دیکە هەیە. د.یادگار باڵەکی لەوبارەوە دەڵێت: "لە سەدەی بیست ڕێنووسە عەرەبییەکە زۆر کاری لەسەر کراوە، تا ساڵی حەفتاکان، دواتر کۆڕی زانیاریی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن، وای لێهاتووە ڕێنووسێکی یەکگرتوو دروست بووە، بەڵام ئەگەر بە هاوکاریی زانکۆ و دەزگا ئەکادیمییەکان پەیڕەو بکرێت و بسەپێنرێت بەسەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن و نووسین و دەزگا حکومییەکان. ڕێنووسە لاتینییەکە هەرچەندە مێژوویەکی کۆنتری هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩١٣)، بەڵام وەك پەیڕەوکردن، لاتینیی کوردیی دەکەوێتە دوای لاتینیی تورکی و ساڵی (١٩٣٢) جەلادەت بەدرخان ڕێنووسێکی (٣١) پیتی بوو، کە دواتر دوو پیتی دیکەشی بۆ زیادکرد و کردی بە (٣٣) پیتی بۆ زمانی کوردیی دادەنێت و دواتر کامەران بەدرخان و تۆفیق وەهبی و جەمال نەبەز و... هتد کاریان تێداکردووە، بۆ چارەسەرکردنی ڕێنووسەکە، دەتوانین چارەسەری بکەین، چۆن کۆڕی زانیاریی توانی ڕێنووسە عەرەبییەکە دیاریی بکات و ئەو هەنگاوەی ناوە بەرەو یەکگرتوو، دەکرێت دەزگایەکی ئاواش بڕیار لەسەر شێوازێکی ڕێنووسی لاتینیش بدات. وەك بیرۆکەی ئەوە هەیە هەندێك



دەنگ لای گیوی موکریانی چارەسەر کراوە، یان لای کەسێکی دیکە. پێشم وایە ئۆتۆماتیکی لەنێو هەموو ئەو ڕێنووسە لاتینییانەی کە هەیە، ڕێنووسێکی یەکگرتوو دروست دەبێت، بەڵام پیادەکردنی ڕەنگە هەڵەی تێ بکەوێت، چونکە کێشەی ئێمە ئەوە نییە ڕێنووسێکی یەکگرتوو هەبێت، پیادەکردنی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان وەك خۆی نییە، بۆنموونە هەر دەزگایەك بۆ خۆی جۆرە ڕێنووسێك، کە ڕەنگە نەگونجێت لە لایەنە زانستییەکەی، پەیڕەو دەکات. بۆیە من پێم وایە ئەوەی سەرپەرشتیاری ڕێنووسی لاتینیی دەکات، لە هەر دەزگایەك جگە لەوەی ڕێنووسەکە دەزانێت، دەبێت زانیاریی لەبارەی زمان و ئیملا و زانستی ئیملادا هەبێت، کە ئەوانە خۆیان زانستێکی گرنگن، ئەوەی سەرپەرشتی دەکات دەبێت لایەنە زانستییەکەی شارەزا بێت، پێویستە بزانێت (و)ی کۆنسۆنانت لە کوێ دادەنرێت، (ی)ی کۆنسۆنانت و ڤاوڵ لە کوێ دادەنرێت، ئەوە دەگەڕێتەوە سەر کەسەکە و ئەگەر پەیڕە و بکرێت پێم وایە ڕێنووسێکی یەکگرتوومان هەم لە لاتینیی و هەم لە عەرەبییەکە هەیە".

ئەو، ئاماژە بە کەموکوڕیی زانکۆکان دەکات، لەو بارەیەوە دەڵێت: "کەموکوڕیی زۆرە لە زانکۆ و دەزگا ئەکادیمییەکاندا و هیچ پەیوەندییەك و هەماهەنگییەك نییە. لە بەشی کوردیی زانکۆکان کەمترین بایەخ بە مەسەلەی ڕێنووس دراوە، لایەنەکانی دیکەی زمان وەك تیۆر بایەخی پێدراوە، بەڵام بۆ ڕێنووس کە پەیوەندیی بە پاراستنی زمانەکەوەیە،

بایەخدان بەگشتیی کەمە. بۆیە ئەگەر سەیر بکەین، قوتابییەك لە زانکۆ دەردەچێت و وەك پێویست شارەزای ڕێنووس نییە، دوو قوتابی یەك پۆل ڕێنووسەکەیان جیایە لە یەکتر، جاری وا هەیە مامۆستایەکی زانکۆ لەگەڵ مامۆستایەکی دیکەی زانکۆ کە ماستەر و دکتۆرایان لە زماندا هەیە، جیاوازیی لە ڕێنووسەکانیان دەبینرێت. بۆیە کەمتەرخەمیی بۆ ڕێنووس و یەکانگیر نەکردنی بیرۆکەکان و پابەند نەبوون بە بنەمایەکی یەکگرتوو لە ڕێنووسدا هۆکاری ئەوەیە کە ڕێنووسەکە بەو شێوەیە دەبینرێت، بۆیە پێم وایە دەبێت ڕێنووس لە زانکۆکان بایەخی زۆری پێ بدرێت، ئەو شوێنانەی لەناو زانستەکەدان. بۆ نموونە، بەشەکانی زمانی کوردیی لە هەمووی پێویستترە لەسەریان و ئێمە وەك بەشی کوردیی وانەیەکمان نییە بە ناوی ڕێنووس لە ماوەی چوار ساڵی خوێندنی قوتابیی، کە پێویستە هەبێت و ڕێنووسێکی یەکانگیر فێری قوتابیی بکرێت تا لە ئایندەدا سوودی بۆ قوتابییانی سەرەتایی و ئامادەیی هەبێت لەڕێگەی ئەوەوە.

دکتۆرەکەی بەشی کوردیی دەڵێت: "لەو زانکۆ و پەیمانگایانەی بەشی ڕاگەیاندن هەیە، پێویستە وانەیەکی وەك ڕێنووس هەبێت، بۆ ئەوەی ئەو ڕاگەیاندنکارەی لە زانکۆی دەردەچێت و بەیانی لە دەزگایەکی ڕاگەیاندن کار دەکات، شارەزای ڕێنووس بێت. ئەمە نەکراوە و ئەو



کەمتەرخەمییانەش بە ڕوونیی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەبینرێن، هۆکارەکەش ئەوەیە شوێنێکمان نییە کادیری وامان بۆ پێبگەیەنێت".

باڵەکی، تیشك دەخاتە سەر ئەوەی تەنها کاری زانکۆکان نییە، ڕێنووسێکی یەکگرتوو بۆ کۆمەڵگەی کوردیی دابنێن. بەڵکو کاری دەزگا ئەکادیمییەکانە دەزگایەکی ئەکادیمیی وەك (ئەکادیمیای کورد) کە ئێستا هەیە، بە هاوکاریی لەگەڵ زانکۆ و مامۆستایانی زانکۆ، بەتایبەت ئەوانەی تایبەتمەندن لە بواری زمانەوە، دەتوانن ڕێنووسێکی یەکگرتوو دروست بکەن. کاریش بۆ ڕێنووس کراوە، زۆر جار دەوترێت فلانە دەزگا کاری بۆ ڕێنووس کردووە، ئەوەش بەرهەمەکەیەتی، هەرچەندە هەندێکی لە ساڵانی حەفتا یەکلایی کراوەتەوە. مەسەلەی ڕێنووس لە ساڵانی حەفتا بەشێکی زۆری کاری تێداکراوە و (٨٠٪)ی کێشەکانی چارەسەرکراوە، ئێمە ڕێنووسی یەکگرتوومان هەیە، بەڵام پیادەکردنی لە لایەن نووسەرەکان، زانکۆ، کۆمەڵگە، ڕۆژنامەنووسان و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگاوە نییە، ئەگەرنا تا ڕادەیەکی زۆرباش ئەو ڕێنووسە هەیە، بۆیە ئەوە کاری ئەکادیمیایە بە هاوکاریی زانکۆکان بەرنامەی بۆ دابنێت و بەسەر خوێندن و زانکۆکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بسەپێنرێت، کە بەشێوەیەك هەمووی بگرێتەوە بۆ ئەوەی لەناو کۆمەڵگە پەیڕەو بکرێت.

د.یادگار ڕەسوڵ باڵەکی، دوو توێژینەوەی زانستیی لەسەر گۆڤار و ڕۆژنامەکان و تەلەفزیۆنەکان کردووە لە بارەی ڕێنووس، لەوبارەیەوە

دەڵێت: "هەڵە هەیە، کەموکوڕیی لە ڕێنووسەکان هەیە، پێم وایە هەڵەکان لەوەدایە کە کادیری بەتوانا و زیرەك لە بواری ڕێنووس لەناو ئەو دەزگایانە نییە، بۆیە زۆر لە هەڵەکان دووبارە دەبنەوە. ڕەنگە هەندێك جار نەپەرژێنە سەر شتەکان بەهۆی زۆریی کارەکانیان، بەتایبەت ڕۆژنامە ڕۆژانەییەکان، بۆیە هەڵەی تێ دەکەوێت، بەڵام جاری واهەیە هەڵەی تەکنیکیی و زمانیی و ئیملا و تایپ و خاڵبەندیش زۆر بەرچاو دەکەوێت، ئەمە هۆکارێکی کەمتەرخەمییە و هۆکارێکی دیکەشی نەبوونی کەسانی پسپۆڕە کە دواجار یەکێك لەو گرفتانە بۆ زانکۆ دەگەڕێتەوە، بەوەی ڕەنگە ئەوەی سەرپەرشتی لایەنە ڕێزمانییەکە دەکات، دەرچووی زانکۆ بێت، بەڵام لە زانکۆ شتێکی لەو شێوەیەی نەخوێندبێت تا بتوانێت پەیڕەوی بکات. جاری وا هەیە کەسەکانیش دەرچووی زانکۆ نین.

ئەو، پێی وایە: دروستبوونی ڕێنووسی یەکگرتوو، کارێکی ئەوەندە سەخت نییە، ئەوەندەی پێویستی بە کۆنفرانسێکی زانکۆیی هەیە بۆ ئەوەی بکرێتە بابەتی خوێندن لەو شوێنانەی پێویستیان پێیە، بەتایبەت بەشی ڕاگەیاندن لە کۆلێژ و پەیمانگاکان، بەشی کوردیی لە کۆلێژ و پەیمانگاکان و بەشەکانی دیکەی زانستە مرۆڤایەتییەکان، تا جۆرێك لە ڕێنووسیان هەبێت، پابەند بن بە ڕێنووسە یەکگرتووەکە، بەهاوکاریی دەزگا ئەکادیمییەکان دەتوانرێت ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکرێت.

# گفتوگۆی نۆیەم

سەلام ناوخۆش

## گفتوگۆی نۆیەم

سەلام ناوخۆش:

**زمانی کوردیی یەکێکە لە قوربانییەکانی دابەشبوونی دەسەڵات.**

فەلسەفەیەکی سیاسیی بۆ چارەسەری زمانی کوردیی نییە، ئێرە کوردستانە، ئێمە خۆمان بە کورد دادەنێین، بەڵام لە نوخبەیەکی بچووك بترازێت کەس ڕێز لە زمانی کوردیی ناگرێت. لە ناو هەموو میللەتێك وەزارەتی پەروەردە گەورەترین گرنگی پێدەدرێت، لە لای ئێمە ئەو گرنگیپێدانە نییە و نەیتوانیوە فەرهەنگێکی (کوردیی-کوردیی) بۆ قوتابییان ئامادە بکات، کە شتێکە دەبێت بە پلەی یەکەم بکرێت، ئەمانە هۆکار نین بۆ چارەسەر نەبوون؟



سەلام ناوخۆش: دوای دامەزراندنی یەکەم دەسەڵاتی کوردیی لە ڕێگەی حکومەتی هەرێم و پەرلەمانەوە، تەمەنی ئەم دەسەڵاتە زۆر درێژ نەبوو، بوو بە دوو پارچە، دەسەڵاتی پارت بەسەر دەسەڵاتی ئیدارە زاڵ بوو، تا وای کرد لە هەموو شتەکان ڕەنگبداتەوە. گەرنا وەزارەتی پەروەردە یەکێکە لەو دامەزراوانەی بەشێکی زۆر لە کارەکانی ستانداریزەکردنی زمانی لە ئەستۆیدایە، چونکە زمانی ستاندارد، زمانی نووسینە و لە ڕێگەی پرۆگرامەوە باشترین شتە بەشێنەیی درووست بێت. دەبێت زەمینەیەکی بۆ ساز بکەی لە ڕێگەی ئەوانەی پسپۆڕن لە بواری زمانەوە، بەڵام لە هەموو وەزیرەکان و ڕاوێژکارەکانی پەروەردەوە کامەیان زمانزان بوون و لەسەر بنەمایەکی زمانیی دامەزراون، ئەمە بەومانایە نا، کوێرانە بڕیار بدەین و بڵێین: "لەم چەند ساڵەی تەمەنی حکومەتی هەرێم، وەزارەتی پەروەردە هیچی نەکردووە!"، کارێکی باش لە پرۆگرامەکان کراوە، بەڵام بۆ زمانی ستاندارد شتێك نەکراوە تا زمانەکە خۆی بگرێت، پەروەردە دەتوانێت ئەم زمانە زۆر بە هێز بکات، بەڵام بەداخەوە دروستبوونی دوو پەروەردەی دهۆك و هەولێر و دانانی پرۆگرامێك بۆ خوێندنی سەرەتایی کە بە دوو زار نووسراوە، پەرەگرافێك بە کرمانجی ناوەند، لێکدانەوەی وشەکانیش بە کرمانجی سەروو، بەڵام بەداخەوە دانپێدانەنان لەلایەن سلێمانی بەو پرۆگرامە کە خاڵی پۆزەتیڤی زۆریشی تیابوو، دەتوانرا بکرێتە بنەمایەك لەلایەن پسپۆڕان و کادیران و فراوان

بکرێت. بۆیەش وەزارەی پەروەردە و خوێندنی باڵا بنەمای پرۆگرامی قوتابخانەکانیان لەژێر دەستدایە، دەتوانن ببنە فاکتەری بەهێز بۆ دروستبوونی ئەم زمانە.

**بۆچی نەیانکرد، یان درەنگ کەوتنەوەکەی هۆکاری چی بوو؟**

سەلام ناوخۆش: ئێمە لە باشوور کێشەی دابەشبوونی دەسەڵاتمان هەیە، ئەم دابەشبوونە لەسەر زۆر شت رەنگیداوەتەوە، ئەوەی پێی دەوترێت بادینان، بووەتە ناوچەی زەرد و سلێمانیش لەولاوە ناوچەی سەوز، ئەوەی ماوەتەوە هەولێرە. دابەشبوونی ئەم دەسەڵاتە لە دوای (١٩٩٤)ەوەیە، سەرکردایەتیی کورد بەرامبەر زمان زۆر تاوانبارە، چونکە زمان یەك لە بنەما سەرەکییەکانی نەتەوەیە، بۆچی منداڵێکی بادینی ناتوانێت لە سۆرانیی بگات؟ یان فێربێت، لە کاتێکدا لە عەرەبی دەگات و فێردەبێت؟! کە زمانی عەرەبی لەو زمانانەیە هیچ پەیوەندیی بە زمانی کوردییەوە نییە. بۆچی منداڵێکی هەولێر دەتوانێت فێری زمانێکی بیانیی بێت، ئەدی بۆچی ناتوانێت فێری کرمانجیی بێت؟! ئەمە سیاسەتە و ئێمە نەمانتوانیوە لە کەلتوورەکانی گوند و پەیوەندییەکانی خۆمان رزگارمان بێت. سیاسەت بە تێگەیشتنە خراپەکەی بووەتە هەموو شتێك لە ژیانمان، نەك بە شێوە باشەکەی. واتا، باش ئیدارە نەکردنی دەوڵەت بەسەر دامەزراوەکان وای کردووە وەزارەتەکانی بێخەم بن.



**ئەوەی تێبینی دەکرێت لە نێوان زارەکانی کورد جیاوازییەکی ئەو تۆ لە تێگەیشتن و درکاندنەوە نییە، چونکە ئەگەر هەبوایە پێویستمان بە تەرجەمەی ئەو زارانە دەبوو. بەدرێژایی بوونی ئەو سەرکوتکەرانەی زمانی کوردیش نەتوانرا ئەو جیاوازییە زۆرە دروست بکرێت، کەچی ئێستا کە بەرەو دەستکەوت دەڕۆین هەست بە بوونی لێکجیابوونەوە و بەرەو دوو رێرەو هەستی پێ دەکرێت، ئایا ئەمە چەندە ترسناکە؟**

سەلام ناوخۆش: ئەو ستراتیژیەتەی داگیرکەران نەیانتوانی بیکەن، خەریکە دەسەڵاتی کوردیی خۆی جێبەجێی دەکات. دوای شەڕی کەنداو، عێراق لە رووی ئابوورییەوە زۆر خراپ بوو، بەڵام هەستا دوو رۆژنامەی بە زمانی کوردیی دەرکرد، بە سۆرانیی و کرمانجیی، بۆئەوە وای کرد تاوەکو کورد بەرەو دوو نەتەوە بڕوات، هەر (سەدام) خۆیشی بەهیچ شێوەیەك رێگەی بەوە نەدەدا لە دامەزراوەکان بە زمانی ئاخاوتنی عەرەبی قسە بکرێت، دەبووایە زمانی ستاندارد بێت. لە سەردەمی شای ئێراندا رادیۆی کوردیی هەبوو، رستەیەکی کوردیی دەداو بە چوار لەهجەکەی دیکەی کوردیی رستەکەی وەردەگێڕا، بۆئەوەی کورد بۆ چوار نەتەوە ببات، بەڵام عەرەبی زمانەکانی لە کوردیی زیاترە و تەنیا کار لەسەر زمانی ستاندارد دەکەن. هەروەها من باوەڕم بەوە هەیە سبەی چوار دەوڵەتی کوردیی دروست ببێن، بەڵام دروستبوونی یەك دەوڵەتی کورد زۆر دژوارە کەوا بتوانێت هەر چوار پارچەی کوردستان کۆ بکاتەوە، بەڵام ئەگەر چوار

دەوڵەت دروست بوو، ترس لە زمانەکە هەیە، ئەگەرنا عەرەب (٢٢) دەوڵەتی هەیە و کێشەی نییە، بەڵام کێشەی کورد بە دوورکەوتنەوە لە یەك، زمانەکەشی دەبێت بە دوو زمانیی و دووزمانیش (زمانی سۆرانیی و زمانی کرمانجیی) جۆرێکە لە کوشتن، چونکە دوای سی تا چل ساڵی تر دەبێتە دوو نەتەوە.

**ئەگەر سەیربکەین، لە دونیادا دروستبوونی زمانی یەکگرتوو، پەیوەندیی بە ئیرادەیەکەوە هەیە، لە (ئیتالیا) ئەو زمانەی دانتی پێی دەنووسی، لە ئیسپانیا زمانەکەی دۆنکیشۆت پێی دەنووسی و لە عەرەبیشدا قورئان بوو بە زمانی ستاندارد. بوونی کەسێك لەو شێوەیە بۆ کورد، یان سەرکردەیەکی سیاسیی تا چەند لەو رێرەوی بەرەو دوو زمانە رزگارمان دەکات؟**

سەلام ناوخۆش: کێشەی بەرەو دووزمان بوون لەدوای (١٩٩٤)ەوە درووست بووە. شۆڕشی ئەیلوول هەموو دامودەزگاکانیان بە زمانی سۆرانیی بوو، کەسیش کێشەی لەوە نەبوو، سەرۆك بارزانی قسەکانی بە سۆرانیی بوو و هیچ کێشەیەکیش نەبوو، بەڵام کێشەی زمان بۆ ئێمە لە دوای (١٩٩٤)ەوە بوو.

قورئان فاکتەرێکی سەرەکی بوو بۆئەوەی عەرەبەکان زمانی ستانداردی پێ دروست بکەن، بەڵام لەلای ئێمە عەقڵی دامەزراوەیی نییە،



لە کاتێکدا عەقڵی دامەزراوەیی بە بڕوانامەی زانکۆ دروست نابێت. ئێمە نابێت خۆمان لەگەڵ ئەوروپییەکان بەراورد بکەین، چونکە ئەوان لەمێژە دەوڵەتن و بەسیستمی دامەزراوەیی دەژین، ئەزموونی ئیدارەی حوکمڕانیی لەناوکورددا نوێیە و ئەوەی ئێستا هەیە گرنگە کە پەرلەمان هەیە، بەڵام ئایا پەرلەمانی ئێمە وەك پەرلەمانێکی رۆژئاوا وایە؟ پەرلەمانی عێراق تەمەنی کورتترە و لە دوای رووخانی رژێمەوەیە، بەڵام پەرلەمانی ئەوان زۆر لە پەرلەمانی ئێمە ئەکتیڤتر و دامەزراوەییترە. ئێستاش هەندێك لە ئێمە پەرلەمان و دامودەزگا وەك دیوەخانی ئاغا و شێخ و دەوڵەت دەبینێت، زۆر هەیە پەرلەمانتارە و نازانێت کاری پەرلەمانتار چییە! وەزیرە و نازانێت کاری وەزیر چییە! لەسەر ئەو بنەمایە دانەمەزراوە کە ئەو شوێنەی پێی دراوە لە ئاستی خۆیەتی. ئێستاش کاتێکی زۆر ماوە بۆئەوەی کار لەسەر ئەوە بکرێت تووشی کاریگەرییەکی خراپ نەبین.

**زمانی ستانداردی کوردیی دەتوانرێت لە تێکەڵاوکردنی هەردوو دیالێکتی سۆرانیی و کرمانجیی دابهێنرێت، لە کاتێکدا لە بواری رێزماندا زۆر لەیەکدی دوورکەوتوونەتەوە، لە زۆر وڵاتی دنیادا بە دوو زمان دەخوێنن، ئەگەر ئێمەش بە دوو دیالێکت بخوێنین، ئایا ئەمە شتێکی ئاسایی نییە، پێتان وایە کە منداڵەکان گەورە دەبن هەردوو زارەکە دەزانن و لەمەشەوە وردە وردە زارەکان لەیەکتر نزیك ببنەوە؟**

سەلام ناوحۆش: ئێمە دەبێت تێبگەین بۆئەوەی ئەم هەموو زارەمان هەیە و ئەو هۆشیارییە نەتەوەییەمان نییە بەرامبەرەکەمان تێبگەیەنین، تا بلێت باوکە لەو کۆمەڵە زارەی هەیتمان ئەگەر یەکێك بووە زمانی ستاندارد مانای نکۆڵیکردن نییە لە زارەکانی دیکە و زمانی ستاندارد پەیوەندیی بە ئاخاوتنەوە نییە لە ماڵی خۆت، تەنیا زمانی فەرمیی و نووسین و دامەزراوەیە و کەس ناتوانێت بە زمانی ستاندارد قسە بکات. زارێك ببێتە بنەما و زارەکانی تر بۆ دەوڵەمەندکردنی، بەڵام ئێمە لەبەینی ئەم دوو زارە کێشەی جێندەرمان هەیە، زاری کرمانجیی جێندەری هەیە، چۆن دەتوانیت ئەم جێندەرە لە هەولێر و سلێمانی و کەرکوك بگەیەنیت. ئەم جێندەرەی لە کرمانجی سەرووە بە هیچ شێوەیەك کرمانجی خواروو نییەتی، تەنیا لە دەڤەرەکانی خۆشناوەتی و رواندز نەبێت، ئەویش بە شێوەی کەم، بەڵام لە کرمانجی سەروو پیت و دەنگ و شتی خۆیان هەیە بۆ جیاکردنەوەی هەردوو رەگەز، بەڵام لەناوچەی رواندز نییە. دوو دیاریدەدەری جێندەر کە لەیەکیان هەیە، لە یەکیان نییە بە ئاسانی تێکەڵ ناکرێت لە رووی وشەسازییەوە دەتوانرێت سوودی لێوەرگیرێت.

دوای راپەڕین کەشەکە لەبارە، ئەگەر دەسەڵاتی کوردیی بوێرێت یەك لە زارەکانی بکاتە بنەمای ستاندارد و کۆنفرانسی بۆ بکات، بەتایبەتی لە وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا و رۆشنبیریی، ئەگەر بیکەنە ئەرك و فرمان بەسەر دامودەزگاکانیان لە ماوەی (١٠ تا ١٥) ساڵی دیکە بەرهەمەکەی زۆر بە باشی دەبینین.



**ئایا زمانی ستانداردی کوردیی پەیوەندیی بە یەکپارچەیی کوردستان و بوونی سەربەخۆیی و دەوڵەتەوە هەیە، کە بەشێك لە زمانەوانانە زۆرجار بەوە کاریگەرن کە نەبوونی وڵاتێکی یەکگرتوو و یەکپارچە هۆکارە بۆ نەبوونی زمانێکی ستاندارد؟**

سەلام ناوحۆش: ئەوە هەمووی بیانوو و پاساوهێنانەوەیە، ئەگەرنا ئەوەی حکومەتی هەرێم ناودەنێی چی؟ دەسەڵاتی یاسادانان و قەزائی و دەسەڵاتی دەستووریی هەیە، هەموو دامەزراوەیەکی دەوڵەت هەیە. دەوڵەت یانی چی؟ زمانەکە رەسمییە لەو وڵاتە و ئەوەی لێی دەژی هەمووی بەو زمانە قسە دەکات. لەم رۆژانە شتێکم بینی لە پەرلەمانی کوردستان، بڕیارەکان هەمووی بە عەرەبی نووسراونەتەوە، بەلای من جێگەی لێ وردبوونەوەیە. ئایا زیاتر لەوە زمانی کوردیی بۆ چی کەم دەکەنەوە؟ ئایا بەغدا پێت دەڵێت زمانەکەت وا لێ بکە؟ گریمان بەغدا وای وت، دەبێت بەگوێی بکەین؟ نەخێر، ئێمە خۆمان رێز لە زمان و نەتەوەی خۆمان ناگرین، ئەگەرنا داگیرکەر هەرچییەك بێت، هەر داگیرکەرە. ئەگەر ئەوان لە دەسەڵاتیاندا هەبێت، ناوی ئەنجومەنی نوێنەرانیش رەشدەکەنەوە، بەهیچ جۆرێك نایەڵن وەزیرێکی کورد، کە ناوەکەشی کوردە لە حکومەتی عێراقدا بێت.

ئەگەر رەوشەکەش وا بڕوات و دەسەڵاتی سیاسیی بیر لە چارەسەری کێشەی زمان نەکاتەوە، ئەوەی لە دەستووری عێراقدا نووسراوە، زمانی

كوردیی وەك زمانێكی رەسمیی عێراق و لە باشوور و ناوەڕاستیش وەك زمانی دووەم بخوێنرێت، لەمەودوا پێمان دەڵێن كام زمانی كوردیی؟ ئەوەی سۆران، یان ئەوەی بادینان؟

**ئایا ئەلف و بێ بۆ زمانی كوردیی هەنگاوی یەكەمی ستانداردبوونی زمانەكەیە، یان دوا بەدوای ئەو دێت، بە رای ئێوە كامە ئەلف و بێ بۆ زمانی كوردیی گونجاوترە، هەم لە رووی زمانەوانییەوە و هەم لەڕووی فەرهەنگیی و پاشخانی مێژووییەوە؟**

سەلام ناوحۆش: دەبێت مادە خاوەكە هەبێت، ئەلف و بێ لەسەر مادەخاوەكەی زمان دروست دەبێت. ئەو ئەلف و بێ-یەش كە ئێستا لە باشووری كوردستان كاری لەسەر دەكرێت، پێی دەوترێت ئەلف بێی كوردیی، یان هەندێك بەهەڵە پێی دەڵێن ئەلف بێی عەرەبی، یان هەندێك بەمدواییە ناویان نابوو ئەلف بێی ئیسلامیی، بەڵام ئەمانە هەڵەن و لەبنەڕەتدا ئەلف بێی كوردییە. ئەویش بەوەی رادەی جیاوازییەكان زۆر زۆر زیاترن، بزوێنەكانی كوردیی زۆر جیایە لەگەڵ عەرەبی، ژمارەی دەنگەكانی كوردیی لە عەرەبی زیاترە، كوردیی زمانێكە بە (پیت) ئیش دەكات، ئەوان بەسەر و ژێر و ئەوانە ئیش دەكەن.

زمانی نووسین لە دوای دامەزراندنی یەكەم دەوڵەتی عێراقەوە كاری لەسەر دەكرێت بۆ ئەوەی بخرێتە ناو پرۆگرامی خوێندنەوە، بەتایبەت لە



شارەكانی هەولێر و سلێمانی، ئەو كات شاری دهۆك هەر دروست نەببوو. كەچی مادەی خاو لە زمانی كوردیدا هەبوو، بۆیە مادە خاوەكە هەبووە، كورد هاتووە گۆڕانی تێداكردووە و ئینجا هاتووە ئەلف بێی بۆ دروستكردووە، ئەم ئەلف بێیەش بە بەراورد بە زمانی عەرەبی و فەڕەنسی و ئینگلیزیی كێشەی ئێگار ئێجگار كەمە. هیچ ئەلف بێیەكیش نییە كێشەی نەبێت.

# گفتوگۆی دەیەم

عومەر یەکداش

## گفتوگۆی دەیەم

### عومەر یەکداش:

### بۆ ئەوەی زمانەکە لەبیر نەکرێت، پێویستە وەزارەتی رۆشنبیریی تەلەفزیۆنێك بۆ منداڵانی کورد دابنێت.

عومەر یەکداش، یەکێك لەو رۆشنبیرە کوردانەی باکوورە و لە ئەنقەرە ژیان بەسەر دەبات. عومەر لە گوندێکی سەر بە شارۆچکەی موش لە دایکبووە و سەرەتایی و ناوەندیی لە موش تەواو کردووە، دەڵێت: "بۆ یەکەم جار لە تەمەنی (٧) ساڵیدا بینای دوو تابقم بینی". باس لەوە دەکات کە ژیانی لادێییە کوردەکان لە باکووری کوردستان پڕە لە مەینەتیی و دەڵێت: "منداڵ تەنیا دەتوانێت بە چیرۆك و یاریی کاتی بەسەر ببات، هیچ شتێکی نییە دڵی مرۆڤی پێ خۆش بێت"، ئەو لە



زانستگای شەریعەت خوێندنی تەواو کردووە و ئەوەش کاریگەریی موش بووە لەسەری کە چووەتە ئەو زانستگایە، وەك دەڵێت: "لە موش تەنیا دوو ئایدیۆلۆژیا هەیە کوردبوون و موسڵمانبوون، بۆیە بەشی ئیلاهیم لەو زانستگایە تەواو کرد و دواتریش لە کۆنسڵخانەی ئێران فێری فارسی بووم".

یەکداش، ئێستاش بە شێزای و جەزیری کاریگەرە و هەستێکی شێتانەی بەرامبەر مەلای جزیری هەیە و تا ئێستا چەندان لێکۆڵینەوەی لە بارەی جزیری کردووە.

دەڵێت: "ویستم لە ئەنقەرە ماستەر بخوێنم، بەڵام لەبەرئەوەی ئەوان کەمالیست بوون و دژی ئایین و کوردایەتی بوون، نەیانهێشت بخوێنم، بۆیە ناچار بووم لە کۆلێژێکی ئەهلیی بخوێنم و ئێستاش لە دوا قۆناغی ئامادەکردنی تێزی ماستەرەکەمدام".

ئەو، بە باشی نەزانی قسە لەبارەی سیاسەتەوە بکات، بۆیە زیاتر لەسەر ئەو مەسەلانە دوا کە پەیوەندییان بە ژیانی کوردەوە هەیە لە تورکیا و وتی: "منداڵانی شار لە کوردستانی تورکیا و گەورەکانیش زۆر هەستی نەتەوایەتییان کەمترە لەوەی لە گوندەکان هەستی پێ دەکرێت. زۆربەی منداڵانی لادێ بە کوردیی قسە دەکەن، بەڵام کێشەکە لەوەدایە ئەوەی گوێیان لێ دەبێت تورکییە، بۆیە هەستێکی ناخۆش هەیە، ئەوەیش ئەوەیە کە هەست دەکەیت کوردیی لە باکوور هێدی هێدی لەناو دەچێت".

عومەر یەکداش، ڕەخنەیەکی توندیشی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان گرت، بەوەی هیچ شتێك ناکەن لە خزمەتی منداڵانی کورددا بێت و وتی: "هەر چۆنێك سەیری ئەو تەلەفزیۆنە کوردییانە دەکەیت، یان هەواڵە یان راپۆرت و دیمانەی سیاسییە. کە ئەوانەش منداڵ سەیری ناکات. لە کاتێکدا سەیر دەکەی سەعات (١) یان (٢)ی شەو فلیم کارتۆن لێدەدەن، دەتوانم سوێند بخۆم یەك منداڵ لە کوردستان لەو کاتانەدا بەخەبەر نییە و ئەوەش هەمووی بۆ ئەورووپایە، ئەوانیش هیچ پێویستیان بەوە نییە، چونکە هیچ فشارێکی سیاسییان لەسەر نییە تاکو زمانەکەی خۆیان لەبیر بچێتەوە".

ئەو، دەڵێت: من پێشنیاز دەکەم بۆ وەزارەتی رۆشنبیریی کە کەناڵێکی تایبەت بە فیلم کارتۆنی بکاتەوە، بۆ ئەوەی منداڵانی کورد لە سوریا و تورکیا زمانەکەیان بیر نەچێتەوە. ئەوەش گەورەترین خزمەتە بە منداڵانی کورد دەکرێت و هیچ کەسێکیش ناتوانێت فشار لەسەر تەلەفزیۆن دروست بکات. عومەر پێشی وایە: دەتوانرێت لە ڕێگەی ئەو تەلەفزیۆنەوە هەنگاوێکی باش بنرێت بۆ دروستبوونی زمانی ستاندارد و دەڵێت: "ئەو کاتەی هەموو منداڵان لەسەر لەهجەیەك کە لە تەلەفزیۆنێك پەخش بکرێت رابێن، دوای (٢٠) ساڵ ئەو لەهجەیە دەبێتە لەهجەی سەرەکیی نەتەوەکە".



لەبارەی ئەوەی کە ئەو کوردانەی لە پەرلەمانی تورکیان، تا چەندە لە بەرژەوەندیی کورد کار دەکەن، ئەو دەڵێت: "من پێش هەموو شت سیاسەتمەدار نیم و وەك هاوڵاتییەك لەمبارەیەوە قسە دەکەم، بۆیە ئەوەی پێویست بێت دەیڵێم، من کوردم رای خۆشم داوە بە دەتەپە و ئەویش وەك نوێنەری خۆم دەبینم".

پێشی وایە: کە دوو ملیۆن کورد لە تەمەنی (١٨) ساڵیی بەسەرەوە دەنگی بەو پارتە داوە، ئەوە شتێکی گرنگە. رۆشنبیر شتێکی باش لە تورکیا دەکات بەوەی رەخنە دەگرێت بۆ باشبوون.

ئەو دەڵێت: "راستە لە باکوور (١٠، ١٥) ملیۆن کورد هەیە، بەڵام بەشێکی زۆری ئەوانە منداڵن و بۆ دەنگدان ناشێن، دواتر زۆربەی خەڵکیش بە ناوی موسڵمانی دەنگ بە ئاکەپە دەدەن. بۆ نموونە لە ماڵی ئێمە تەنیا من دەنگم بە دەتەپە داوە، دایك و باوك و خوشکەکانم دەڵێن لەبەر بیروباوەڕی ئیسلامیی دەنگ بە ئاکەپە دەدەین، بۆیە مەسەلەی ئیسلامیی فاکتەرێکی گرنگە بۆ خەڵکی تورکیا، چونکە ژن و پیرەکان مەسەلەی ئیسلام لە پێش هەموو شتێك دادەنێن".

# گفتوگۆی یانزەیەم

**حەسەنی قازی**

## گفتوگۆی یانزەیەم

**حەسەنی قازی:**

**هەوڵدان بۆ داڕشتتنی سیستمێکی پەروەردە، کە داخوازیی دانیشتووان وەدی بهێنێت، لە پرسەکانی دیکەی زمان گرنگترە.**

حەسەنی قازی، نووسەرو پسپۆڕ لە بواری زمانی کوردیی کە بۆ ماوەی چەند ساڵێك دەرسی تیۆریی زمانی گوتووە و چەندان بابەت و لێکۆڵینەوەی زمانناسیی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردیی، لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەی (ئاسۆ)دا سەبارەت بە زمانی فەرمیی دەوڵەت، بۆ دەوڵەتی کوردیی دەدوێت.

ئاسۆ: ئایا زمانی فەرمیی بۆ کورد چەندە پێویستە لە ئێستادا؟



حەسەنی قازی: ئێستا هەر دوو شێوەزاری کوردیی ناوەڕاست (سۆرانیی) و کوردیی سەروو (بادینیی کرمانجی) بە بەربڵاویی لە هەرێمی کوردستانی عێراق بەکاردێن. لە ژیانی ڕۆژانەدا خەڵك لە ناوچەی خۆیاندا بە بەربڵاویی قسەیان پێ دەکەن، لە بواری ڕاگەیاندنی گشتییدا بەکاردەهێنرێن و ئەوە بۆ چەند ساڵێك دەچێت کرمانجی لە هەندێك لە ناوچە کرمانجی - ئاخێڤەکان لە سیستمی پەروەردەدا جێی کراوەتەوە، ئەگەرچی ئەو ئەمری واقیعە هێشتا بە تەواویی ڕۆ نەنیشتووە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو تابلۆیە بە ڕەسمیی ڕاگەیاندنی شێوەزارێك و لە پەراوێزخستنی، شێوەزار یان شێوەزارەکانی دیکە نە لە ڕوانگەی مەنتیقی ژیانی سەردەم، نە لە ڕووی پرنسیپەکانی زمانناسیی کۆمەڵایەتیی و نە لە ڕووی مافی مرۆڤ و مافی زمان دەکرێت پاساو بدرێت. وڵاتێکی گەورەی وەك ئەمریکا هەتا ئێستاش زمانی ڕەسمیی نییە.

ڕەنگە جێی پرسیار بێت ئەوە بۆ وایە، لە بناوانە وای بۆچوون ئەگەر لە قانوونی بنچینەییدا ئینگلیزیی ئەمریکایی وەکو تاقە زمانی ڕەسمیی ڕابگەینرێت، ئەوە دەبێتە هۆی ڕەسمییەت پێدانی باڵادەستیی ئاخێوانی زمانی ئینگلیزیی بەسەر ئیسپانیاییە زمانەکاندا و لەو دەمییەوە، سەرەڕای حەولی کەمایەتییەکی دەمارگرژی ئینگلیزیی ئاخێڤ نەیانتوانیوە ئەو نابەرابەرییە بەسەر سیاسەتداڕێژاندا بسەپێنن. ژمارەی دانیشتووانی دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی (٢٠١٠)دا

دەگاتە (٣١٠) مليۆن، بە پێی هەژماری ڕەسمیی (١٧) مليۆن لە دانیشتووانی ئەمریکا ئینگلیزیی نازانن و (١٨) مليۆن کەسیش لە ماڵێدا بە زمانی ئینگلیزیی قسە ناکەن، دەوڵەتی فیدراڵ ساڵانە بلیۆن و نیوێك دۆلار لە بواری پێوەچاران بە زمانەوە سەرف دەکات، هەندێك لەوپارەیە بە مەبەستی ئەوەیە ئینگلیزیی جێی زمانە کەمایەتییەکان بگرێتەوە و ئەویدیکەشی بۆ پەرەپێدانی خوێندنی زمانی بێگانەیە، بۆ ئەوەی ڕقەبەریی لە بازاڕی ئازادی جیهانیی پەرەی پێبدرێت. سەبارەت بە کێشەی زمانی دوو بەرە لە ئاست یەك سەنگەریان لێداوە: یەکیان "یەکێتیی ئازادییە مەدەنییەکانی ئەمریکایە "American Civil Liberties Union" ئەویتریشیان دەستەیەکی دەمارگرژ و ڕەگەزپەرستی کەمایەتییە بە ناوی "یەکەم ئینگلیزیی "English First، کە لە ساڵی (١٩٨٦) دامەزراوە و سێ ئامانجی سەرەکی هەیە: ١- کردنی ئینگلیزیی ئەمریکایی بە زمانی یەکەم. ٢- دانی دەرفەت بە هەموو منداڵێك بۆ ئەوەی فێری زمانی ئینگلیزیی ببێت. ٣- نەهێشتن و هەڵوەشاندنەوەی سیاسەتەکانی پاراستنی فرە زمانیی کە خەرجێکی زۆری تێدەچێت. جا هەر لەسەر ئەو خاڵەی سێیەمە کە تێکۆشەرانی ئازادییەمەدەنییەکان لە ئەمریکا بە گژ ئەو دەمارگرژە ڕەگەزپەرستانەدا دێنەوە و خەسڵەتی ڕاستەقینەی لایەنگرانی (English First) وەڕوو دەخەن و بەخۆشییەوە تائێستا توانیویانە پێش بەوە بگرن ئینگلیزیی



ئەمریکایی بکرێتە زمانی ڕەسمیی و ئەوە ببێتە قووڵبوونەوەی نابەرابەریی زیاتری زمانی.

دیارە ئەوەش ئاشکرایە کە زمانی ئینگلیزیی ئەمریکایی لە بواری کردەییدا باڵا دەستە، بەڵام هەر ئەوەی کە لە قانووندا وەك زمانی ڕەسمیی ڕانەگەیاندراوە، زەمینەی لەپەراوێزخستنی زمانی ئیسپانیایی و زمانەکانی دیکە کەمتر دەکاتەوە.

ئەگەر لە هەرێمی کوردستانی عێراق بڕوانین، ئەو ڕەوتە تەبیعییەی کە هەتا ئێستا لە بواری زمانیدا بەڕێوەچووە

لە ڕوانگەی ئیدارییەوە چ کێشەیەکی ئەوتۆی نەناوەتەوە، ئێستا لە باری قانوونییەوە زمانی کوردیی یەکێك لە زمانەکانی دەوڵەتە، ئەو دەستکەوتە دەبێت قووڵتر بکرێتەوە و لە سەرتاسەری عێراقدا پەرەی پێبدرێت. لە هەرێمی کوردستان، ڕەچاوکردنی مافی یەکسان بۆ هەموو شێوەزارە کوردییەکان دەتوانێت لە پتەوکردنی ئاستی زمانی کوردیی لە هەموو عێراقدا کاردانەوەی زۆر باشی هەبێت.

**ئاسۆ: پێتان وایە پێشتر زمانی کوردیی ستانداردایزبکرێت باشترە کە خۆشی لە خۆیدا دەبێتە زمانی فەرمیی، یان بە بڕیارێکی سیاسیی زمانی فەرمیی دیاریی بکرێت و کێشەی بە ستانداردبوونیش لەو لاوە بهێنێتەوە، ئایا کاریگەریی ئەم دووحاڵەتە لە هەر دۆخێکدا چۆن دەبێت؟**

حەسەنی قازی: ئێستا زمانی کوردیی دوو ستانداردی هەیە. شێوەزارەکانی دیکەش هەم لە هەرێمی کوردستان و هەم لە دەرەوەی هەرێم لە بواری نووسیندا کەم تا زۆر لە گەشەکردندان. مەسەلەی زمانیش وەکو هەموو بوارێکی دیکەی کۆمەڵایەتیی بە سیاسەتەوە گرێدراوە. ئەوەی دەبێت لە هەرێمدا تەرکیزی سەرەکی لەسەر بکرێت سیاسەتی خوێندن و پەروەردەیە. لە سیستمێکی پەروەردەی پێشکەوتوودا بەڕەسمیی ناسینی کرمانجی لە هەموو ئەو شوێنانەی هەرێم کە کرمانجی ئاخێوان زۆربەی دانیشتووان پێکدەهێنن، هەم توانایی و زەرفییەتی پەروەردەی منداڵان پێش دەخات و هەمیش کاردانەوەیەکی پۆزەتیڤی بەرچاوی دەبێت بۆ تەبایی کۆمەڵایەتی کە وا چاوەڕوان دەکرێت دەسەڵاتی سیاسیی لەو پێناوەدا کار بکات. کە وابوو باشتر وایە مەسەلەی ستاندارد و ناستاندارد، ڕەسمیی و ناڕەسمیی، یەکگرتوو و نایەکگرتوو بەلاوە بندرێت و هەوڵبدرێت بۆ دارشتتنی سیستمێکی پەروەردە کە داخواز و پێداویستی هەموو دانیشتووان وەدی بهێنێت.

**ئاسۆ: بەڕای ئێوە هۆکاری چییە لە ئێستادا ئەکادیمیای کوردیی خەمی زمانی فەرمیی دەخوات و کۆنفرانسی بۆ دەبەستێت، ئەگەر بە کورتی تیشکێك بخەنە سەر دوا کۆنفرانسی ئەکادیمیا؟**

حەسەنی قازی: لە کۆتاییەکانی مانگی ئووت (ئاب)ی (٢٠٠٩) ئەمن بانگهێشتنی ئەکادیمیام بۆ بەشداریی لە "کۆنفرانسێك بۆ زمانی



فەرمیی لە هەرێمی کوردستان" لەگەڵ دۆسیەیەك سەبارەت بە دانوستاندنەکانی کە ئەکادیمیا لە مەڕ زمان لە ماوەی ساڵی رابردوودا کردبووی، بەدەست گەیشت. لە بەشێك لەو نامەی بانگهێشتنەدا هاتبوو: "تکایە لە کورتەیەکدا بیروبۆچوونی خۆت لەسەر ناوەرۆکی دۆسیەی نێردراوی زمانی فەرمیی لە هەرێمی کوردستاندا، تا (١٥/٩/٢٠٠٩) بنێرە بۆمان. پابەندبوونتان بە تەوەرەی ئەم کۆنفرانسە، کە زمانی فەرمییە لە هەرێمی کوردستاندا، هۆکارێکی گەورە دەبێت بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی دیار لەم کۆنفرانسەدا"، لە بانگهێشتنامەکە دەردەکەوت کە کۆنفرانس بەر لە بەسترانی دیاریکردووە کە دەبێت لەسەر "زمانی فەرمیی" بگا بە "ئەنجامێکی دیار" و لەبەر ئەوەی دیاریی نەکرابوو، داخودا ئەو کەسەی لێی گێڕدراوەتەوە هەر وەك گوێگرێك لەو کۆنفرانسەدا بەشداریی دەکات یان دەکرێت لەو بارەیەوە باسێکیش پێشکەش بکات، ئەمن لەگەڵ سوپاس بۆ ئەو بانگهێشتنە، پێم راگەیاندن، ناتوانم بەشداریی بکەم، بەڵام هەر وەك ئەکادیمیا داوای کردبوو بە کورتی بۆچوونی خۆم نووسی و تەنانەت بۆ ئەوەی یارمەتییەکی زیاتر بکەم بە دیتنەوەی چارەسەری لەو بوارەدا، هەموو ئەو دۆسیەیەی کە ئەکادیمیا بۆی ناردبووم، وەرمگێڕا بۆ سەر زمانی ئینگلیزیی و بۆ چەندین زمانناسی ناسراوی نێونەتەوەییم نارد بۆ ئەوەی بۆچوونەکانی ئەوانیش ببیسترێت و بە پێی ئیمکان کەڵکی لێ وەربگیرێت.

من، بۆچوونەکانی خۆم لەم سێ خاڵانەی خوارەوەدا ئاوا کورت کردبووەوە: ئەگەر بێت و لە هەرێمی کوردستاندا شێوەزارێك بکرێت بە زمانی "رەسمیی" ئەوکارە لە چەند رووەوە بە زیانی زمانی کوردیی و ئاخێوانی تەواو دەبێت:

١- هەڵکەوتی زمانی کوردیی وەکو یەك لە زمانە رسمییەکانی دەوڵەتی عێراق بنکۆڵ دەکات. ئەو لایەنانەی چاویان بە هەبوونی پلەیەکی ئەوتۆ بۆ زمانی کوردیی هەڵ نایە، لە ئەگەری رەسمییەت دان بە شێوەزارێك لە هەرێمی کوردستاندا پرسی فرە لەهجەیی و فرەچەشنی زمانی کوردیی (وەك هەر زمانێکی دیکە) گەورە دەکەنەوە، بۆ ئەوەی پێش بە سەقامگیربوونی ئەو مافە رەوایەی گەلی کورد کە لە قانوونی بنچینەیی عێراقدا گونجێنراوە، بگرن و بەرەیەکی نوێ بە دژی ئەو دەستکەوتە گەورەیەی گەلی کورد بکەنەوە. کورد بە دەستی خۆی نابێت ئەو هەلە بۆ لایەنەکانی دەرەوەی خۆی برەخسێنێت.

٢- جەختکردنەوە لەسەر هەر شێوەزارێك لە بن هەر ناوێك و بە پشتبەستن بە هەر تیۆرییەکی زمانیی و پاشخانی مێژوویی شێوەزارەکانی کوردیی، دەبێتە هۆی دابڕانی ئاخێوانی کوردیی لە یەکدی لە جوگرافیای هەرێمی کوردستاندا و دووبەرەکیی و چەند بەرەکیی سازکردنێکی ئەوتۆ، نەك هەر کارێکی نارەوایە، بەڵکو بە پێچەوانەی عەقڵی سەلیمیشە و لە بەرژەوەندیی شارومەندانی هەرێمی کوردستاندا نییە.



٣- بە باوەڕی من "ئەکادیمیای کوردیی" بۆ ئەوەی کاری سیاسەتداڕێژان و بڕیاربەدەستان ئاسان بکات، دەبێت پێشنیازەکانی بە پێی بارودۆخی هەنووکەیی بێت لە کوردستانی عێراقدا. ئێستا ئەوە بۆ چەند ساڵێك دەچێت لە ناوچەی بادینان هەموو چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان داوا دەکەن کاربەدەستانی پەروەردەی کوردستان بە رەسمیی ریگا بدەن بە بەکارهاتنی شێوەزاری کرمانجی سەروو وەکو ئامرازی خوێندن لەو دەڤەرەدا. هیچ داخوازییەك لەو داوایە رەواتر نییە، کە وابوو لە جیاتی (کۆنفرانسی زمانی رەسمیی هەرێمی کوردستان) پێشنیاز دەکەم "کۆنفرانسی چلۆنایەتی پەروەردە و خوێندنی شێوەزارەکان لە هەرێمی کوردستان" ببەسترێت و لەسەر بنەمای تەجرەبە و دەستکەوتی وڵاتانی هاوشوبار لەو بوارەدا باشترین ریگە بۆ بەڕێوەچوونی سیاسەتێکی زمانی هەمووگرەوە لە پەروەردە و خوێندندا وەبەر بگیرێت.

جگە لەو بۆچوونەی خۆم، من بیروڕای سێ شارەزای بواری زمانیشم لەگەڵ نامەکەی خۆم لە(١٢ی سێپتامبری ٢٠٠٩) بۆ ئەکادیمیا نارد. دوایی دیارە کۆنفرانسەکە لە مانگی ئۆکتۆبەردا نەکرا بوو و لە (٢٢ی مانگی دیسەمبەر) لە رێگای چاپەمەنییەکاندا خوێندمەوە کە کۆنفرانسێکی (٣) رۆژانە ئەوە بەڕێوەیە. دیارە بیستم گوایا ئەکادیمیا نامەکەی منی "بزر" کردووە، بۆیە لە کۆنفرانسەکەدا نەخوێندراوەتەوە. من هیچ بە تەما نەبووم ئەو نامەیە بڵاوبکەمەوە، بەڵام لەبەر دوو هۆ

بڕیارم دا بۆ ئاگاداریی بیروڕای گشتیی بڵاوی بکەمەوە. یەکیان بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ئەگەر ئەکادیمیا بانگەوازی لە کەسێك کرد، هەر نەبێت ڕێزی کارەکەی خۆی بگرێت و دووەم لە بەر ئەو ڕووداوە سەرسووڕهێنەرەی کە لە ڕۆژی سێیەمی کۆنفڕانسدا سەبارەت بە مامۆستا ئەمیری حەسەن پوور کرابوو. ئیدی ئەوە بەپێی بەڵگەی ئەوتۆ کە هیچ حاشای لێ ناکرێت، تەواو ڕوونبووەتەوە کە ڕێکخەرانی کۆنفڕانس ئەو نامەیەی خۆیان (کۆنفڕانسی زمانی ڕەسمیی هەرێمی کوردستان)، کە بۆ بانگکراوانیان ناردبوو، وەك نامەی د.ئەمیری حەسەن پوور خوێندبووەوە، کە ناوەڕۆکەکەی بە تەواویی بە پێچەوانە بۆچوونەکانی مامۆستا ئەمیری حەسەن پوورە لەوبارەیەوە. تەنانەت بەپێی ئەوەی لە چاپەمەنیدا هاتووە (بڕوانە ڕۆژنامەی ئەڤرۆ ڕۆژی ٢-١-٢٠٠١)، دوای ئەوەش کە چەند کەس لە ئامادەبووان سەرنجی بەڕێوەبەری کۆبوونەوەیان ڕاکێشابوو و یەك لە ئامادەبووان توانیبووی کۆپی ئەسڵی نامەی د.حەسەن پوور وەدەست بهێنێت و لەنێو ئامادەبوواندا بڵاوی بکاتەوە، دیسان پێکێشیان کردووە کە ئەوان نامەی حەسەن پووریان بە ئیمەیڵ بەدەست گەیشتووە. ڕێزدار شەفیق قەزاز لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ئاکا نیوز (٢٥ی دێسامبر) دەڵێت: "ئەمیر حەسەن پوور نامەکەی بۆ ئیمەیڵی ئەکادیمیا ناردووە و ئێمەش خوێندمانەوە، کاتێك بەشدارانیش گومانیان لا دروست بوو، من خۆم ئاگادارم کردنەوە کە پێوەندیی پێوە بکەن، بەڵام ئێستا نامەیەکی



تری ناردووە تەواو بە پێچەوانەی ئەو نامەیە کە بۆ ئێمەی ناردبوو، بۆیە پێویستە ئەو ڕوونکردنەوە بدات لەوبارەیەوە". ئەو قسانەی بەڕێز د.قەزاز دوو ڕۆژ دوای کۆتایی کۆنفڕانسەکە بڵاوکراونەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا لە نێو هۆڵی کۆنفڕانسەکە بە تەواویی ڕوونکراوەتەوە، کە ئەو نامەیەی بەناوی حەسەن پوورەوە خوێندوویانەتەوە، دەقاودەق هەر ئەو نامەیەی ئامادەکارانی کۆنفڕانس بووە کە بۆ بەشدارانی کۆنفڕانسیان ناردووە، دیسانیش پێکێشی لە سەر ئەو زەلەیە دەکەن. بەڕاستی ئەوە سەرسووڕهێنەرە. لە هەر جێیەکی دیکەی دنیا لە کۆنفڕانسێکی "ئاکادیمی"دا شتێکی وا ڕوویدابا، بێ ئەملاو ئەولا دەبوو بە سەرنووسی ڕۆژنامان و پێشهاتی تایبەتی لێدەکەوتەوە، بەڵام بەداخەوە ئەوە جگە لە ڕێپۆرتاژەکەی ئاکا نیوز (ئەویش بە چڵ و نیوە چڵی) و ڕۆژنامەی ئەڤرۆ نەبێت لە هیچ کوێدا دەنگی نەدایەوە. یەك لە ئامادەبووانی کۆنفڕانس لە باسەکەی خۆیدا لە ( inter group mobility ) دوابوو، واتە هەڵسووڕانی ناوکۆیی گرووپی هاوبەرژەوەند، ئەگەر ئەوە پێوەند بدەین بە وەدەستهێنانی ئەسڵی نامەی حەسەن پوور، ڕاستی ئەو بەگەڕکەوتنەمان لە دنیای ئینتەرنێتدا بەجوانیی بۆ دەردەکەوێت. واتا ئەتۆ پێکێشی دەکەی لە سەر ئەوەی بەناوی ئاکادیمیکێك کە لە بواری کوردناسییەوە ئیعتیباری جیهانی هەیە، شتێك پێشکەش بکەیت، بەڵام ئەو

مۆبیلیتییەی ئینتەرنێت زەمینەی خۆش کردووە، ریسەکەت لێ دەکاتەوە خوری.

ئەمن لە جێی دیکەش وتوومە تەنیا کارێك کە دەتوانێت ئیعتیباری ئاکادیمی بکرێتەوە، داخوازیی ئاشکراو بێ پێچ و پەنای لێبووردنە لە لایەن رێکخەران و سەرۆکی ئەکادیمیا لە مامۆستا ئەمیری حەسەن پوور. من ئەو داوا لانی کەمەم دیسان بە بەرەکەتی دەرفەتی تەکنیکی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووکدا لە لاپەڕەی د.بەرهەم ساڵح-یشدا بەدیوارەکەیەوە نووساندووە و هیوادارم لێی ئاگادار بووبێت.

**ئاسۆ: بۆچی ئەکادیمیای کوردیی کە بە ناوی کوردەوە دروست بووە، کۆنفرانس بۆ زمانی رەسمیی لە هەرێمی کوردستان دەبەستێت و پارچەکانی دیکەی کوردستان پشتگوێ دەخات، لە کاتێکدا خۆی بە ئەکادیمیای هەموو کورد دەزانێت و هیچ کاتێکیش بە وردیی کاری لە نێو زمانی کوردیدا نەکردووە؟**

حەسەنی قازی: بەڕاستی ئەوە کاری من نییە کە بڵێم "ئەکادیمیای کوردیی" پارچەکانی دیکەی کوردستانی پشتگوێخستووە. پێشم وا نییە ئەو ئەکادیمیایە هیچ ئەندامێکی رەسمیی پارچەکانی دیکەی کوردستانی تێدا بێت، یان ریسالەتی ئەوەی خستبێتە سەر ئەستۆی خۆی رێوشوێن بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستان دیاریی بکات.



**ئاسۆ: تێبینی ئەوە دەکرێت ئەکادیمیای کوردیی بە بڕیاری سیاسیی کار بکات و هێندە گوێ بە بیروبۆچوونی زمانەوانان نەدات، ئایا ئێوەش وەك شارەزایەکی بواری زمان کە دوور و نزیك لە کارەکانی ئەکادیمیا ئاگادارن، ئەو تێبینییەتان لا دروست بووە؟**

حەسەنی قازی: ئاشکرایە کە ئەو ئەکادیمیایە بە بڕیاری سیاسیی دامەزراوە و ئەوەش شتێکی ئاساییە. ئەوەی چەندە گوێ لە بۆچوونی خاوەنڕایان دەگرێت، ئەگەر ئەو کۆنفرانسە بێ ئەنجامەی مانگی پێشوو بکەینە پێوەر وا دەردەکەوێت هەڵسوڕێنەرانی سەرەکی ئەو ئەکادیمیایە لایەکی وا لەبۆچوون و ئیحتیجاجی ئەو خاوەنڕایانەی کە وەك ئەوان بیر ناکەنەوە، بەڵام ئەوەشمان لەبیر بێت کە بڕیاردانی چارەنووسساز دیسان دەمێنێتەوە بۆ دەسەڵاتی سیاسیی و ئەگەر ئەکادیمیایەك بە پەلەپەل پێشنیازێك بەرز بکاتەوە بۆ دەسەڵاتی سیاسیی، لەوانەیە ئەویش تووشی زەلەکا. من لە بۆچوونی چەندێك لەو مامۆستایانەی کە لەو ئەکادیمیایەدا کار دەکەن، ئاگادارم و دەزانم ئەوان لە بەپێی پێوەری زانستیی باوەڕی پتەویان بەوەیە کە کوردیی زمانێکی جووتستانداردە و ئەو پرۆسەیە زۆر لە مێژە دەستی پێکردووە.

**ئاسۆ: کێشەی کورد و زمانی کورد، نەك تەنیا زمانی ستاندارد و زمانی رەسمیی دەوڵەتە، بەڵکو ئەو کێشەیە لەوە گەورەترە کە تەنیا لە یەك ئاستدا سەیر بکرێت، بۆ وێنە مەسەلەی رێنووس، شێوازی وتن،**

**دارشتن، میدیا، پرۆگرامی خوێندن، نووسراوەی ڕەسمیی حکومەت لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە، یان ئینتەرنێت کە دەبینین زازاکی لە وێب سایتی تورکی زمانێکی سەربەخۆیە، ڕۆشەنبیرانیش هێندەی خەریکی لافلێدانی ناوچەگەریی و مەسەلەسیاسییەکانن، هێندە لە خەمی زمان نین، بۆ ئەمانە چی بکرێت باشە؟**

حەسەنی قازی: دیارە ئەو پرسیارە لە ڕاستیدا کۆمەڵە پرسیارێکن و لە چوارچێوەی هاوپرسەکییەکی ئاوادا ناکرێت وەڵامی هەموویان بدرێتەوە. یەکێك لە بوارەکانی کە نابێت دڵەڕاوکەیەکی زۆری لەسەر هەبێت، مەسەلەی ڕاپەڕاندنی کاروباری ئیداریی و نووسراوەی ڕەسمیی حکومەتە، ئەگەر پێوەندیی نێوان هەولێر و پارێزگای دهۆك بە شێوەزاری کرمانجیی بێت، ئەوا هیچ گیروگرفت و خەرجی زیادی بۆ دامودەزگا حکومییەکان ساز ناکات. بۆ مەسەلەی نووسین لەسەر دراو و پاسپۆرتیش ئەوە دەکرێت بە پێی تەوافوق جێبەجێ بکرێت. ئەگەر ئێمە ئەو ستاتوسی زمانی دەوڵەتیی و سەرانسەرییەی کە بۆ زمانی کوردیی لە عێراقدا هەمانە، بپارێزین و لە سەر بارودۆخی ئێستای شێوەزارە کوردییەکان ڕاوەستە بکەین، بەر لە هەموو شت دەبێت مەسەلەی بەکارهاتنی کرمانجیی لە خوێندن و بوارەکانی دیکەی ژیاندا بە ڕاستیی و بەدڵی کراوە جێگیر بکرێت. ئەگەر هەرشتێکیش بکرێت لەسەر ڕەسمییەت دان بە شێوەزارێك بۆ زمانی ئیداریی و بەڕێوەبەریی، باشتر وایە ئەو مافە هەر بە کوردیی



ناوەڕاست (سۆرانیی) نەدرێت، بەڵکو بۆ کوردیی سەروو (کرمانجیی)ش ڕەچاو بکرێت، بەڵام من لە بناوانەوە پێم وایە ئەوە هیچ ناگۆڕێت و کێشەی زمانیی ئاڵۆزتر دەکات. ئیدی ئێمە لە قۆناغی ئەوەی ستاندارد چییە و چ نییە تێپەڕبووین. کێشەکەمان کێشەی پێوەچاران بە دوو لەهجەی زمانێکە کە سیاسەتێکی کراوە و دیموکراتی پەروەردە بە ئاسانیی دەتوانێت لەگەڵیان بجووڵێتەوە و گەشەیان پێبدات، هەر وەك وڵاتی نەرویج، کە لەوێ ئەم کێشەیە بە سەرکەوتوویی یەکلایی کراوەتەوە.

بۆ ئەوەی هەموو کورد زمانێك لە تەبابییدا بژی و زمان نەبێتە دابڕی خەڵك لەسەر بنەمای شێوەی قسەکردن، یان بەکارهێنانی شێوەزارەکەیان لە نووسین و پەروەردەدا، ئەوەی گرنگ بێت، ئەوەیە، منی سۆرانیی ئاخێو چەندە حەز لە شێوەزاری موکریی سۆرانیی دەکەم، هەر ئەوەندەش زاراوەی کەلوڕی خانەقی و بۆتی بادینانم پێ خۆش بێت و بە یەکسانی ڕێزیان لێ بگرم.

# گفتوگۆی

**د.مارف خەزنەدار**

د.مارف خەزنەدار

## لە وەڵامی چەند پرسیارێکدا

### زمانی یەکگرتووی ستاندارد

پەیامنێری رۆژنامەی "ئاسۆ" -عەلی سەدیق- رێزی لێنام، چەند پرسیارێکی لێ کردم لە بابەت زمانی یەکگرتووی ستانداری کوردییەوە. سوپاسی دەکەم و پێشەکی دەڵێم ئەو ئاوەی لەم دواییەدا لافاوی هێنایە سەر لاپەڕەکانی رۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان، باوەڕ ناکەم لە دڵسۆزییەوە بووبێت. ئەم ئاوە لێڵە بوو بە زەلکاو و بێ ئەنجام مایەوە، وەکو هەموو ئەو هەولانەی لەم بابەتە درا بوون بێ دەستکەوت مایەوە. هەرچەند زووتر ئەو مەسەلەیە دابخرێت، هێشتا درەنگە.

من ئەو وتارە بۆ ئەو رۆژنامەنووسە دەنووسم بۆ بڵاوکردنەوە لە باتی ریپۆرتاژ. هەر لە سەرەتای ئەو مەسەلەیە دەبوو بێدەنگ بم و داوای داخستنی ئەم چەند و چوونە بێ ئەنجامە بکەم. ببوورن، بەلای منەوە لە



هەموو ئان و زەمانێکدا ورووژاندنی ئەم مەسەلەیە بێ ئەنجام بووە، لە هەموو حاڵەتیکدا بە خراپە کەوتووەتەوە و قازانجی نەبووە. مەسەلەکە بەم جۆرە کەوتووەتە ناوەوە تا رۆژی ئەمڕۆ.

١- بۆ یەکەمین جار لە دوای کوودەتا سوپاییەکەی عەبدولکەریم قاسم لە ساڵی (١٩٥٨)، لە ساڵی (١٩٦٠) یەکەمین گۆنگرەی مامۆستایانی کورد بۆ ئەم مەبەسە لە شەقڵاوە بەسترا. بڕیاری زانستیی و پراکتیکی لەم لایەنەوە کەم بوو، کەچی بڕیاری سیاسیی و پڕوپاگەندەی حیزبایەتی لە نێوان حیزبی کۆمۆنیستی عێراقی و پارتیی دیموکراتی کوردستان زیاتر بوو. گۆنگرە مەسەلەی "زمانی ستانداردی کوردیی بوو" جێبەجێ نەکرا، تەنیا ئەو بڕیارەی عیلمی و لە جێی خۆی بوو کە وتی: "دیالێکتیکی کرمانجی باشوور" زمانی ستانداردی نووسین بێت، بە مەرجێك بە دیالێکتی کرمانجی باکوور موتوربە بکرێت، ئەو کاتە بە دیالێکی یەکەمیان دەوت "بادینیی" و بە دووەمیان دەوت "سۆرانیی". ئەم بڕیارە جێبەجێکردنی مەسەلەکە نەبوو، بەڵکو ورووژاندنی بۆ ئەو کاتە دەستی دەدا.

بەگشتیی بڕیارەکانی ئەم کۆنگرەیە نەهاتەدی، ئەگەر هەندێ لە بڕیارەکان لە دوا رۆژدا گەیشتبنە ئەنجام، لەبەر ئەوە بوو ملکەچی گۆڕانی تەبیعی بوون، نەك بڕیاری کۆنگرە.

٢- لە نیوەی یەکەمی حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا لە دوای بەیانی (١١ی ئازاری ١٩٧٠) گفتوگۆ و چەندو چوونێکی بێمانا کەوتە ناو

لاپەڕەی چاپەمەنیی حیزبی کۆمۆنیستی عێراقی و پارتیی دیموکراتی کوردستان، بە تایبەتی ڕۆژنامەکانی ئۆرگانی حیزبییان. هێرشکردن بۆ سەر یەکتری گەرم بوو. حیزبی کۆمۆنیست لەسەر ئەو باوەڕە بوو ئەلفوبێی عەرەبی لە زمانی کوردیدا بەکاربهێنرێت، کەچی پارتیی دیموکراتی کوردستان داوای دەکرد نووسینی کوردیی بە ئەلفوبێی لاتینیی بێت. بەڕاستی ئەمە هەڵەیەکی گەورە بوو ئەوکاتە و لە پێش ئەو کاتە، ئێستاش نابێت دووبارە بکرێتەوە. لەوەش نالەبارتر ئەوە بوو ڕاگەیاندنی حیزبی بەعس دەنگی لەخۆی بڕی بوو و لە ژێرەوە خۆشی خۆشی بوو و ئاگرەکەی خۆش دەکرد بە قەشمەرییەوە تەماشای دەکردن.

لەو کاتەدا هەردوولایان داوایان ئەوەبوو بەشداریی لە گفتوگۆکەدا بکەم، بەڵام ڕای من ئەوە بوو مەسەلەکە دابخەن، چونکە بێ ئەنجامە.

٣- لەم دواییەدا لە پاش تێپەڕبوونی نیو سەدە بەسەر کۆنگرەی شەقلاوە (١٩٦٠) جارێکی دیکە مەسەلەی زمانی ستانداردی کوردیی کەوتە ناوەوە، ئەمجارەشیان بێ ئەنجامە، هەرچەندە زووتر دابخرێت قازانجی زیاترە.

ستراتیژ لە بابەت زمانی یەکگرتوو لە هەر پارچەیەك لە پارچەکانی کوردستان ناوەڕۆکی تایبەتی خۆی هەیە. بێگومان لە هەر کوردستانێك زمانی یەکگرتوو و جۆرە ئەلفوبێیەك هەیە پێی دەنووسن. مەسەلەکە پێوەندیی بە کەلتووری ئەو نەتەوەیەوە هەیە لە کوردستانەکاندا کە کورد لەگەڵیاندا دەژی (تورك، عەجەم، عەرەب) هەر یەکە لەو کوردستانانە



ئەگەر مافی مرۆڤایەتیی و قەومی دەست بخات، ئەو کاتە قسە لەسەر زمانێك دەکرێت بۆ نووسینی کوردیی بۆ هەمووان.

ئەمڕۆ مەسەلەی یەك زمان لە هەموو کوردستانەکاندا لە ناوەوە نییە، تەنیا گیروگرفتێك لە کوردستانی عێراق دروست بوو بە هۆی ئەوەی ناوچەی بادینان و بەشێك لە جزیری بۆتان (زاخۆ) کەوتووەتە کوردستانی عێراق، ئەمە بووەتە هۆی وروژاندنی ئەم مەسەلەیە، ڕاستە گرنگە، بەڵام بێ ئەنجامە، وەکو لە ناوەڕۆکی ئەم گفتوگۆیە بەگشتیی دەردەکەوێت.

ئێمە دوو زمانی ستانداردی یەکگرتووی کوردیمان هەیە لە زانستی زمانەوانیدا، وەك زاراوە ((کرمانجی باکوور)) و ((کرمانجی باشوور))یان پێ دەوترێت. بادینییەکان سەربەستن بە کامە زمان و بە کامە ئەلفوبێ دەنووسن. سیاسەت و دیبلۆماسییەت لەبار نییە بیر لەم مەسەلانە بکرێنەوە، چونکە نازانرێت کەی کوردی کوردستانەکان مافی مرۆڤایەتی و نەتەوایەتی دەست دەخەن و دەبن بە برای ڕاستەقینە لەگەڵ قەومەکانی هاوسێیان؟ تورکیا دەبێت بە ئەوروپایی، گەر بوو چی دەبێت؟ گەر نەبوو ئەلفوبێی لاتینیی تورکی ناکەوێتە ناو تەنگوچەڵەمەیەکی دژوارەوە؟!

تکاتان لێ دەکەم مەسەلەکە دابخەن، بە تایبەتی ڕۆژی ئەمڕۆ چەندوچوون لەسەر ئەم مەسەلەیە قازانجی نییە و زیانی زۆرە. پێویستە ئەوەش بزانین زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، ڕۆژگار دروستی دەکات و لە فاریقە لە قاڵب نادرێت.

# مێزگرد لەگەڵ ڕۆشنبیرانی شاری دهۆك

## مێزگرد لەگەڵ ڕۆشنبیرانی شاری دهۆك

دەمێکە باس لە زمانی ستانداردی کوردیی دەکرێت، بەتایبەت دوای ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی سیستمی پەروەردە بوونەوە لەبارەی کرمانجی ناوەڕاست و خوێندن بەو دیالێکتە و ئەو ئاستەنگانەی دێتە بەردەم خوێندکارانی سەرەتایی و قۆناغەکانی دیکە، بەشێکی زۆریش لەو کێشانە پەیوەندیی بە ناوچەی بادینانەوە هەبوو، کە بە هۆیەوە پەروەردە دەبوایە سیستمی خوێندن بە دوو زاراوە دابڕێژێت، وەنەبێت ئەو کێشەیە تەنیا سیستمی پەروەردەی گرتبێتەوە، بەڵکو ئێستا تەواوی ڕۆشنبیرانی کورد لەسەر ئەم مەسەلەیە دەدوێن، بەمەبەستی دۆزینەوەی چارەسەرێك، بێ ئەوەی بگەنە ئەنجامێك، ئەوەش ترس دروست دەکات بەهۆیەوە زمانی کوردیی بەرەو لەتبوون بچێت، هەم لە نووسین و هەم لە قسەکردن، بۆ ئەم مەبەستە بە باشمان زانی ڕۆشنبیرانی شاری دهۆك بهێنینە دواندن.

ڕۆژنامەی (ئاسۆ) مێزگردێکی لە شاری دهۆك لەگەڵ چەند ڕۆشنبیرێك ساز دا.



د.کامەران بەرواری، مامۆستای زمانی کوردیی لە زانکۆی دهۆك، دەڵێت: "هۆکارەکانی دروست نەبوونی زمانی ستاندارد لە نێو دیالێکتەکانی زمانی کوردیی و ئەو گیروگرفتانەی ئەمڕۆ ڕووبەڕووی زمانی کوردیی دەبنەوە، وای کردووە تا ڕادەیەکی زۆر ئەو زمانە لەڕووی جێگیرییەوە لەق بکات و بەرەو پارچەپارچەبوون بڕوات، هۆی دروست نەبوونی زمانی یەکگرتوو دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری مێژوویی و جوگرافی و سیاسیی، کورد لە چەند هۆز و تیرەی سەرەکی پێکهاتووە، ئەگەر باسی پێنج هەزار ساڵ بەر لە ئەمڕۆ تاوەکو ئێستا بکەین، چەند ئیمپراتۆرییەت دروست بوون و لەناوچوون وەکو (گووتی، لۆلۆ، سۆباکی، میتانی، نایری، کیشی، میدی، بیدی)، ئەوانە هەریەك لە ناوچەیەکی جیاواز فەرمانڕەواییان کردووە، بێگومان هەریەکەیان زمانێکی تایبەتی خۆیان هەبووە، دواتر میرنشینی کوردیی دروست بوون، کە ژمارەیان لە سارتاسەری کوردستان نزیکەی (٤٧) میرنشین بوو.

بەرواری، تیشك دەخاتە سەر ئەوەی گەشەکردنێك ڕوویداوە کە پێچەوانەی هەموو گەل و نەتەوەیەکی تر بووە، بەتایبەتی لە ئەوروپا و شوێنەکانی تردا، لە بنەماڵەیەك یان لە هۆزێك یان لە شارێکدا گەشەیان کردووە و بوون بە حکومەتێك یان دەوڵەتێك، بۆ نموونە فەرەنسا یان وڵاتی ئەڵمانیا کە (١٣٪)ی هۆزێك بوون کە هەموو ئەوروپا لەسەر شێوازی لاتینیی بوون، پاش دوو سەد ساڵ یان سێسەد ساڵ هاتن و بوون

بە دەوڵەت، هەم دەوڵەتی نەتەوەیی و هەم دەوڵەتی جوگرافی، بەڵام کورد لە ئیمپراتۆرییەتەوە تا حکومڕانە یەك لەدوای یەکەکانی میرنشینەکان بەرەو دابەشبوون چووە، لەوانەش لە شەڕی (چاڵدێران) کە کوردستان بوو بە دوو پارچە، ئەم دۆخە درێژەی کێشا تا لە ساڵی (١٩٢٣)دا بووینە چوار پارچە.

سەبارەت بە دیالێکتە کوردییەکان لەبەر ڕۆشنایی مێژوودا، مێژوونووسی کورد، شەرەفخانی بەدلیسی دەڵێت: "سێ دیالێکتی سەرەکیی هەن، بەڵام لەسەر بنەمایەکی زانستیی لە کوردستان چوار دیالێکت هەن: (کرمانجیی، لوڕی، کەلهوڕی، گۆران)، (لوڕی و کەلهوڕی) یەك دیالێکتن، یان با بڵێین هی یەك ناوچەن کە پێیان دەڵێن (لوڕ یان فەیلی)، بۆیە لە زمانی کوردیدا سێ دیالێکتی سەرەکی بەکارهاتووە، ئەوانیش (کرمانجی و لوڕی و گۆران) ،ئەگەر بێت و نەخشەی وان بکێشین، کرمانجیی، هەموو باکووری کوردستان دەگرێتەوە تا دەگاتە هەندێك لە کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤییەت و خۆرهەڵاتی کوردستان و کێرەشین و دەڤەری سورچی و زێبار و بارزان و بەردەڕەش —لە نزیك موسڵ- و هەموو پارێزگای دهۆك لەگەڵ شەنگال و جزیرە تا دەگاتە نزیکەی دەریای سپی، ئەوانە هەموویان بە کرمانجیی دەدوێن، بێجگە لەوانە هەندێك ناوچەی دیکە بە کرمانجی قسە دەکەن، کوردی شاری (وان) کوردی ڕەسەنن، لە دیمەشقی پایتەختی سوریا هەندێك لە گەڕەکەکان کوردنشینن و زیاتر لە



(٣٠-٤٠) هەزار کوردی تێدایە، لە میسر و ئەسیوبیاش کورد هەیە کە ملیۆن و نیویێك دەبن، ناوچەکانی کوردڤان و کوردڤین کوردنشینن، نزیکەی (٤) ملیۆن کورد لە ئەستەنبووڵ هەیە، بێجگە لەوانەش کورد لە خۆراسان و ئەفغانستان و پاکستان هەن و بە کرمانجیی قسە دەکەن.

ئەگەر نەخشیەك بۆ دیالێکتی (گۆران) بکێشین، شاری سلێمانی ئەو کاتەی گوند بوو، بە دیالێکتی (گۆران) دەئاخافین، لەوێوە بەرەو هەورامان و تا نزیك هەولێر و کەرکوك و ناوچەی زەنگەنە لە نزیك موسڵ، ئەمانە هەورامیی بوون، کە دیالێکی ناوخۆی گۆرانە.

خانەقین و مەندەلی و بەدرە و جەسان و عەلی شەرقی و عەلی غەربی تا کووت و ناسریە و عەمارە و بەغدا، لەولاشەوە هەردوو لای سنووری کەنداوی عەرەبی تا شوێنی ئیماراتی شوانکاریی سەر موزیف قورمز کە میرنشینێکی گەورەی کوردیی بوو، ئەوانە هەموو لوڕی بوون، لە کۆندا سێ دیالێکتی سەرەکی هەبوون، پێش (١٠٠) ساڵ و زیاتریش زمان و هونەر و ئەدەبیاتی کوردیی بەم سێ دیالێکتە سەرەکییە نووسراوتەوە، ئەگەر بێت و دیالێکتی کرمانجی باکوور وەربگرین، بۆ نموونە دۆکیۆمێنت لە بەردەستماندایە کە لە ساڵی (٨٤٠)ی زایینی (بابارخێ) کە بەرهەمەکەی ئەو لە مزگەوتی (بادێ) دۆزراوەتەوە، پاشان ساڵی (١١١٥) (ئەبو بەرەکاتی هەکاری) بەو دیالێکتە نووسیویانە، شێخ حەسەنی داسینی پێدا دێت تاوەکو جزیری... هتد.

باباتاهیری هەمەدانی لە ساڵی (٩٣٥) لە دایك بووە، زیاتر لە (١٠٠٠) ساڵە هەموو ئەو ئەدەبیات و زمان و هونەرەی بە دیالێکتی لوڕی نووسیوە. خانای قوبادی و بێسارانی و مەولەوی و چەند شاعیری تر زیاتر لە (١٠٠٠) ساڵە بە دیالێکتی گۆران نووسیویانە، کەواتە راستییەکی مێژوویی هەیە کە کورد لە سەردەمی ئیسلام و پێشی ئیسلامیش زمانی خۆی پاراستووە، تاوەکو ئەو سەردەمەی ئێستا تێیدایین. سێ تا چوار دیالێکتی سەرەکی هەن کە بەرهەمەکانی پێ نووسراوە و کارتێکردنیشی لەسەر هەبووە.

راستییەك کە لە هەموویان پەسەندترە لە مێژووودا سەلمێنراوە، پاش ئەوەی کە هەندێك زانا و رۆشنبیر لە زمانی سۆمەری دەرکەوتوون، کە زمانی سۆمەری رێك وەکو زمانی کوردیی ئێستاکەیە (کرمانجیی) دۆکیۆمێنتەکە بە پەیڤ و راناو و زاراوە سەلمێنراوە.

ئەو دۆکیۆمێنتەی کە لەبەر دەستی ئێمەدا هەیە، تەنها دۆکیۆمێنتێك نییە، بەڵکو سەدان دۆکیۆمێنتە. ئەوە مانای ئەوەیە کە یەکەمین زمانی زیندوو زمانی کوردییە (کرمانجیی)، هیچ نەبێت تەمەنی (٥) هەزار ساڵە، هیچ نەتەوەیەکی دیکە نییە کە بتوانێت زمانی خۆی بخاتە سەر زمانی سۆمەریی. کتێبێك لەبەر دەستمە بە ناوی (السومەریە تزامن یکون کوردیا)، یەکێکی تر هەیە کە لەسەر سۆمەری بابەتێکی ئەکادیمی دروستکردووە، کە خەڵکی سلێمانییە و نامیلکەیەکی دکتۆرا لە زانکۆی



سەلاحەدین کە لە تەهران هێناویانە لەسەر میتۆلۆجی کوردیی و میتۆلۆجی سۆمەرییە، لەوەوە دەگەینە ئەنجامێك کە میتۆلۆجی کوردیی و میتۆلۆجی سۆمەریی (١٠٠٪) کۆکن، کەواتە یەکەمین زمان لە جیهاندا کە کتێبی گلگامێشە کە بە زمانی سۆمەری نووسراوە، بە دیالێکتی کرمانجی سەروو نووسراوە.

بەڵام کوردستان بووەتە چوار پارچە، ئەو پارچەپارچەبوونەش وای کردووە کە زمانی کوردیی بگاتە ئەو رادەیە، یان با بڵێین گەیشتە ئەو ئاریشەیە.

میرنشینەکانی بۆتان و سۆران و بابان و ئەردەڵان و زمانی خۆیان بەکارهێناوە، زمانی ئیمپراتۆریەتییان بەکارنەهێناوە، چونکە زمانی ئیمپراتۆریەتی میدی یەك زمان بووە و جەیشی و گۆتی و لوڕی هەموویان یەك زمان بوون.

لە ساڵی (١٩٢٣) کوردستان بووەتە چوار پارچە و ئەدەب و هونەر و زمانیش بووەتە چوار پارچە، ئەمانەش هۆکارەکەی بە تەنها مێژوویی نەبووە، بەڵکو هۆکاری جوگرافی و سیاسیش بووە.

- بۆچی زمانی کرمانجی ناوەڕاست (سۆرانیی) پەیدابوو؟

راستییەك هەیە کە هیچ دیالێکتێك نییە بەناوی (سۆرانیی) یان (بەهدینی)، بەڵکو هەردووکیان سەر بە دیالێکتی کرمانجین. ئەو

دیالێکتە لە ساڵی (١٩١٨) لە سلێمانی لەسەر دەستی ئینگلیزەکان دروست بوو، ئەمەش لەبەر سێ هۆ، یەکەمیان: رازیکردنی عێراق، دووەمیان: رازیکردنی تورکیا و سێیەمیان: کورد هۆکارێکی گرنگی نەمێنێت بۆ ئەوەی لە پاشەڕۆژدا نەتەوەی کورد بکاتە یەك.

لە مێژوودا زمانی کوردیی لە هەمووی زیاتر یەکێتیی نەتەوەیی ئێمەی پاراستووە، لە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی ئەکادیمیدا بە ناوی (قۆناغی وەرارا هزری نەتەوەی)، ئەمە لە هۆزانی کوردییەوە دەستپێدەکات تا ساڵی (٨٤٠-٢٠٠٠) ئەو شتە زۆر باش روونکراوەتەوە.

**- بۆچی ئەو دابەشکردنە دروست بوو کە ناتوانن یەك بگرن؟**

ئەو دروستبوونەی کە کرمانجی ناوەڕاست (سۆرانیی) بووە، بەهۆی ئەوەی کە کورد یەك نەگرن، پارچەبوونی کوردستان بووە هۆی پارچەپارچەبوونی زمانیش، بۆیە ئێمە دەبێت زۆر ئاگاداربین لەم ئاریشانە. رۆشنبیری بادینان لە ساڵی بیستەکان و لە گۆنگرەی شەقڵاوە لە ساڵی (١٩٥٩) هەڵوێستی مەردانەیان هەبووە و بزاڤیشیان کردووە.

زمانی کرمانجی سەروو، بەردەوام بەکارهاتووە و چەندین کتێبیش بەو زمانە چاپکراون، ساڵی (١٥٩١) یەکەمین کتێب کە رێزمانی کوردییە، چاپکراوە کە لەلایەن (عەلی تەرەماخی)یەوە دانراوە، پێنجسەد ساڵە ئەو کتێبە دانراوە و دەخوێنرێت. یەك لە هۆیەکانی لە سێدارەدانی (شێخ



عەبدولسەلام بارزانی) لەسەر ئەوە بوو کە داوای دەکرد خوێندن بە زمانی کوردیی بێت.

بەرواری لە بارەی پێش ساڵی (١٩١٨) کە کێشەی زمان هەبووە، دەڵێت: "نەخێر، هیچ کێشەیەکی زمانی نەبوو، چونکە زمان و نووسین لە کوردستان بە تورکی بوو لەبەر عوسمانییەکان و دەڤەری کرمانجی باکوور خوێندنیان بە عەرەبی و تورکی و فارسی و کوردیی بوو، ناوچەکانی کرمانجی ناوەڕاست بە تورکی دەیانخوێند.

**- بۆچی لە سەردەمی ئەمەوی و عەباسی کێشەی زمان نەبوو، پاش ئەوەی ئینگلیزەکان هاتن ئەم کێشەیە دروست بوو؟**

شتێك دروست بوو لە دەستپێکی ساڵی (١٩١٨) تا ساڵی (١٩٢٢) ئەو کاتەی ئینگلیزەکان دوو سێ گۆڤار و رۆژنامەیان لە سلێمانی دەرکرد و پارەیەکی زۆریشیان دەدا کە ئەو کەسەی کە بۆ ئەو گۆڤار و رۆژنامانە دەینووسی. لەو کاتەدا ئەو شێوەزارە گەشەی کرد تا بوو بە زمانی رەسمیی لە دامودەزگا حکومییەکان و خوێندنگاکان، پاش ساڵی (١٩٢٣) ئینگلیزەکان بە تورکیایان وت کە زمانێکیان دروستکردووە هیچ کوردێك تێی ناگات، نە کرمانجی باکوور و نە لوڕی و نە هەورامی، بۆیە ترسناك نییە لەسەر ئێوە، ئەمەش کاتێك هات کە تورکیا نیگەرانیی خۆی نیشاندا لەمەڕ دروستبوونی ئەم دیالێکتە.

لە ساڵی (١٩٦٠) كەناڵێك دروست بوو بە كوردیی كە حكومەتی توركیا ناڕازیی بوو، بەڵام حكومەتی میسری وتی: ئەو زمانەی كە ئەو كارەی پێ دەكەن، كرمانجیی نییە، توركیا ئێوە نیگەرانیتان لەوەیە كە بە كرمانجیی نەبێت. لەبەرئەوە ئەو كێشەیە لەسەر دەستی ئینگلیز دروست بوو، دواتر سیاسەتیشی گرتەوە، دواتر هەڵكشا بۆ ڕۆشنبیریی، ساڵەكانی (١٩٢٠) و ساڵەكانی (١٩٣٠) یەكەمین كەس كە دەربارەی ئەوەی نووسی و دژایەتی كرمانجی سەرووی كرد (تۆفیق وەهبی) بوو، دواتر بەهۆی ئەوەی كە هەندێك كەس هەبوون باڵێكیان لەلای سیاسەتەوە بوو، باڵێكیشیان لەلای ڕۆشنبیرییەوە هەبوو ئەو كۆمەڵە كەسە هەڵنەستان بەوەی كە ئەم جیاوازییە و كێشەیە كەم بكەنەوە، بەڵكو زیادیان كرد، تا گەیشتە ئەم ڕۆژەی كە تێیدان.

- مەبەست چییە لەوەی كە ئەو دیالێكتانە دروستكراون؟

مەبەستم ئەوەیە كە تۆفیق وەهبی ئەو ناوانەی داناوە دیالێكتی كرمانجی ناوەڕاست و باكوور و باشوور و... هتد هەر دیالێكتێكی دابەشی كردووە، چەند شتێكی تریان جیاوازیی دوو شار یان دوو گوند، كە ئەمانەش لە هەموو وڵاتێك هەیە.

ئەوانەی یەكەمین جار بەرهەمی خۆیان بە دیالێكتی ناوەڕاست نووسیووە (نالی و سالم و كوردی) بوون، كە بە (سێكوچكەی بابان)



ناسراون لە ساڵی (١٨٠٠-١٨٦٧) ژیاون، ئەگەر بێت و باسی نووسینی وان بكەین، كە لە تەمەنی (٣٠) ساڵییەوە نووسیویانە و دەستیان بە نووسین كردووە، تەمەنی كرمانجی ناوەڕاست دووسەد ساڵە، كەچی تەمەنی كرمانجی سەروو (١٠٠٠) ساڵە، چۆن دەبێت تەمەنی دیالێكتێكی (٢٠٠) ساڵیی زاڵ بێت بەسەر دیالێكتێكی تەمەن (١٠٠٠) ساڵیی؟!

زمانی كرماجی ناوەڕاست زمانێكی ڕەسمیی نەبوو، تەنها میرنشینی بابانەكان قسەیان پێدەكرد، دوای میرنشینی بابان ئەو زمانە بەرەو لەناوچوون ڕۆیشت، پاشان ئینگلیزەكان هاتن ئەو زمانەیان زیندوو كردەوە.

**حەسەن سلێڤانی سەرۆكی یەكێتی نووسەرانی كورد- لقی دهۆك:**

ئەمڕۆكە لە كوردستانی ئازاد دوو دیالێكتی سەرەكی هەن، زاراوەی كرمانجی ژووروو و خواروو.

مافی منداڵانی ئێمەیە كە بە زمانی دایكیان بخوێنن و قسە بكەن، هەروەها لەگەڵ ئەوەداین كە هەردوو زاراوە وەكو یەك مامەڵەیان لەگەڵدا بكرێت. ئێمە وەكو ڕۆشنبیر و مامۆستایانی زانكۆی دهۆك و دایك و باوكانی خوێندكاران هەموومان داواكاری ئەوەمان هەبوو كە لە قوتابخانەی سەرەتایی تا كۆتایی زانكۆ بە زمانی كرمانجی خۆمان بخوێنین و بنووسین، كە ئەمەش مافێكی سروشتییە، چونكە ئێمە بە كرمانجیی

قسە دەکەین، ئێمە زۆر خۆشحاڵین کە بەڕێوەبەرێتیی پەروەردەی دهۆك توانی بە هەوڵی هەندێك لایەن ئەمە بەدەست بێنێت کە بۆ ساڵی داهاتوو تەواو دەبێت، چونکە بۆ هیچ کەس نییە زمانی دایك لە خەڵك حەرام بکات.

لەبارەی ئەوەی کە چەند لەگەڵ دروستبوونی زمانی ستانداردە، دەڵێت: "پێموایە زمانی ستاندارد ئۆتۆماتیکی دروست دەبێت. ئێمە گەلێك کێشەمان هەیە لەگەڵ بەغدا وەکو کێشەی مادەی (١٤٠) و کێشەی ناوچە دابڕاوەکان، ئێمە کارەبامان نییە و ئابوورییەکی بەهێزمان نییە، ئینجا نۆرەی کێشەی زمانی ستانداردە".

**حەسەن سلێڤانی، سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی دهۆك،** لە بارەی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەم مەسەلەیە، دەڵێت: "بۆ چارەسەری ئەو بابەتە، شارەزا و زانایانی ڕێزمان پێویستە ڕێگایەك بدۆزنەوە، بۆ ئەوەی کە زمانی ستاندارد دروست بێت، بەڵام هەندێك کەس و لایەن هەن کە دەیانەوێت کرمانجی ژووروو (سۆرانیی) لەسەر ئێمە بسەپێنن، کە ئەوەش حەق نییە، ئێستاکەش کاتی ئەوە نییە کە باسی دروستبوونی زمانی ستاندارد بکەین، من بە زمانی خۆم قسە دەکەم و تۆش بە زمانی خۆت، هیچ کێشەیەکمان نییە، بەڵام یەك لە گلەییەکانی من لە ڕۆشنبیر و قوتابی سۆرانیی ئەوەیە، کە بۆچی دەبێت ئێمە بە سۆرانیی بخوێنین و



دیوانێکی شاعیر بە سۆرانیی بخوێنین و تێشی بگەین، ئێوەش بە کرمانجیی نەخوێنن؟ بۆچی دەبێت فێری ئینگلیزیی و فەرەنسی و... هتد ببن، بەڵام کرمانجیی قبووڵ ناکرێت".

ئێمە پێویستە هەوڵ بدەین کە لەیەك نزیك بین، نەوەکو لە یەك دوور بکەوینەوە، بەتایبەت لە ڕێگەی پەروەردەوە کە گرنگیی خۆی هەیە. ئێمە وەکو یەکێتیی نووسەرانی کورد پرۆژەیەکمان پێشکەش کردووە، کە هەردوو زاراوە لە هەردوو ناوچەی خۆیان بخوێنرێن، سۆرانیی لە ناوچەی خۆی و کرمانجیش لە ناوچەی خۆیان. هەندێکیش لە پەیڤەکان تێکەڵ بکرێت تا بەرەبەرە قوتابییەکان لەگەڵ پەیڤەکان رادێن، بۆچی کوردەکانی ئێمە کاتێك دەچنە وڵاتێك پێی دەڵێن: دەتەوێت بە کرمانجیی یان بە سۆرانیی بخوێنی؟ بۆچی لای ئێمە وایە و دەبێت مافی ملیۆن و نیوێك کەس پێشێل بکرێت.

**یاسر حسێن، نووسەر و هەڵگری بڕوانامەی ماستەر لە زمانی کوردیی،** پێی وایە: زمانی ستاندارد بە زۆر دروست نابێت، بەڵکو هێدی هێدی دروست دەبێت. بە ڕێگای سەپاندن هیچ شتێك دروست نابێت، دەبێت ئێمە هەندێك قوربانیی بۆ یەك بدەین تا زمانێکی ستاندارد دروست ببێت.

منیش وەکو بیروبۆچوونی برادەران پێموایە، پێویستە بە زمانی کرمانجیی بخوێنین، تاوەکو چانسێك هەبێت لە داهاتوودا زمانی ستاندارد

دروست بێت. بە هیچ ڕێگەیەکی سیاسیی زمانی ستاندارد دروست نابێت. بەڕێگای سەپاندنیش دروست نابێت، ئەوەی کە برادەرانی سلێمانی دەڵێن کە دەبێت بە زمانی سلێمانی بخوێنین، نابێت، چونکە زمانی ستاندارد دەبێت خەڵکی ئامەد و هەموو کوردستان تێی بگەن نەوەکو تەنیا خەڵکی سلێمانی و هەولێر لەو زمانە ستانداردە تێبگەن.

من لەگەڵ ئەوەدام کە کتێبێك هەبێت تایبەت بێت بە زمانی برایانی ئێمە، کرمانجی خواروو (سۆرانیی)، کە لە لای ئێمە لە پرۆگرامی خوێندن داخڵ بێت و لە ناوچەی سۆرانیش هەمان شت هەبێت و نمرەی لەسەر بێت و داخڵی تاقیکردنەوەی وزراریش بێت، بەڵام مخابن زانیارییەکی سەد لە سەد گەیشتە ئێمە کە لە سلێمانی ئەو کتێبەی کە لە پەروەردە چاپکراوە و هەندێك بابەتی کرمانجیی تێدایە، بەر لەوەی تەرك بکرێت، نەدەخوێنرا، بەڵام لەو دەڤەرەی ئێمە قوتابییان فێر دەکران و تەرکیش نەکرا تا ناچاربووین، بۆیە بەم شێوەیە زمانی ستاندارد دروست نابێت، پێویستە خۆ بەدوور بگرین لە کاری ڕەگەزپەرستیی. پێویستە بە ڕێگایەکی نەتەوەیی سەیری ئەو کارانە بکرێت، بۆئەوەی زمانی ستاندارد لە داهاتوودا دروست بێت.

لەبارەی ڕێنووسەوە، ئەو دەڵێت: "نووسین بە پیتی لاتینیی زۆر گرنگە، پیتی لاتینیی زۆر لەگەڵ زمانی کوردیی دەگونجێت، چونکە بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا دەڵێین هیچ بڕگەیەك بێ بزوێن نابێت، ئەمەش لە لاتینیی



دەردەکەوێت نەوەکو لە عەرەبی، بۆیە بە بیروبۆچوونی من پیتی لاتینیی بۆ زمانی کوردیی باشترە".

سەبارەت بە فەوتانی ئەو کەلەپوورە زۆرەی کە هەیە بە ڕێنووسی عەرەبی، ئەگەر لاتینیی بێت، دەڵێت: "ئێمە زۆر کاری هاندانمان کردووە بۆ پیتی لاتینیی کە باوەڕمان وایە لە دوارۆژدا پیتی لاتینیی دەبێتە کاری سەرەکی نووسین لە زمانی کوریدا".

لەبەرئەوە لە گۆڤاری (پەیڤ) کە سەر بە یەکێتیی نووسەرانی کوردە و لە ژمارە (١) تا (٤٣) دەرچووە، بەشێکی تایبەت بە لاتینیی دەنووسین تاوەکو نووسەری باکوور و خۆرهەڵات بیخوێننەوە و لێی تێ بگەن، هەروەها هەندێك لە نووسەرانی باکوور و ڕۆشنبیری ئەورووپا لای ئێمە دەنووسن و وتارەکانیان لای ئێمە بڵاودەکەنەوە، ئێمە پرۆژەیەکمان هەیە کە بابەت بە لاتینیی بڵاوبکەینەوە، هاندانی چاپکردن بە لاتینیی کارێکی گرنگە، چونکە ئەمە کارێکی نەتەوایەتییە، هەروەها گرنگە ڕۆشنبیریی لاتینیی لەناو خەڵکدا بڵاوبکرێتەوە.

تۆ دەڵێیت ئێمە خاوەن کەلتوور و مێژووین، ئەگەر بە لاتینیی بنووسین ئەوا لەدەستمان دەچێت، خۆ تورکیا بە لاتینیی دەنووسێت، لە هەمانکاتدا خاوەنی چەندین کەلتووری عوسمانییەکانە.

سەبارەت بە ئایین، لەوانەیە ئێمە بڵێین ئەگەر لاتینیی بەکاربهێنین، ئەوا دوور دەکەوینەوە لە ئایینی ئیسلام، ئەوە وا نییە، چونکە هەندێك

شتی تایبەتمەند هەیە دەبێت بیپارێزین، ئێ باشە ئێمە کوردین و عەرەب نین تاوەکو پیتی عەرەبی بەکاربهێنین، لەگەڵ ئەو کەسانە نیم کە دەڵێن لاتینیی بەکاربهێنین لە ئیسلام دوور دەکەوینەوە، ئێمە ناڵێین لاتینیی یەکسەر ببێتە زمانی رەسمیی، بەڵکو با قۆناغ قۆناغ بڕوات.

**- ئێستا هەندێك لە تەلەفزیۆنەکان بە لاتینیی دەنووسن؟**

بەڵێ، هەندێك هەن کە بە لاتینیی دەنووسن، بەڵام زۆر کەمن. بۆیە پێویستە هەوڵی زیاتری بۆ بدرێت، بەتایبەتی لە قۆناغەکانی سەرەتایی تاوەکو فێری هەندێك لە شێوازەکانی لاتینیی بن. پەیمانگەی مامۆستایان لای ئێمە وانەیەکی لاتینییان هەیە کە پێویستە قوتابیی بیخوێنێت، هیچ قوتابییەك بڕوانامە وەرناگرێت ئەگەر بێت و لاتینیی نەزانێت، چونکە ئەگەر هات و لە دوارۆژدا وانەیەکی لاتینییان هەبێت و نەزانێت ئەوا چۆن دەتوانێت وانەکە بڵێتەوە.

**محەمەد عەبدوڵڵا: نووسەر و شارەزا لە بواری زمانی کوردیی، دەڵێت:**
"من لە سەداسەد لەگەڵ رای برادەرەکانم، زمانی ستاندارد بۆخۆی دروست دەبێت و بەزۆر دروست نابێت، بەڵکو لەسەرخۆیە و دەبێت کۆمەڵێك دابنێین کە شارەزاییان هەبێت لەسەر زمان، تۆ دەڵێی ئەگەر زمانی کرمانجیی ببێتە رەسمیی، لەوانەیە هەندێك داوای جیابوونەوە بکەن، خۆ



ئەگەر سۆرانیی بێت ئەوا ئێزدییەکان قبووڵی ناکەن، خۆ دوعا و نوێژیان بە کوردییە.

بەڵێ، زمان نابێت بسەپێنرێت، با فەرهەنگێك دابنێین جوگرافی و کۆمەڵایەتی و... هتد. هەریەکە و بە زمانی خۆی بۆ نموونە با پەیڤەك وەربگرین چەند سووکە. بۆ نموونە پەیڤەك هەبێت ئەگەر لە کرمانجیش نەبێت لە هەورامی هەبێت، با ئەو پەیڤە بێتە ناو زمان، شەبەك هەیەتی بیهێنە، هەروەها زازا کە (٤) ملیۆنن. ئەگەر چوار ملیۆن کەس زمانی کوردیی ستاندارد نەبێت، بۆ چییە؟ خۆ ئەوان تورکی باشتر دەزانن، خۆ منداڵانی ئێمە زۆربەی پەیڤیان عەرەبی بوو، بەهۆی فلیمی کارتۆن فێری کوردیی پەتی بوونەوە، بۆیە زمانی وان لە ئێمە پاراوترە ئەمانەش لە رێگای راگەیاندنەوە بووە، بۆ نموونە لە سلێمانی دەڵێن ژن، ئێمە دەڵێین ئافرەت، ئەوان دەڵێن خوێندکار، ئێمە دەڵێین قوتابیی، ئەم مەسەلە سیاسییە و با بە رێگەی مەسەلەی سیاسیشەوە بێت هەر باشە.

نابێت سۆرانیی لەسەر ئێمە بسەپێنرێت، چونکە من مامۆستام لە هەندێك پەیڤی سۆرانیی ناگەم، ئەوجا چۆن قوتابیی تێیدەگات، پەیڤێکی لە گوندێك هێناوە یان لە دەڤەرێکی وەکو چوارتا چۆن تێی بگەم؟!

**موحسین عەبدولڕەحمان نووسەر و چیرۆکنووس:**

به بیروبۆچوونی من، ئێمه منداڵی خۆمان دەنێرین بۆ ئەوەی فێری زانست بێت، نەوەکو فێری دیالێکتێکی زمان بێت، من کچێکم هەیه ئێستا له پۆلی شەشەمی ئامادەییه، ئابووریی وەکو شیعر لەبەر دەکات و یەك وشەی لێ تێناگات، دەبێت ئابووریی و جوگرافیا و مێژوو و وانەکانی دیکه لەبەر بکات!!، بۆیه من دەڵێم غەدرێکی گەوره لەم ناوچەیه کراوه، به بۆچوونی من ئاستی لاوازیی قوتابییانی ناوچەی ئێمه هەمووی لەبەر زاراوەی سۆرانییه، بۆیه ئاستی قوتابییانی هەولێر و سلێمانی له ناوچەی ئێمه بەرزتره.

- ئەگەر ئەو پەیڤه له سلێمانی و هەولێر دروست بکەین، ئەوا کوردی باکوور و کوردەکانی تریش ڕێزمان لێدەگرن، بۆیه ئێمه دەتوانین بڵێین ئێره دەبێته دەروازەیەك بۆ پاشەڕۆژ، بەڵام ئەگەر بێت و فەرزکرا، ئەوا کوردی ئێران و تورکیا و بەختیاریی قبووڵ ناکەن.

**سەباح ئەتروشی ڕۆژنامەنووس:**

من وەکو ڕۆژنامەنووسێك قسه دەکەم، ئێمه ڕێگەمان دروست کرد وەکو ئاکرێ لەگەڵ ناوچەکانی سۆرانیی، بۆیه دەڵێم کێشەی زمانمان نەبوو، بەڵام کۆمەڵێك دەیانەوێت کێشه بنێنەوه و خۆیان یان زمانیان لەسەر زمانێکی تر فەرز بکەن.



من پێیموایه، هاوکاریی لەنێوان ڕۆشنبیرەکاندا نییه، چونکه من دوو ساڵ له هەولێر بووم، گەنجەکانی ئەو شاره زۆر حەز دەکەن فێری ئەو زمانه بن، بەڵام گەورەکانیان حەز ناکەن فێربن، یان قوتابییانی سۆرانیی دێنه ئێره و قوتابییانی ئێمه به سۆرانیی قسەیان لەگەڵ دەکەن.

لەبارەی پەیوەندیی زمان به سیاسەتەوه، دەڵێت: "زمان هیچ پەیوەندییەکی به سیاسەتەوه نییه، بەڵکو له دەستی ڕۆشنبیرانی ئێمەدایه، ئێستا من دەزانم سەرکردایەتیی کورد زۆر حەز دەکات ئەو کێشەیه ڕۆشنبیرانی ئێمه چارەسەری بکەن".

- لەبارەی بوونی نوخبەی ڕۆشنبیری کوردیی، دەڵێت: "ئەوەش بووەته کێشەك، بۆ نموونه تاوەکو ئێستا ڕۆشنبیری ئێمه کۆبوونەوەیەکیان پێکەوه نەکردووه، بۆ نموونه (کۆڕی زانیاریی کورد) له هەولێر تاوەکو ئێستا یەك بادینیی لێ بوو، ئێستا بووەته دوو بادینیی، ئەوەی تر هەمووی بەشەکانی تره، ئەو دابەشکردنەش دابەشکردنێکی ڕاست و دروست نییه، بۆ چارەسەری ئەوه دەبووایه نیوه به نیوه بووایه، دەبووایه هەندێك شارەزا بهێنن سەرەتا ئەو پیتانەی وەکو یەکن کۆبکەنەوه و کارئاسانیی بکەن، بۆ نموونه کرمانجی خواروو (سۆرانیی) دەڵێن: کن، ئێمه دەڵێین تەك، ئەوه نیشان دەدات که گەلەك له یەکەوه نزیکن... بەڵگه و دۆکیۆمێنت هەیه لەسەر زمانی کرمانجیی و مێژووی پەیدابوونی زیاتره بەس ئەو بارودۆخه سیاسییەی که له ساڵی (١٩١٨) ئەو شتەی هێناوەته ئاراوه، به تایبەتی له کوردستانی عێراق، پاش ساڵی (١٩١٨) کێشەی زمان دروست بوو.

**د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ**

**د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ**

**کۆڕێکی دامەزراوەی خەندان**

## زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردیی

له هۆڵی پڕۆفیسۆر د.عیزەدین مستەفا رەسوڵ و له بارەگای رۆژنامەی (ئاسۆ) پڕۆفیسۆر (عیزەدین مستەفا رەسوڵ) باسی لە زمانی ئەدەبی یەکگرتوو کرد، ئەو هەنگاوانەی تا ئێستا نراون لەو پێناوەدا و چۆنێتی سەپاندنی زمانەکەشی باسکرد، کە دەبێت حکومەتی یەکگرتووی کوردیی ئەوە بکات.

د.عیزەدین مستەفا رەسوڵ، تیشکی خستە سەر کێشەکانی ئەمڕۆی زمانی کوردیی و وتی: "ساڵی (١٩٧١) نامیلکەیەکم نووسی بە ناوی (زمانی ئەدەبی یەکگرتوو)ەوە، رەنگە ئەوە یەکەم جاری ورووژاندنی



ئەومەسەلەیە بێت، سەرنجێك لە زمانی ئەدەبی یەکگرتوو لە کتێبی (بۆزمانەدا) دووبارەم کردووەتەوە، ئەو کاتە بوو بە نەخێر، دەبێت بە گفتوگۆ، بەڵام گفتوگۆکانیش باسیان دەکەم، ئەوە نەبوو کە من دڵم ئاو بخواتەوە یەکێك بڵێت لە هەموو بۆچونەکانت هەڵەی، یان یەکێکیش بڵێت وایە دەبێت وا بڕوات. هەندێك پێیان دەوت ئەمە زیاتر شتێکی سیاسیی نووسیوە لەوەی شتێکی زمان، یان زانستیی نووسیبێت. باوەڕم وایە بۆ کورد هیچ مەسەلەیەك نییە پەیوەندیی بەسیاسەتەوە نەبێت، هەموومان لەگەڵ کورددایین لەگەڵ بوونی کورددایین، بەئاشکرا من لەهەندێك شوێن دەیڵێم دەڵێن بۆ وا دەڵێیت؟ من لەگەڵ ئەوەشدا کە بیرم هەر لە سەرەتای لاوێتیی و بچووکیدا لەگەڵ بیری مارکسی بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەدابووم کە کورد میللەتێکە مافی خۆیەتی وەکو هەموو میللەتانی دنیا دەوڵەتی خۆی هەبێت، دڵنیام کە هەمووتان لەگەڵمدان، بەڵام ئەو گفتوگۆیە بکەین، ئێستا یان نا، ئەوەشتێکی ترە، ئەوەش کاتێك باس دەکەین کە هاتە پێشەوە. لە ئێستاوە دەبێت بڵێین کوردستان نەخێر یەك ناگرێت و نابێت یەکبگرێت. لەم رۆژانەدا لە ئەکادیمیای کوردستان، ئەو گفتوگۆیەمان دەکرد، من ئەو قسانەم کرد یەکێك پێی وتم من لاموایە ئێمە دەوڵەتی یەکگرتوومان نابێت چوارمان دەوێت، وتم یاخوا پێنج یان دەشمان دەبێت، عەرەب بیستودووی هەیە، بەڵام لەو رووەوە لە ئێمە باشترە. ئەمە جێگای ئەوەنییە ئێستا ئەو گفتوگۆیە بکەم کوردستان یەکبگرێت

یان یەکنەگرێت، ئەگەر هات و بەشێکیشی ئازاد بوو، ئەوە باسی ئەوە دەکەین یەکبگرێت یان یەکنەگرێت.

من لەگەڵ ئەوەدا نیم باسی نەکەین، با جارێ ئەوە باس نەکەین کە کوردستان دەبێت یەك بێت، یان دەبێت چوار بێت. کە ئازار بایجان دووانە، عەرەب چەند دەوڵەتێکە، بەڵام باسی ئەوە بکەین کورد یەك میللەتە و یەك نەتەوەیە و مێژوویەکی خۆی هەیە".

لێرەوە من کە هاتمە سەر ئەم باسە باسی زمانی ئەدەبی یەکگرتوو، ئەو یەکگرتنە لە سەرچاوە رووسییەکانەوەیە، چونکە رووس، دەڵێت: "زمانی ئەدەبی یەکگرتوو، ئەم زمانەی کە من ئێستا باسی دەکەم، هەندێك شوێنی تر بە (زمانی ستاندارد) ناوی دەبەن".

لەگەڵ ئەو باوەڕەی ئەوان نیم کە زمان یەکدەگرێت. بێین سەیری زمانی هەموو دنیا بکەین و حسابی کورد وەکو هەموو میللەتی دنیا بکەین، ئێمە لە خۆمانەوە هەندێك قسە دەکەین کە لەیەك ناگەین و بەشە لەهجەی زۆرمان هەیە. کێ بەشە لەهجەی نییە؟ لەگەڵ هەندێك برادەری عەرەبدا دەبێت بە گفتوگۆمان، پێم دەڵێن (تۆ سلێمانی مەکە بە دهۆك)، کە واش نییە جیاوازییەکەی زۆر کەمە، کە زۆرم پێ سەیرە لەگەڵ ئەو دابەشکردنەدا ئەو جیاوازییە زۆر کەمە، چونکە من بینیومە ئەڵمانیای باکوور لە ئەڵمانیای باشوور ناگات، رووسی مۆسکۆ لینگراد لە روسیای ڤۆڵگاو دۆن ناگات، بەڵگەشم ئەوەیە (دۆنی ئارام) ی (میخایل



شۆڵۆغۆڤ) فەرهەنگێکی گەورەی دروستکردووە بۆ ئەو وشانەی ناوچەی دۆن، کە رووسی مۆسکۆی مەرکەزی بەوە دەنووسێت و زمانی رەسمییە، تائێستاش رووسیا قسەی پێدەکات و ئیشی فەرمانگەکانی پێ بەڕێوە دەبات.

کەچی (دۆنی ئارام) ی (شۆلۆغۆڤ) کە گەورەترین رۆماننووسی رووسیای سۆڤێت بوو، لەم دواییانەدا فەرهەنگێکی چەند لاپەڕەیی بۆ کردووە، بۆئەوەی لە وشەکانی ناوچەی دۆن تێبگەین، هەم کەمێك لە ئێمە خراپترن ئەگەر ئەوە وابێت زمان ببێت بەیەك، کێتان جەزائیرتان بینیوە؟ خۆم چەند جار چوم بۆ جەزائیر، بەهیچ جۆرێك تێیان ناگەیت دەڵێن چی؟ بە عەرەبی قسە دەکەیت بە فەڕەنسی وەڵام دەدەنەوە.

من فەڕەنسی شتێکی زۆر کەمم خوێندووە، رەنگە فەڕەنسییەکە باشتر تێبگەم لە عەرەبییەکەی ئەوان.

لە رووی زمانەوە، دەبینی بنەماڵەیەك باپیریان زمانی فس بووە (فسەزمان)، کوڕ و کوڕەزا و هەمووو نەوەکەی وا دەڕوات، ئەمە حاڵی هەموو دنیایە. وەك شتی مێژوویی دوو لەهجە لەناکاو دەبێت بەیەك، بەهۆی باری ئابووریی و سیاسیی و ئیدارییەوە، لەناکاویش لەهجەیەك دەبێت بە دووان، ئەمیان لەو نزیك دەبێتەوە و ئەمیشیان لەویتر نزیك دەبێتەوە. ئەگەر سەیر بکەیت لە هەر کەسێکی شارەزا لە زمانی میللەتانی دنیا لەوە تێدەگات.

من لەو کتێبەدا وەرمگێڕاوە، شەجەرەی زمانەکانی تێدایە، (١٢) زمانی زیندوو و (٨)ی مردوو هەیە لە ئێرانی (١٢) کە کوردییە، کوردییەکە ئەو ئیعترافەی وەرگرتووە، لە هەموو شەجەرەی زمانێکدا لە دەزگایەکی نێونەتەوەیی دەرەوە، لە نەخشەی زمانەکەیان کوردیی زمانی سەربەخۆیە. جاران فارسی دەیانوت فارسییە، وەك زمانێکی زانستیی مەرجەکانی زمانی هەیە، کوردیی، فارسی، بلوجی، ئەرسیتینی، ئیاز غولامی، تاتی، تاتی هەر زۆر لە کوردییەوە نزیکە، تالشی تات ژوورەکەیان زۆربەی زۆری بەتاتی قسەیان دەکرد. ئێمە چووینە بازاڕی باکۆ بە کوردیی سلێمانی کاکە ئەمە بە چەندە، ئەو بە تاتی وەلامی دەداینەوە تەواو لەیەك دەگەیشتین، جیاوازیمان ئێرە و هەولێر بوو، کۆمەڵێك زمان مردووشە مەبەست لەمردوو ئەوەیە، کە کەس نەبێت قسەی پێ بکات. جاران ئەوەشیان لە ئێمە تێکدابوو لەنێوان زمانی جیهانیی و زمانی مردوودا. زمانی زیندوو ئەوەیە خەڵکێك هەبێت قسەی پێبکات، با (٥٠) هەزار بێت. زمانی جیهانیی ئەوەیە لە سنووری خەڵکی زمانەکە چووبێتە دەرەوە، خەڵك و میللەتێکی تر هەبێت قسەی پێ بکەن، ئینگلیزیی لە ئەمریکا هەیە، کە ئەمریکا خۆی بە ئینگلیزیی نازانێت، ئیسپانی لە کوبا هەیە، پرتوگالی لە فەنزوێلا هەیە، فەڕەنسی لە هەندێك شوێنی تر هەیە، ئەمە بووە بە زمانێك دەتوانیت بە نمرە بە زانستیی دابنێیت.



جاران تورکمانی کەرکوك، هەمووی کوردیی دەزانی، ئەوەی کە تورکمانیش بووایە، سریان و کلدان کە ئێستاش زۆربەیان کورد نین بەس خەڵکی کوردستانن، کەواتە زمانێکی زیندووە و خەڵك هەیە قسەی پێدەکات. ئێمە لەوەشدا چەواشەیان دەکردین خۆشمان تێی نەدەگەیشتین بە بەرژەوەندیی خۆمان نەدەزانی. جا زمان بەچی زمانە؟ تا ئێستا ئەو چوار مەرجەم بینیوە، مەرجی ترم نەبینیوە، گراماتیك، واتای قەواعیدی زمان، کە تۆفیق وەهبی دەستووری زمانی ناونا، ئێمە (١٤٠٠) ساڵە بەیەکەوەین ئەوان زۆریان لە ئێمە وەرگرتووە و ئێمەش لەوانمان وەرگرتووە، دەستوور ئەم کردی بە ڕێزمان، خەڵکەکە ڕێزمانەکەی پێ خۆش بوو، بۆ ئەوەی دەستوورێك کە بەلای ئەوەوە عەرەبی بوو ئەم بەکاری نەهێنێت. فۆنەتیك بریتییە لە تەلەفوز تیپەکان بەیەکەوە، تیپ و دەنگ و تاد... لێکسیکا واتای ئەسڵی بنەڕەتی فەرهەنگ، ئێمە لەوەش تێنەدەگەیشتین، بنەڕەتی فەرهەنگ چییە؟ وشەیەك ڕەگەکەی کامەیە؟ لەو وشەیە، جاری واهەیە لەو ڕەگە (٣٠) وشەی تر دروست بووە، تۆ لە فەرهەنگی ئەسڵیدا لێکسیکا ئەوە دادەنێیت، بۆ نموونە (خستن، هەڵخستن، داخستن، ڕاخستن) لەمە چەند دروست دەکەیت، ئەوە ئێستا دەستم پێکرد بۆ ڕۆژنامەی (ئاسۆ)، لەسەر ڕەگی کارکردن کە خەریکە فرێی دەدەین، کۆبوونەوەیەکمان کرد کە کۆبووینەوە ئەوە جیایە (٣٠) کرداری لێدروست دەکرێت (کارکردن ، ڕاوکردن، شەرکردن) ئەم (لێکسیکا) ئەساسە کە

رەگە زمانێك گەر (٢٠٠٠)ی هەبێت زمانی دەوڵەمەندە رەگی (٢٠٠٠)ی هەبێت، ئەو رەگە تەنسیقی هەبێت (٢٠٠٠) رەگی وشەی کوردیم بۆ بدۆزەرەوە و ئینجا لەوەوە لە هەریەك کەسی (٤٠) وشەی تر دروست دەبێت، جاری واهەیە نایناسیتەوە. هەر زمانە لەهجەیە بە جۆرێکی تره، بەڵام مەسەلەن دەڵێیت (دانیشە) کرمانجی ژووروو (ڕونیە) کە بە بڕوای زۆر کەس هەر یەك وشەیە، (دانیشتن) (دا) پێشگرە (نیشتنە)کەشی سەرچاوەیە رونیشتن. چاوت لێیە ئەوە روونە، کەواتە رونیە و دانیشە یەك وشەیە، کەچی هەر بەزۆر لای ئێمە جیابووەتەوە، بەڵام کە خستتە ناو فەرهەنگەوە، نیشەکە دەچێتە ناوەوە، ئەمە بەنسبەت زمانی کوردییەوە، لە زمانە هەرە دەوڵەمەندەکانە.

مەرجی چوارەم هەیە کە دەچێتە سەر ئەم زمانە، کە من تەواو بڕوام پێیەتی، ئەویش بۆچوونی خەڵکە، بۆچوونی خەڵکیش چۆن، نەك بەدیموکراتیك ریفراندۆم بکەین، لە فلان شار فلان شت تۆ کێیت، کوردیت، فارسی، تورکیت؟ خەڵك کە هەمووی لە بازاڕەوە بێت دەنگ بدات، رای خەڵکە، کە ئەم زمانە بەچی دەزانێت، ئەوەی کە تەنیا دوو رۆژ لەسەریەك گفتوگۆمان بوو لەیەکێتیی رۆژنامەنووسان لە بەغدا لەگەڵ د.کەمال فوئاددا بووم، ئەو بۆچوونی وابوو کە نە لوڕ کوردە نە گۆران و هەورامی کوردن، هیچیان کوردیی نین. لێرەدا من رایەکەی د.کەمال (خۆزگە خۆی لێرە دەبوو بزانم هەر لەسەر ئەو رایەی ماوە)، رای میللەت



لەوەدا نییە کە خۆی چی بەدڵە هەڵیبژێرێت، ئەگەر شیبکەیتەوە، گراماتیك و فۆنەتیك و لێکسیکای شتێك بێت جیا، بەڵام کە خۆی بە کورد زانی، خۆی بەرەو کورد دەهێنێت، قسەکەی من لەسەر لوڕە، لوڕ ئەگەر وڵاتی ئیلام بێت، ئەگەر هەندێك لە کرماشان بێت، هەندێك ئێستا بووەتە دوو پارێزگا خوراسان و خۆشان، خۆشان هەمووی کوردە، ئەوان بۆ ئەوەی جیامان بکەنەوە لە فارس، بەڵام ئێمە نازانین سوودی لێوەربگرین. ناوچەی کوردنشین بوون بە پێنج شوێن، ئەمە کە خۆی بە کورد زانی دەبینی گوێ لە مۆسیقا و گۆرانیی کوردیی دەگرێت، گوێ لە دەنگوباسی کوردیی دەگرێت، با بە لەهجەکەی خۆشی نەبێت، لەهجەکەشیان چ گۆران بێت چ لوڕ لە کوردییەوە نزیکە، ئەم خۆ بە کورد بەستنەوەیە و خۆ بەکورد زانینە کە هەستێکی قوڵە، وردە وردە بەرەو کوردیی دەهێنێت، بەرە و فارسی نابات. بەڵگەشم فەیلییە، فەیلی ئەم هەموو بەزمەیان پێکراوە، زووڵمی زۆریان لێکراوە، یەکەم لەبەرئەوەی کە کوردن و دووەمیش لەبەر ئەوەی کە شیعەن، لێرە دەرکراون، چونکە بە حسابی حیزبی بەعس ئێرانین، لەوێ بازاڕێکیان هەیە بەناوی کوچەی مەروی، خەڵك دەڵێت (کوچەی عەرەب ها) بە عەرەبیان دەزانن، ئەمە چییە جگە لە هەستێکی قوڵی مێژوویی کە خۆی بە هەموو کڵۆڵیی و مەینەتیی کوردەوە بەستووەتەوە. ئەگەر چوونە ئەوێ، بیانوتایە کوردی فارسین و نەوەی فیردەوسین، ئەو نەگبەتییەیان لە کۆڵ دەبووەوە، خانەقینی و

مەندەلی وەکو عەشیرەت فەیلین، بەڵام لەهجەکەیان لەگەڵ فەیلیدا نزیك لوڕیە. لە خانەقین لیستی کوردیی (٤٠) هەزار دەنگی وەرگرت، شیعە (٦٤) هەزاری وەرگرت، لەگەڵ فتوای سیستانیشدا، ئەمە چییە؟ میللەتەکەیە خۆی بە کورد دەزانێت، ئەمەی فەیلییەکانیش هەر ئەوەیە. رەنگە گفتوگۆی لێکسیکاو فۆنەتیك و گراماتیك چەند لەکوردییەوە نزیکە؟ چەند لە فارسییەوە نزیکە، چەند لە بلوجییەوە نزیکە؟ گوێ لە بلوجیش بگرن، دەڵێی کوردێکە بە فارسی قسە دەکات، فۆنەتیکیان تەواو وەکو یەکە، لە رووی فۆنەتیکەوە لە فارسەوە نزیکە، بەڵام لە رووی شتەکانی ترەوە چەند لەفارس دوورن، ئەوەندە لە کوردییەوە نزیکن.

بەنیسبەت ئێمەوە، وەکو زمان هەین، وەك لەهجە هەین، با ئەم هەموو دیالێکتە ئەم بەشە دیالێکتانەی لێببێتەوە. هەڵەیەکی گەورە کە لە نووسیندا دەکرێت، کە ئێوە رۆژنامەنووسن، بۆیە وادەڵێم، کە چاکسازیی نێوان سۆرانیی و بادینیی بکەین، بادینیی و سۆرانیی هەریەکە و بەشە لەهجەیەکە، کرمانجی ژووروو کە شەهید (دکتۆر قاسملو) ناوی نابوو کوردی ژووروو و کوردی خواروو. لەو ئەکادیمیایەدا لەگەڵ برادەرێکدا باسی زمانی ستانداردی دەکرد، وتی: ئێمە یەك نین، ئەوان دەڵێن کرمانجیی، کرمانج تۆفیق وەهبی شیکردووەتەوە کە لە ساڵی یەکەمی گەلاوێژدا کوردمانچە.



خانی بەو بلیمەتییەی خۆی چی دەڵێت:

"دا خەڵکی نەبێژن کۆکرات
بێ مەعریفەتن بێ ئەسڵ و بنیات
ئەنواعی میللەت خودان کتێبن
کرمانج تەنێ دەبێ حسێبن".

دەڵێت: بۆیە مەم و زین بۆ خەڵك نەڵێ کورد تەنیا ئەوان کتێبیان نییە، لێرەدا خەڵك ئەکرادە بێ مەعریفەتن بێ ئەسڵ و بنیاد، کوردو کرمانجی لە دوو دێڕدا کۆکردووەتەوە، خانی بەر لە (٣٠٠) ساڵ بڵێ یەك میللەتە یەك مانایە، هەرچەندە زۆر زیاتر لەسەری برۆی دەڵێت کرمانج لە دەشتی هەولێر بە لادێیی دەڵێن. وەك لای ئێمەش کۆن کە ئێستا کەمبووەتەوە، کوردو گۆرانمان هەبوو، گۆران بە خەڵکی شار دەوترا کورد بە جاف و کۆچەرەکان دەگوترا. کورد و کرمانج یەك بوو.

کەرکووك و سلێمانی وەك لەهجە یەکن، هەر ئەو جیاوازییە هەیە کە دێیتە خوارەوە بۆ سەد بەشە لەهجەکە کە ئەو چوارەیە، لای ئێمە لەولا ئەو پێنجەیە، خوار ئەویش دێیت سلێمانی، هەڵەبجە، شارەزوور، ئەو دابەشکردنە کراوە، سلێمانی و کەرکووکیش دەتوانین دابەش بکەین. کەرکووکە کۆنەکەی پێدەڵێن، کە زۆرتر ئیمام قاسم، بۆ ئاخور حوسێن، دەرۆیشتیتە خوارەوە بۆ (چای مەحلەسی) تێکەڵ بوو، دەپەڕیتەوە بۆ ئەو بەر پردەکە تا شاترلو ئەوەش تێکەڵی ناو شاربوو. لە شاترلووەوە بەرەو

ئەولا توركمان بوو، بەڵام عەرەب بوونی نەبوو، عەرەبەكان لەو لاوە بڕۆیشتیتایە بەرەو حەویجە چەند ماڵێك هەبوو، ئەوانیش لە (١٩٣٢)ەوە هاتوون. حەویجە پێشتر عەرەبی تێدا نەبووە. ساڵی (١٩٣٢) حامید بەگی جاف قائمقامی كەركووك بوو، پێی وتن ئاو دەهێنن بۆ حەویجە، جاف ئێوە بچنە حەویجە زەویتان دەدەنێ، جافەكان وتیان چۆن دەچینە ئەو دەشتە چۆڵە، حامیدبەگی جاف لەسەر ئەو كردارەی لە قائمقامیی لابراو چوون عەشایەری عوبێدیان هێنا.

ئەوەی كەنیمانە پێی دەڵێین زمانی ئەدەبی یەكگرتوو ستاندارد، كە گفتوگۆی دەكەین، ستاندارد ئەوەیە زمانێك بێت كە هەموو قسەی پێبكەن و هەرگیز وای لێنایات.

ئێمە ئەو زمانی ئەدەبی یەكگرتووەمان نییە كە بڵێین عەرەب، من رام وایە هەمووی دەوڵەت دروستی دەكات، كە دەوڵەتی یەكگرتووت هەبوو، بە ماوەیەكی كەم كاریگەریی پایتەخت زیاتر دەبێت، نەك لەبەر ئەوەی لەهجەی ئەو دەوڵەمەنترە و جوانترە، چونكە هەموو روو لە پایتەخت دەكات.

چەند ساڵێك لەمەوبەر لە دیاربەكر قسەم دەكرد، ئەنوەر محەمەد تاهیر هەستا وتی: "ئەم پیاوە پێش سی ساڵ بەر لەئێستا بەئێمەی وت رۆژێك دێت دیاربەكر دەبێت بە پایتەخت، شادمانم كە ئێستا ئەو دەبینم لێرە و لەوێ قسە بۆ ئێمە دەكات، كە دیاربەكر بوو بە پایتەخت كاریگەریی



زمانی ئەوێ بەسەر زمانەكانی تردا زاڵ دەبێت. هەموو زمانی دنیاش بگەڕێ تەنیا بە عەرەب دەڵێین زمانیان زمانی دینە، عەرەب دین نییە، عەرەب دەوڵەتە، ئیسلام دەوڵەت بووە، زمانی قورەیش زمانی ئەو دەوڵەتەبووە، كە لە مەككە و لەپاش مەدینەوە دروست بووە و هاتووە. ئەمەوییەكان هێناویانەتە شام، عەباسییەكان هێناویانەتە بەغدا، ئەو لەهجەی قورئانە كە لەوێ بووە، زمانی دەوڵەتەكە بووە، زاڵبووە بەسەر زمانێكداو ئەوەیە بووە بەم زمانە پاراوەی ئێستا و بەردەوامیش بووە. ئێمەش چونكە دەوڵەت نین، ناتوانین بڕیارێك بدەین، ئەو بڕیارە با خۆمان بیدەین، بەڵام كێ هەیە جێبەجێی بكات.

لەم رۆژانەدا كە كاك (ستران) داوای لێكردم بێم ئەم باسە بكەم، نیشانەی پرسیارێكم دانا، لەبەرئەوەی لەم ماوەیەدا ئەم بابەتە بڵاوە، یەكەم ئەو ئەكادیمییە كوردییەی كە دەڵێم لە جێگای كۆمەڵەی كۆڕی زانیاریی دانراوە و من ئەندامێكم تێیدا، چەند هەفتەیەكە دەمانباتەوە بۆ باسی زمانی ئەدەبی یەكگرتوو. یەكەم هەفتە رێگا بە من درا قسەم كرد لە ژێر رۆشنایی كتێبەكەم و نووسینەكانی پێشوومدا، وتم جارێ ئەمە هی سیمینار و كۆبوونەوە نییە، چونكە كۆبوونەوە بۆ شتی ئیدارییە، دواتریش لیژنەمان هەیە ئەوە كاری لیژنەكانە، ئەگەر فەرمانێكت پێدراوە كە دەبێت بڕیارێك بدرێت پێمان بڵێ، ئەوكاتە بە جۆرێكی تر قسە دەكەین، بەڵام ئەگەر هەر شتی زانستییە، ئەوە من رەی خۆم دەڵێم و ئێوەش

هەمووتان رای خۆتان دەربڕن، بەڵام ئەگەر (کاك ستران) بڕیارێکی هەبێت بۆ ڕۆژنامەکە و نووسینەکانی (خەندان) لە سەرەوە پێی وترابێت، هەر دەبێت بەم جۆرە بنووسیت، ئەوکاتە ئێوە هیچتان ناکەونە ئەو گفتوگۆیەوە و بڕیارەکە جێبەجێ دەکرێت، لە هەمان ڕۆژدا کە ئێمە خەریکین، وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی، سەرۆك بەشەکانی زانکۆی کۆکردووەتەوە لە ناوچەکە پێی وتوون (بۆ زمانی ئەدەبی یەکگرتوو چی دەڵێن).

ئێستا ئەگەر بڵێم ئێمە کێشەی یەکگرتنی کوردستانمان هەیە، ئەوە بابەت نییە من باسی بکەم، کە بڵێین "سلێمانی دەبێت پایتەخت بێت، یان قامیشلو". ئەو کێشەیە دروست بکەین لە ڕۆژنامەدا، بابەت زۆرە بۆ ئەوەی باسی لێوە بکەین و خەڵکی لەگەڵ یەکتریدا بدەین بەشەڕ.

لە تورکیا جاران کوردیی نەبوو، نە قسەکردن هەبوو نە نووسین هەبوو، نە هیچ شتێك، بەڵکو هەمووی قەدەغە بوو. پێرار ملیۆنێك خەڵك هاتبوون بۆ ئەو گۆڕەپانی نەورۆزە بە بایەخەی کوردستان بە ڕەسمی عەبدوڵلا ئۆجالانەوە، قسەیان دا بە لەیلا زانا و دواتریش ڕێگەیان بۆ کردمەوە کە قسەبکەم، قسەم کرد. بۆیە دەڵێم مەسەلەی کورد گەورە بووە، بووەتە مەسەلەی دەوڵەت، بەڵام خۆمان گەورە نەبووین ئێستا، خۆمان ئامادەین لەسەر کەپکی حەمەد ئاغا و کلاو قاسم شەڕ بکەینەوە، وەك ئەوە بەدەست هەرێمی کوردستانەوە نەبێت، ئێستا ئەم بزووتنەوەیە



هەیە، بەرەو زمانەکە و بەرەو ئەوەش کە گوایە بکرێت بە دوو، ئێمە زۆربەمان بۆچوونمان وا نەبوو، وتمان قەیناکە ئێمە ئێستا هیچ ناسەپێنین و ناتوانین هیچ فەرز بکەین بەسەر کوردی تورکیادا، بڕیاریش بدەین کێ هەیە بیسەپێنێت؟ برادەرێکمان حەماسەت گرتی لە دیاربەکر چەند ساڵێك لەمەو پێش وتی: "هەرچووینەوە، دەبێت حکومەت هەرێم بڕیار بدات ئێمە ئیتر وشەی عەرەبی فڕێ بدەین و بەلاتینیی بنووسین"، من وتم: کاکە ئەوەندەم مامۆستا بۆ بهێنە، مامۆستاکان فێر بکەن، یا جارێ مامۆستاکان فێر بکەین ئەوجا مامۆستا خوێندکار فێر بکات، کەی کاتی ئەوەمان هەیە ئێستا؟! ئەوە ئەوان حاڵیان وایە بەلاتینیی دەنووسن، کوردی سوریاش بەلاتینیی دەنووسن، ئەوە کێشەی ئێمە نییە. من لە شەشی سەرەتایدا مامۆستا کەریم زەند مامۆستام بووە و دەرسی پێوتووم، وشە بە وشەی لاتینیی فێرکردین، هەندێك شتی کوردیی پەتی فێرکردین، ئەوە بۆچوونی منە دەتوانین لە شەشی سەرەتاییەوە فێری لاتینیشیان بکەین. کرمانجیی وردە وردە جیاوازییەکانی فێردەبی، جیاوازیی گراماتیك و فۆنەتیك، زۆریش نییە، هی کورد سەیرە! لەبەر ئەوەی دوور بووە لە میللەتی تر و شارستانییەتی ترەوە، کوردستانیان پێ بەش نەکراوە بەلای منەوە، بەشکردنی حکومەت جیایە، بەڵام تۆ نەخشەکە بێنە بەردەمی خۆت، لێرەوە دەڕۆین باشماخە و پەروێزخانە، دەچینە مەریوان دەچینە قەسری شیرین و کرماشان. لێرەوە لە ئیبراهیم خەلیلەوە بڕۆ دەچیتە سلۆپی

کەنداوێکی تازەی تورکە، لەوێوە تا وەکو دیاربەکر کوردە. ئەملای تری سوریا دەڕۆی تا حەسەکە و ئەولاتریش هەر کوردە. کۆمەڵە و گرووپیان دروستکرد، سورییەکان فەشەلیان هێنا، لەبەرئەوە کوردستان دەبینی لە سەر نەخشە هەر یەکە، هەر بڕیارێکی دەوێت کە بتوانێت جێبەجێی بکات کە کوردستان دەبێت بە یەك، ئەو کاتە ئاسانە کەبتوانین مەسەلەی زمانیش باس بکەین بە چەند ساڵێك وای لێدێت بتوانین وەك یەك بنووسین و وەك یەك بخوێنینەوە و وەك یەك شت بڵاو بکەینەوە.

گۆرانی شاعیر دەڵێت:

**ئەگەر دوێنێ مامۆستاکان یەك سوڵتانیان پێدەگەیاند،**<br>
**ئەمڕۆ دەبێت مامۆستای کورد دابنیشێت بە راوێژی ورد**<br>
**رێگای پێگەیاندن دانێ بۆ ملیۆنان، نەك سوڵتانێ.**<br>
**لە بێشکەی بن هەر سێبەرێك سبەی ئەگەر بێتە دەرێ**<br>
**خانزادێك، سەلاحەدینێ، کاکە مەمێ، خاتووزینێ**<br>
**ئەوسا بەستەی بێ خەمیمان چ پێنووس و چ دەمیمان**<br>
**بەتاقە یەك زاری شیرین شاخ پڕ دەکات لە پێکەنین**<br>
**ئەوسا خانی خانی سەردەم، بە زمانێك دەنووسێت مەم**<br>
**کەپێی دەدوێن ناڵی و مەحوی، وەك قوبادی و وەك مەولەوی.**



ئەم شیعرە ئەوە دەردەخات، کە رۆژێك دێت زمانی کوردیی وەك نووسین، وەك ئەدەبییات، وەك زمانی رەسمیی فەرمانگەکان دەبێت بە یەك. جا ئەوەی گۆرانیش کە خۆی لەهجەکە گۆرانە، جا هەورامی و زەنگەنە و لەك و ساڵەی و کۆمەڵێکی لێدەبێتەوە، بەس گەورەکەیان هەورامییە، چونکە شیعری زۆر پێوتراوە، ئەویش لێکی بدەیتەوە رەنگە لەڕووی گراماتیك و فۆنەتیك و ئەوانەوەش جیاوازیی هەبێت، بەڵام هەورامی نییە خۆی بە کورد نەزانێت. لەوەتی من لەبیرمە هەورامانی ئەمدیو، لەڕۆن هەمووی لەهجەی سلێمانی دەزانن، هەورامی ئەودیو تەخت هەمووی لەهجەی سنە دەزانن، کە سنە و سلێمانیش تەقریبەن زۆر نزیکە لەیەکەوە.

ئێمە دەمانەوێت هەموو کەسێك وەك ئێمە باوەڕی بە دەوڵەتی سەربەخۆی یەکگرتووی کوردستان هەبێت، ئەوجا دۆستمانە، گەلێك سەرکردەی عەرەب هەیە باوەڕیان وایە کورد حەقی خۆی هەیە، بەڵام تا چ رادەیەك، ئێمە دەبێت ئەوانە لەگەڵ ئەو شۆڤێنییانە جیا بکەینەوە، کە دەیانەوێت لەناومان بەرن، خۆشمان کاری خۆمان بکەین. ئێستا لەم رۆژنامانە ئەگەر (ئاسۆ) بگاتە دیاربەکر و ئامەد و تا ئەودیو سنووریش بچێت قەیناکە هەندێکی بە لاتینیی بێت.

لە کرماشانەوە سەیتەری هاشمی، برایمی نادری، دەسوڕایەوە ماڵ بەماڵ مەقالەی لێدەسەندین لە کرماشانەوە لە دەوڵەت ئابادەوە دەینارد بۆ

گەلاوێژ، بە هەمووی هەبوو، جێی مەترسی نەبوو. سەدام نەبێت بڕیارێکی دەرکرد. بۆ نموونە، بزاو بە کرمانجیی بێت، ئاسۆ بە سۆرانیی بێت، ئەو برادەرەمان دووجار چووە لای کە ئێستا سەرنووسەرە، وتی: "زمانی کوردیی پڕ بووە لە وشەی فارسی، ئەو سۆرانییە خەریکە لە خۆی بایی دەبێت، ئەویش ئیتر لە خۆیەوە بڕیارێکی دا کە ئەو فارسییە دەبێت قەدەغە بکرێت لە کوردستاندا، ئەوەبوو ئاسۆ نابێت بە کرمانجی بنووسێت، بزاو دەبێت بە کرمانجیی بنووسێت بە زمانی تر نەنووسێت، ئەوە هەنگاوێکە ڕێگە خۆشکەرە بۆ جیاکردنەوە، بەڵام لیژنەیەکی دروستکرد، (لیژنەی فەرهەنگی کۆڕی یەکگرتوو) نامەیەکیان بۆ ناردبوو دەڵێت: "رەئسم زۆر دێشێت، ڕیجلم بریندارە".

وتی: ئەوە چییە؟ وتی: ئەی تۆ نالێی دەبێت ئەو زمانە فارسییە دەربهێنین؟ لەبەر ئەوەی سەریش فارسییەو دەستیش فارسییە.

بەڵام ئیتر ئەوە فەشەلی هێنا (فەرهەنگی کوردیی یەکگرتوو)، خەڵکێکی باش قسەیان کردو نەکرا، بۆیە بەلامەوە مەترسی نییە...

ئێمە وتمان دەچین ئەو دووکانانە دەکەین بەیەك، ئەو شوێنەی کە ئەلفی دەوێت داینێ، بۆ نموونە حکومەتی هەرێمی کوردستان، با حکومەت بێت یا حکومەت نەبێت، ئێمە تێدەگەین و رازیشین، وەزارەتی رۆشنبیریی هەبێت، ئینتەرنێتامە و ئەنتەرنێتمان هەبێت، ئەوەش لای من کێشەی نییە، بەڵام بیکەین بە یەك وردە وردە، شتی یەکگرتوو بنووسین،



نەك تۆ هەر کتێبی کرمانجیی چاپ بکەیت کە لێرە دەزگایەکی چاپ و بڵاو کردنەوەیان هەیە. دەبێت پلانێکت هەبێت کە خۆزگە دەوڵەت و حکومەت شتی دروست دەکرد، بمانەوێت و نەمانەوێت حکومەتمان هەیە و پەرلەمانمان هەیە، بەم حاڵەشەوە لە پەرلەمان و حکومەتی زۆر وڵات باشترە. نەك ئەوە وەزارەتی خوێندنی باڵا سەرۆك بەشەکان کۆبکاتەوە و لە هەمان رۆژدایە کە لە ئەکادیمی باس دەکرێت، ئەکادیمی ئاگای لەوێ نییە، کە ئەکادیمی لە هەولێرە و سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە.

قەزافی، ئێستاش تاکە عەرەبە لە هەموو دنیادا داوای دەوڵەتی کوردیی دەکات تا ئەمڕۆش. هەموو شتێکی گۆڕیوە لە مەسەلەی کورددا نەبێت نەیگۆڕیوە، ئەربەکان چووبوو بۆ لیبیا بۆ لای قەزافی لەگەڵیدا دانیشتبوو، قەزافی وتبووی بۆ مافی کورد نادەن خۆ کورد میللەتێکە وەکو ئێوە مافی دەوڵەتی هەیە. بۆ ئێوە بەڕەسمیی نایناسن؟ ئەربەکانیش قسەی نەکردبوو، کە هاتبووەوە پەرلەمانی تورکیا حسابیان لەگەڵ کرد، وەك ئەوەی ئەوە ئیهانەیە و کەی ئەوە زمانی دیبلۆماسییەتە، ئەویش دەڵێت: "ئەگەر راست دەکەن بچن ئەو ئینجەرلیکە داخەن کە لە خاکی ئێوەدا بۆ پاراستنی کورد دروستکراوە، ئێوە لەگەڵ ئەمریکادا ناتوانن هیچ بڵێن".

ئەربەکان لە هەڵبژاردندا قسەیەکی کرد ئەوە بۆ ئێمە شتێکی گرنگە ئەگەر وریا بین، وتی: "بە من دەڵێن کوردت لەگەڵ نییە، من دەنگی زۆرم لە ویلایەتی خۆرهەڵاتدا هێناوە کە کوردن، دەنگم لە شارێکدا هێناوە کە

شاری کوردە و زۆرینەی کوردە، ئەویش شاری ئەستەنبووڵە و نزیکەی (٤) ملیۆن کوردی تێدایە، دیارە ئەمە زۆرە"، لەوێش کە ئەو قسەی نەکردووە، ئەو دەنگدانە رەنگە نیوەی بدۆڕێنێت.

کاکە حەمە، چەند بۆچوونێکی بێ بەڵگەی هەیە و دەڵێت: "پێم وابێت تەرابلوس هی لوبنانە، بەڵام ئەوەی کە دەیگێڕنەوە بۆ ئەفریقا بووە، بەڵام لەسەر چی بوو؟ یادگاریی یاداشتەکانی میجەرسۆن بخوێننەوە، سەربازی کورد کە لە کەرکووکەوە دەگوازرایەوە بۆ سلێمانی، دەچوو لەناو کارواندا خۆی دەشاردەوە، بۆ ئەوەی هەمەوەند رووتیان نەکەنەوە و لێیان نەدەن، لەگەڵ کارواندا رێکدەکەوتن و شتێکیان دەدانێ، بەس سەرباز بوایە دەیانگرت، بەو جۆرە کەتیبەیەکی تورك لە کەرکووکەوە هاتە سلێمانی، ئیتر ئارامییان نەما لەشکرێکیان هێنا و هەمەوەندیان هەموو برد بۆ ئەفریقا، ئەفریقا و ئاسیایان رووتکردەوە و هاتنەوە! بەڵام ئێستا پێم وابێت توانای رووتکردنەوە و شتی لەو جۆرەیان نەماوە. ماوەیەك بەرێکەوت شتێکم دەنووسی سێ ناو هاتە پێشەوە، هەر سێکیان هەمەوەندە، شاکر فەتاح هەمەوەندە، فەقێ قادر هەمەوەندە، مەحمود خەبیری هەمەوەندە، فەقێ محەمەد کە من شانازیی پێوە دەکەم، کۆمەڵێکی زۆرن پێیان دەڵێن هەمەوەند، عەشیرەتێکن رەوتێکیان هەیە، بەڵام ئێستا ئەو دەسەڵاتەیان نەماوە، چونکە سەردەم سەردەمێکی ترە.



ئێستا ئێمە بڵێین کرمانجی خواروو و ژووروو، کوردی ژووروو خواروو، ئەو بادینانی و سۆرانییە بەشە لەهجەیە و وازی لێدێنین، ئەگەر بە هەمووی بنووسین، بەڵام بە ئاراستەی یەکگرتن، نەك دوو بەرەکیی. هەر یەکێك لێرە ئەگەر هەڵەبجەیی بێت و کەرکووکییش بێت دەتوانێت کۆمەڵێك وشەی ناوچەکەی خۆی بنووسێت، کە لێرە هەموومان وەك یەك تێی نەگەین، ئەگەر جارێك، دووان بەکاری بهێنین لە کەوانەیەکدا، وردە وردە دەبێت بە وشەی کوردیی گشتیی، بەڵام دەبێت بەو رێبازەدا بڕۆین، ئەوە رێبازی کوردە، ئەو رێبازەیە کە کورد هەر یەکدەگرێت. دووسەد ساڵە بەم جۆرە لەناو نەچووە، ئەوەی بە کورد کراوە بەکێ کراوە؟ تازە لەناو ناچێت، چونکە دەوری لەناوچوون رۆیشت، ئەو یەکگرتنەش کەی دەبێت؟ ئەوەیان پێم وابێت بەدەست ئێمە نییە، ئەوە رەوشی دنیا و رەوشی گشتیی دەیهێنێت، ئەوان رەنگە پەلەیان نەبێت، ئێمە پەلەمانە بەزوویی رووبدات، بەڵام بە پەلەی ئێمە نابێت. ئێمە کە باسی کەرکووك ناکەین، کەرکووك لە دەست ناچێت.

زمانەکە بەرەو زمانێکی ئەدەبی یەکگرتوو دەڕوات، کە لەمسەری وڵات بۆ ئەوسەری وڵات پێی بنووسین، لەگەڵ ئەوەدا کە کۆمەڵێك وشەی ناوچەیی هەر تێدا دەبێت، جاری واهەیە تۆ فێری نەبوویت، وشەیەکی ناوچەی چەمچەماڵ بەکاردەهێنیت لە سلێمانی، نایزانن، زۆر ئاساییە،

ئەو کاتە دەتوانین بیخەینە ناو کەوانەیەکەوە، تا ڕێبازەکەمان بەرەو یەکگرتن بڕوات.

لە ئامەد و دیاربەکر بانگێشت دەکرێم و دەچم باسی (خانی)یان بۆ دەکەم، لەیەکێك لەو کۆڕانەی کە لەوێ کردم، برادەرێك هەستا وتی: "ئەمە شانازییە بۆ ئێمە، کە خەڵکی سلێمانی بێت و باسی خانی بۆ ئێمە بکات، خۆزگە یەکێکی ئەوانیش دەهات باسی (گۆران)ی بۆ ئێمە دەکرد". وردە وردە دەتوانین درێژەی بدەینێ و بە نەفەسێکی درێژ لەگەڵیدا بدوێین، بەڵام لە بزووتنەوەی مێژوو بگەین، مێژوو کورد بەرەو یەکگرتن و دەوڵەت دەبات، تازە بەرەو لەناوچوونی نابات، ئێمە وەك لووڕەکە وتوویەتی: "بەکوردمان نازانن، نەخێر، بە کوردیان دەزانین و دەیانخەینە سەر سەرمان، بەڵام وردە وردە دەبێت لەهجەکەشیان بێتە ناوەوە. جا نموونە زۆرە لەسەری هیوام وایە لەمەودوا بە کۆمەڵێك گفتوگۆی چاك ئەوانە بەرینە سەرو هەر ئەم ئاسۆیەش لەکوێ هەبێت ئامادەین هەمووومان بچین و لەو باسە بدوێین، مادام هێناوینەتە ناوەوە".

ساڵی (١٩٧٣) سیمینارێکیان بۆ کتێبی قوتابخانە کرد لە شەقڵاوە، شەهید سامی عەبدولڕەحمان، وەزیری کاروباری باڵا بوو بۆ کتێبی قوتابخانە شتێکی کرد، مامۆستا ئیبراهیم باڵدار وتی: "کتێب بۆ پۆلێکی سەرەتایی دەبێت جیاواز بێت، کتێبی حەڵەب جیایە و کتێبی شام جیایە لە سوریا، من ئەوەم نەبیستبوو، هەرچەندە زۆریش لە سوریا ژیاوم، ئەو



جارە هەر لەشەقڵاوەوە بەرەو موسڵ و سوریا ڕۆیشتین، لەوێ من لێکۆڵینەوەم کرد وتیان: بەڵێ جیایە، بەڵام جیاوازییەکە مانای ئەوە نییە هی حەڵەب عەرەبی نییە و هی شام تەواوە، خۆ وشە گشتییەکان نییە، حەڵەب دەڵێت (سێوری، سێورینی بۆ پێشەوە)، بەڵام شام دەڵێن (دۆغلی، واتای ڕێك) هەردووکی وایە، بەڵام لەپڕ یەکێکیان دەڵێت: "شوباك و ئەوی تریان دەڵێت ناخیزە". هەردووکیشی عەرەبی ڕەوانە، ئەمەیان لە حەڵەب دەیزانن، لەوێ نایزانن، ئەم دەڵێت (قەساب) ئەم دەڵێت (لەحام) لەحامیش قەسابە لەوێ، سەیری ئەم جیاوازییە. ئەمە قەیناکە لە هی ئەواندا و لە هی ئێمەدا هەندێك جیاوازیی هەیە بەپێی ناوچە لە کتێبی یەکەمی سەرەتاییدا دەبێت، بەڵام هیچ قوتابییەکی سەرەتایی لەو عەرەبییە ڕەوانەی (خەلدونیە) ناگات، ئەگەر تێی نەگەیەنیت.

شتێکم نووسیوە تیایدا وتوومە، ئەو زمانی یەکگرتووە کە دەوڵەت دروستی دەکات و دەشی سەپێنێت، لەبەر ئەوەی دەوڵەت دەڵێت وابنووسن، بەڵام ئێمە دەتوانین وەك ڕووناکبیری کورد کە زۆرین و لە زۆر وڵات و ناوچەدا بوونمان هەیە، پڕۆژەیەکی ئەو زمانە وردە وردە دروست بکەین بۆ دەوڵەت.

# زمانی کوردیی لە دووڕیانی بەستانداردبوون و مانەوەی وەك خۆی

# زمانی کوردیی لە دووڕیانی بەستانداردبوون و مانەوەی وەك خۆی

## خوێندنەوەیەکی بەراوردکاریی بۆ زمانی ستاندارد

### عەلی سدیق

هەر نەتەوەیەك لە دونیادا خاوەنی زمان و رێسا و یاسایەکی تایبەت بە زمانەکەیەتی. هەندێك لە نەتەوەکان، بەتایبەت نەتەوە پێشکەوتووەکان خاوەنی زمانی ستانداردن و بەشێکیش لە نەتەوەکان کە یەکێك لەوانە نەتەوەی کوردە، تائێستا نەبووەتە خاوەنی زمانی ستاندارد.

زمان، وەك بنەمایەکی کەلتووریی و فەرهەنگیی هەر نەتەوەیەکە لە دنیادا و یەکڕیزیی نەتەوەییش پەیوەندیی راستەوخۆی بە بوونی زمانێکی تۆکمەوە هەیە، کە بەهۆیەوە لێکترازان روونادات و سەرەنجام دەوڵەتی



سەربەخۆ دوابەدوای بوونی زمانێکی سەربەخۆ دروست دەبێت، کە هەموو لایەك تێی بگات و بڕیار و یاسا و راسپاردەکانیشی پێدەربچێت.

زمانە نێودەوڵەتییەکان لە رێگەی نەتەوەی خاوەن زمانەکان پەرەی پێدراوە و دەوڵەمەند کراوە و پارێزراوە، ستانداردبوونیشیان بەپێی رێککەوتن، یان کتێبە ئایینییەکان و هەندێك جاریش دیالێکتی نووسەرێکی گەورە کە چووەتە ناخی میللەتەکەیەوە، دروست بووە.

جار هەیە ناوەندگەلێك هەن بەهۆی پێشکەوتنی شارستانی تیایاندا دەبن بە ناوەندی دروستبوونی زمانی ستاندارد، بۆ وێنە: لە ئیتاڵیا ناوەندی (تۆسکان) ئەو زمانەی (دانتی) پێی دەنووسی، لە فەڕەنسا (پاریس) کە دەروازەی بزووتنەوەی رۆشنگەریی بوو بۆ تەواوی ئەورووپا و نووسەرانی وەك (جان جاك رۆسۆ) رێبەرایەتییان دەکرد و لە ئیسپانیا ناوەندی (مانچا)، کە (دۆنکیشۆت) پێی دەنووسی و لە وڵاتانی عەرەبیش (قورئان) ئەو پەیامەی لە خوداوە بۆ پەیامبەرەکەی نێردرا، بوو بە بناغەیەکی رەسمیی بۆ زمانی عەرەبی.

لەناو کورددا وەنەبێت هیچ نەبووبێت، ناوەندێك لە سەردەمی نوێبوونەوە لەگەڵ میرنشینی باباندا، دروست بوو، کە شاعیرانی کورد (نالی و سالم و کوردی)، بەتایبەت نالی رێبەرایەتیان دەکرد و تا ئێستاش ئەو ناوەندە لە پێشکەوتندایە و لەڕووی فەرهەنگیی و کەلتوورییەوە لە هەموو شێوەزارەکانی دیکە دەوڵەمەندترە و توانیویەتی خزمەتێکی زۆر بە

زمانی کوردیی بکات و زیاتریش لە لەهجەکانی دیکە زمانی کوردیی لە فەوتان بپارێزێت.

هەڵبەت دیالێکتەکانی دیکەش خزمەتی بەرچاویان هەبووە، بەتایبەت کرمانجی ژووروو، کە ناکرێت لەبەرچاونەگیرێت، لەگەڵ ئەوەشدا نەیتوانیوە ئەرکە زمانەوانییەکانی راپەڕێنێت و نوێبوونەوە بە بەر زمانەکە بدات. زیاتریش ئەو کارانەی لە رێگەی ئەو دیالێکتەوە کراون، وەرگێڕانی ئەدەبیی لە شێوەی دەق (چیرۆك، پەخشان، رۆمان، شیعر) بووە، نەوەك داهێنان و نووسین، جا چ تێکستە ئەدەبییەکان بێت و چ بابەتی زانستیی، کە ئەمانە لە سۆرانیدا بەشێوەیەکی زۆر زۆر باش دەبینرێت.

ئەو زمانە ئەدەبییەی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم، رۆشنبیرانی کوردی تورکیا پێیان دەنووسی، نەیتوانی بەردەوامیی بەخۆی بدات و ئەگەر (مستەفا کەمال ئەتاتورك) لە کورد هەڵنەگەڕابایەوە، هەڵبەت بزاڤەکە بەردەوام دەبوو و گۆڕانکاریی زۆر دەهاتنە ئاراوە. ئەوکات دوو بزاڤی کوردیی هەبوون، یەکیان لە ئەستەنبوڵ، ئەویدیکە لە سلێمانی، پێش و پاش سەردەمی شێخ مەحموود. بە نەمانی ئەوەی ئەستەنبوڵ، سلێمانی چ لەڕووی مێژوویی، چ لەڕووی سیاسیی و فەرهەنگییەوە بووە پایتەختی زمان و فەرهەنگی کوردیی. دیارە ئەوەی تورکیا پاڵپشتێکی دەوڵەتیی نەبوو، هەر لە ئەستەنبوڵ و لە چوارچێوەی کۆمەڵە و چالاکیی ئەدەبیدا بوو، لەسەر زەمینەیەکی کوردستانیی نەبوو. لە بواری زمانیشدا، ئەو



دیالێکتەی چالاکتر بێت، بە پاڵپشتیی هۆکاری دیکەوە، گرەوەکە دەباتەوە. سلێمانی قەرەبووی بەشێکی گەورەی زیانەکانی لە زمانی کوردکەوتن کردەوە، دەنا ئێستا ئێمە خاوەنی ئەوەندەش نەدەبووین.

زمان مەرجێکی سەرەکییە بۆ بەرز راگرتنی کەلتوور و برەوپێدانی سەرخانی هەرنەتەوەیەك.

(٢١ی شوباتی ٢٠٠٩)، رێکخراوی یونسکۆ لە راپۆرتێکیدا نەخشەی ئەو زمانانەی بڵاوکردەوە کە مەترسی لەناوچوونیان لێدەکرێت، لەگەڵ ئەو زمانانەی لە رابردوودا لەناوچوون.

ئەو نەخشەیە دەریخست لە کۆی (٦٠٠٠) هەزار زمان لە جیهاندا، (٢٥٠٠) زمان لە ژێر مەترسیدان و (٢٠٠) زمان لەسێ دەیەی دوایدا لەناوچوون (٥٠٢) دانەش لە مەترسی زۆردان بۆ لەناوچوون.

(عیزەدین مستەفا رەسوڵ) پرۆفیسۆر لە بواری ئەدەب و زمانی کوردیی، لە بارەی لەناوچوونی زمانەکان پێی وایە: "زمان پلەی هەیە لە دروستبووندا و کاتێك کە گەیشتە پلەی خۆی، ئیتر لەناوناچێت. ئەو زمانانەی لەناوچوون زیاتر کۆنەکانن، زۆرتریشی زمان ئەوەیە کە پلەی هەیە لە دروستبووندا و کە گەیشتووەتە پلەیەك دەمێنێت یان جێگەی خۆی دەگرێت، یان وای لێ دێت کە لەناو نەچێت".

پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ، ئاماژە بەوە دەکات: "زمانی کوردیی گەیشتبووە پلەیەك کە ئیتر لە ناوناچێت. لەبەرئەوە بوو بە

مسوڵمانیش و زۆریش مسوڵمانە، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا زمانەکەی لەناو نەچوو، ئەوە هۆیەکە و دیاردەی تر هەیە لە زانستی زماندا. وەکو کە مێژوونووسی زمان (بارنی جۆرجی) دەڵێت: زۆرجار داگیرکەر زمانی داگیرکراوەکەی وەرگرتووە، واتە داگیرکەرەکە هاتووە ئەو زمانە پتەوەی نەبووە، بەڵام زمانی خەڵکە داگیرکراوەکە بەهێزتر بووە، ئەمەش لایەنی مێژوویی و بەرەو پێشچوونی زمانەکەیە. لایەنی ئەوەیە کە پلەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی ئەو میللەتە گەیشتووەتە کوێ. ئینجا یەکێك لەو هۆیانە ئەوەیە کە پلەی کۆمەڵایەتی لە پلەی کۆیلایەتی دەرچووبێت بەرەو کشتوکاڵ، دەبینین زمانەکە فراوانترە و زاراوەی زیاترە و خەڵکەکەش دەمێکە جێگیرە. هەروەها کۆنیی زمانەکە یەکێکە لەو هۆیانەی زمانی کوردیی، ئەگەر کۆنی نەبوایە و رەگی قووڵی نەبووایە، زمانی دەوروبەرەکە کە مسوڵمانیشن وەکو کورد لەناوی بردبوو، لە کاتێکدا کە ساڵەهای ساڵ بەپێی یاسا قەدەغە بووە و لە ماڵیشا بە کوردیی قسە بکەن، بەڵام هەر ماوە. نموونەشمان باکووری کوردستانە کە خەیاڵ ناکەی کوردی لەو جۆرە مابێت و ماویشە و شاعیر و نووسەر و نووسینیان هەیە. جا ئەوەیە کە هەندێك زمان ون دەبێت، کە وا دەزانن هێشتا زمانەکە پێنەگەیشتووە و نەگەیشتووەتە ئەو رادە پتەوییە و داگیرکردنیش لە لایەك، بەڵام باوەڕناکەم لە مێژووە کۆنەکاندا قەدەغەکردنی زمان هەبووبێت".



ئەگەر تێبینی ئەوە بکەین، تاچەندە مەترسی لەناوچوونی زمانی کوردیی هەیە، بە تایبەت لە ئاستی پلەبەندیی زمانە جیهانییەکان. پرۆفیسۆر (عیزەدین مستەفا) تیشك دەخاتە سەر ئەوەی ناتوانین زمانی کوردیی لە ئاستی زمانە رەسمییەکانی وڵاتەکاندا بەراورد بکەین، بەڵام دەڵێت: باوەڕ ناکەم مەترسی ئەوەی هەبێت کە زمانی کوردیی لە ناوبچێت، چونکە هۆی فیزیکیی هەیە، ئەوەیە کە بە چەندەها ملیۆن کورد هەیە بە کوردیی قسە دەکەن. لە باکووری کوردستان ماوەیەك ئەو مەترسییە هەبوو، هەر بۆیە لە ناو (١٥ بۆ ٢٠) ملیۆن کوردی باکوور تەنها پێنج ملیۆنیان بە رێکوپێکیی کوردیی دەزانن. هەرچەندە لایەنی رۆشنبیریی نەتەوایەتیی تەنها زمان نییە، لایەنی نەتەوایەتی ئەوەیە، کە خۆی بە کورد لەقەڵەم بدات، ئەگەر کوردێك کوردیش نەزانێت، بەڵام زمانی کوردیی بەشێك لە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیەتی. من لێرەدا دەمەوێت باسی مەسەلەیەکی زۆر جدیی بکەم، مەسەلەی جینۆسایدی زمان، کە پێی دەوترێت (لینگویساید)، واتە کوشتنی زمان، یەکەم جار بۆ کوردی باکوور بەکارهێنراوە، لە زانستەکانی زمانەوانییدا لە ئاستی یەکەمدایە. لە چەندین جێگا کە باسی لینگویساید کراوە، بۆ کوردستانی تورکیا بەکارهێنراوە.

کورد وەکو بەشێك لە کۆمەڵگای وڵاتانی ناوچەکە، لە رووی زمانەوە گرفتی جیاوازیی هەیە. جگە لە هەرێمی کوردستان، لە عێراق کە ئێستا

خاوەنی کیانێکی سیاسیی تایبەتە و زمانیش لەوێ لە حاڵی گەشەکردندایە، بەڵام بارودۆخی زمانی کوردیی لە شوێنەکانی دیکە وەها نییە.

لە تورکیا کاتی خۆی نەك هەر تەنها زمانی کوردیی ئازاد نەبوو، بەڵکو وتنی هەر وشەیەکی کوردیش غەرامەی هەبوو. هەرچەندە کە ئێستا تەلەفزیۆنێکی رەسمیی کوردیی لە تورکیا پەخش دەکات، بەڵام هێشتا چەندین ئاستەنگی یاسایی لەبەردەم زمانی کوردیدا لە وڵاتەدا هەن و لە ئێرانیش حکومەتی تاران یاسای ژمارە (١٥)ی دەستووری وڵاتەکەی جێبەجێ ناکات، کە مافی فێربوونی زمانی دایك بۆ کەمینەکانی ئەو وڵاتە دابین دەکات. لە سوریاش کێشەی هاوشێوەی ئەوانە هەن و زیاتریش.

ئەگەرچی هەستی نەتەوایەتی لای کوردانی هەموو پارچەکان و دیاسپۆراش گەلێ بەهێز بوو، لەگەڵ هەموو ئەو ئاستەنگانەش، زمانی کوردییان لە فەوتان رزگارکردووە و هەریەکە و لای خۆیەوە پارێزەری بەها کەلتووریی و نەتەوایەتییەکانی بووە، بێ ئەوەی ستراتیژێکی رێکخراو هەبێت و بە پلانی ئەکادیمیا و سەنتەر و رێکخراوەکان بەرنامەرێژکرابێت بۆ کۆسپ و تەگەرەکانی بەردەم زمانی کوردیی و فەوتانی زمانەکە. هەڵبەتە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ هەستی ناسیۆنالیستی نەتەوەیی بەرامبەر زمانەکەی و ناکرێت ئەوە پەراوێز بخرێت، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە،



گەشەکردنی زمانی لەناو کوردانی پارچەکانی دیکەوە زۆر دواکەوتووە و ئەمرۆ پێویست دەکات ئەکادیمیای کوردیی و دەسەڵاتی سیاسیی کورد، بەتایبەت ئەوەی خۆی بە بەرپرسیار دەزانێت لە پاراستنی بەها نەتەوەیی و کەلتوورییەکان، کارێك بکات بۆ ئەوەی زمانێکی یەکگرتوو دروست ببێت و بە بەرنامەی تۆکمە، سوود بە هەموو کوردێك بگەیەنێت.

پسپۆڕانی زمانی کوردیی بۆچوونی جیاجیایان هەیە لەسەر دروستبوونی زمانێکی یەکگرتوو بۆ کورد. هەندێك پێیان وایە ئەو کارە ناکرێت پەلەی لێ بکرێت و پێویستە لەسەری بوەستێن و بەشێنەیی خۆی دروست دەبێت، ئەو بۆچوونە زیاتر ئەوانە جەختی لەسەر دەکەنەوە کە هەست بە مەترسییەك دەکەن لەنێوان پەرتەوازە بوون و دابڕانی زارەکان و دروستبوونی حەساسییەتێکی ناوچەگەریی و دابڕانی دیالێکتەکانی، هەموو ئەو پسپۆڕانەش لە سەرەنجامی لێکۆڵینەوەی وردەوە ئەوەیان لا گەڵاڵە بووە.

هەندێکی دیکە، پێچەوانەوەی ئەو بۆچوونەن و پێیان وایە: پێویستییەکی هەنووکەییە ئەو کێشەیە یەکلایی ببێتەوە، ئەگەر درەنگیش نەکەوتبێت، بەشی زۆری ئەو شارەزایانەی بواری زمانیش زیاتر داواکارن لەهجەی (سلێمانی) ناوەڕاست بکرێت بە ستاندارد و بە بڕیاری سیاسیی بێت یان بە هەر شێوەیەکی دیکە بسەپێنرێت. ئەو بەشەی شارەزایانی بواری زمانی کوردیی، هۆکاری ئەو پێداگرییەیان لەوەوە لا

دروست بووە، کە ئەو لەهجەیە ساڵانێکی زۆرە خزمەت بە زمانەکە دەکات و کارێکی زۆری زمانەوانیی کردووە و کەلتووری کوردیی بەرە و دەوڵەمەندیی بردووە، سەرەنجام زمانی کوردیی لە فەوتان رزگار کردووە. لەکاتێکدا بەشی زۆری کرمانجی ژووروو دژ بەو رایەن و پێیان وایە، کرمانجی ژووروو زووتر نووسینی پێکراوە لە سەردەستی (خانی و جەزیری)، بۆیە پێویستە ئەوانە بکرێن بە قوتابخانەی سەرەکیی بەر لە (نالی و سالم و کوردی).

بەشێك لە زمانەوانان رایان وایە، دوو ستاندارد لە زمانی کوردیی بەکاربهێنرێت، پرۆفیسۆر (ئەمیری حەسەن پوور) زیاتر جەخت لەوە دەکات زمانی کوردیی لە بنچینەدا جووت ستانداردە و پێویست ناکات ئەو گرژییەی لەهجەکان دروست بکرێت، ئەو ناوی ناوە (کرمانجی باکوور و کرمانجی باشوور)، کە هەریەکەیان بە خاوەن ستانداردێك دەزانێت، زێی بادینانیشی کردووە بە سنووری هەردوو لەهجە ستانداردەکە. وەك وڵاتانی سوید کە دوو زمانی ستانداردی هەیە، یان کەنەدا کە دوو زمانی فەرمیی (فەرەنسی و ئینگلیزیی) تێدا بەکاردێت و ئەزموونی ئەو وڵاتانە لە فرە زمانییەوە سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، بۆیە باشترە کە دوو زمانی ستاندارد لە ناو کوردیشدا هەبێت.

گرفتێکی دیکەش دێتە رێی ئەو جووت ستانداردە، ئەویش کێشەی رێنووسە، کە یەکێکیان رێنووسی عەرەبییە و ئەوەی دیکەیان لاتینیی،



تەنیا ناوچەی بادینان لە کوردستانی عێراق نەبێت، کە سەر بە کرمانجی باکوورە و رێنووسی کرمانجی باشوورە. هەروەها نابێت ئەوە لەبیر بکەین، کە وڵاتانی وەك (کەنەدا، سوید) دوو ستانداردی دوو زمانی رەسمیی جیهانی بەکاردەهێنن، کە هەردوو زمانەکە خاوەن نەتەوەیەکی سەربەخۆی دەوڵەمەند لە بواری فەرهەنگ و کەلتوور و ئەدەبیاتەوەن، کە خاوەنی دوو شارستانییەتی جیاوازیشن، وەك ئینگلیزیی و فەرەنسی، بەڵام دوو ستانداردی بۆ کورد، لەسەر حسابی یەك نەتەوە و یەك زمان و یەك شارستانییەت و یەك کەلتوور و فەرهەنگی هاوبەشە، کە دواجار هەموو ئەمانە دەبن بە دوو، کاتێك ستانداردەکە دەکرێت بە دوو ستاندارد.

دکتۆر (قەیس کاکل) ئەوە بە مەترسی دەزانێت و لە کتێبەکەی (ئاسایشی نەتەوەیی و زمان) باس لەوە دەکات، ئەو وڵاتانەی دوو ستانداردیان هەیە، ئەوە لە بنچینەدا دوو زمانە، زمانەکانیش خاوەنی دوو کەلتوور و شارستانییەتی جیان، کە لە یەك وڵات دەژین وەك فەرەنسی و ئینگلیزیی، یان ئیسپانی و ئینگلیزیی، بەڵام بۆ کورد کە یەك نەتەوە و یەك زمانە و کەلتوورێکی هاوبەشی هەیە، بوونی بەدوو ستاندارد وای لێ دێت سەرەنجام کەلتوورەکەشی دابەش دەبێت و لە کۆتاییدا وەك دوو نەتەوەی خزمی لێ دێت، بە نموونەی کورد و فارس کە دوو نەتەوەی خزمن.

خاڵێکی دیکەی گرنگ کە ئێستا ئەویش بۆ کورد وەك سیستمی پەروەردە و خوێندن و نووسینی کتێب و میدیا گرنگی هەیە، مەسەلەی (ئینتەرنێت)ە.

ئەگەر بڕوانین ئێستا زمانی کوردیی لەپاڵ زمانە رەسمییەکانی جیهان لە ماڵپەڕەکان، بەتایبەت گەورە ماڵپەڕی "www.google.com"هەیەو کاری پێ دەکرێت، بەڵام لە تەنیشت ئەوەشدا شێوەزاری زازاکی کە بەشێکە لە زمانی کوردیی، لەو ماڵپەڕە لە زمانی کوردیی جیاکراوەتەوە و لە تەنیشت زمانە زیندووەکانی جیهان ناوی هاتووە، نەك دیالێکت، کە ئەم جیاکردنەوەیە رەنگە لە ئایندەدا مەترسییەکی دیکە بێت بۆ لەتبوونی زمان و جیابوونەوەی بەشێکی زۆری کوردی تورکیا.

ئەگەر سەیرێکی سایتە کوردییەکانی تورکیا بکەین، جیا لەوەی رێنووسەکان بە لاتینین، بەڵام لەوێ هەست بە دوورکەوتنەوەیەکی ئێجگار زۆری دیالێکتەکانی زمانی کوردیی لەیەکتر، دەکرێت، هەست بەوە دەکەین کە دیالێکتەکانی زمانی کوردیی، بە تایبەت کوردی تورکیا، جۆرێك لە سەربەخۆیی وەرگرتووە و لە (زمانی کوردیی- کوردستانی عێراق) بە تەواویی جیابووەتەوە، هەم لە رێنووس و هەمیش لە شێوازی وتن، هەڵبەتە نابێت ئەوە لەبیر بکەین، کە دوورکەوتنەوە بە ئاراستەی پێشکەوتن نا، بەڵکو بە ئاراستەی جێمان، چونکە ئەگەر بڕوانین تێکستو



نووسینەکان پڕن لە وشەی هەڵە و وەرگێڕاو لە زمانەکانی دیکەی وەك (تورکی، عەرەبی، ئینگلیزی)، کە لە قاڵبی خۆیان دانراونەتەوە، لە کاتێکدا بۆ زۆر لەو وشانە وشەی کوردیی رەسەن هەیە و دەکرێت ئەوان بەکاربهێنرێت.

لەم ساڵانەی دواییدا، لە کوردستانی عێراق، بە تایبەت دوای ئەوەی شەپۆلی بەجیهانیبوون و پێشکەوتن و دنیای پیشەسازیی و مۆدێرنە رووی تێکرد، کۆمەڵێك ئامرازی نوێ هاتنە ناو زمانەکە، بێ ئەوەی کورد هیچ وشەیەکی بۆ ئەوانە هەبێت، لەکاتێکدا تاکەکانی بەکاریان دەهێنا، دەکرا وشە جیهانییەکان بۆ هەریەك لەوانە بەکاربهێنرێت، هەر وەك ئەوەی ئێستا ژمارەیەکی زۆر لەو ئامێرانە هەر بە ناوی وشە جیهانییەکانەوە ماونەتەوە، وەك (کۆمپیوتەر)، بەڵام لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە هەندێك جار ئەو وشانە گۆڕانیان بەسەردا دێت، بۆ نموونە وشەی (کۆمپیوتەر) هەندێك جار بە (کۆمپیتەر) دەنووسرێت، یان (تەکنەلۆژیا - تەکنەلۆجیا).

هەروەها بۆ هەندێك وشەی جیهانیی وشەی کوردیی دانراوە، کە زۆرکەم بەکاردەهێنرێت و دواجاریش پێشبینی مردنی ئەو وشانە دەکرێت، وەك (سایت = ماڵپەڕ).

## زنجیرەی چاپکراوەکانی ساڵی (٢٠١١)ی
## بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

| ژ | ناوی کتێب | ناوی نووسەر | بابەت | زنجیرە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | دەروازەیەک بۆ تەکنەلۆژیای نانۆ | محەمەد ساڵح فەرەج دوکانی | زانستیی | ٧٧١ |
| ٢ | سروود و گۆرانیی نیشتیمانیی و بەرەنگاریی کوردی لە کرمانجی خواروودا ١٩٣٥-١٩٩١) | عەبدولواحید ئیدریس شەریف | لێکۆڵینەوە | ٧٧٢ |
| ٣ | سێبەری تلیاک | لوقمان سیوەیلی | لێکۆڵینەوە | ٧٧٣ |
| ٤ | مانشێت لە ڕۆژنامەوانیی کوردی و کاریگەرییەکانی (حیزبی و ئەهلی) | محەمەد مێرگەسۆری | لێکۆڵینەوە | ٧٧٤ |
| ٥ | کەرەستەی گەندەڵیی | ڕەسوڵ بۆسکێنی | لێکۆڵینەوە | ٧٧٥ |
| ٦ | پاراستنی دەم و ددان | د. هەڵگورد ساڵح | تەندروستیی | ٧٧٦ |
| ٧ | وێنەیەکی دەگمەنی فرانز کافکا | و. ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل | چیرۆک | ٧٧٧ |
| ٨ | باڵندەکانی شەو | ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی | چیرۆک | ٧٧٨ |
| ٩ | منارەی ئاوەدانیی | کاروان کاکەسوور | چیرۆک | ٧٧٩ |
| ١٠ | هونەر و فیگەرە جوانەکانی خەون | ناڵە حەسەن | لێکۆڵینەوە | ٧٨٠ |
| ١١ | بیبلۆگرافیای گۆڤاری هەنار | مارف ناسراو | بیبلۆگرافیا | ٧٨١ |



| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٢ | چەند نووسینێکی ئەکادیمی کۆمەڵناسیی لەسەر هەوییەی کورد | سیاوەش گۆدەرزی | لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسیی | ٧٨٢ |
| ١٣ | مێژووی گریان | سەلاح حەسەن پاڵەوان | لێکۆڵینەوە | ٧٨٣ |
| ١٤ | ڕوانین لە دەق | د. تاهیر محەمەد عەلی<br>د. قومری سەعید عەزیز | لێکۆڵینەوە | ٧٨٤ |
| ١٥ | عاشقێک گۆرانی دەڵێت | لەتیف فاتیح فەرەج | شیعر | ٧٨٥ |
| ١٦ | درامایەک لە پارکێکدا | و. عەبدوڵڵا قادر (دانساز) | چیرۆک | ٧٩١ |
| ١٧ | پەیکەرێک لە تۆزی دەباشیر | جەبار جەمال غەریب | ڕۆمان | ٧٨٧ |
| ١٨ | شلۆمۆکوردە و من و ڕۆژگار | و. جەلیل کاکەوەیس | ڕۆمان | ٧٨٨ |
| ١٩ | دەروازەکە | و. عەلی حسێنی | شیعر | ٧٨٦ |
| ٢٠ | گفتوگۆ | و. شۆڕش محەمەد | دیدار | ٧٩٠ |
| ٢١ | کێشەی زمانی ستانداردی کوردی | عەلی سدیق | دیدار | ٧٨٩ |